# ژیلەمۆ

## ئاورێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

عەزیز وەلیانی

پێشکەش :

بە گیانی پاکی هەموو بەیتبێژانی

کوردستان

# پێرست

**بابەت** **لاپەڕە**


لەباتی پێشەکی ........................................ ٤
پلە و بایخی فۆلکلۆری کوردی ........................................ ٨
کورتە باسێک لە سەر تایبەتمەندییەکانی: بەیت ـ بەند ـ حەیران ......... ١٦
بەیت ........................................ ٢٠
بەند ........................................ ٢٧
بەند و حەیران لە ئاوێنەی رومانتیسمدا ........................................ ٤٠
حەیران ........................................ ٤٩
گووران و هەڵدانی بەیت لە رەوتی مێژوودا ........................................ ٦١
سەردەمی گوورانی بەیت ........................................ ٦١
وشەیەکی مێژوویی ........................................ ٧٣
سەردەمی پەرەسەندنی بەیت ........................................ ٧٧
بەشی یەکەم ........................................ ٧٩
بەشی دووهەم ........................................ ٨٩
بەیت و رەگەی ئەفسانە ........................................ ١٠٣
چەشنێک زمانی سەمبولیک دەناخی بەیتەکاندا ........................................ ١١٦
رەنگدانەوەی کەسایەتی ژن دە بەیتدا ........................................ ١٢٦
رەنگدانەوەی بیر و هزری بەیتبێژ دەناخی بەیتەکاندا ........................................ ١٥٢
بەیتی سەیدەوان لە روانگەی ئوستوورەوە ........................................ ١٦٧
پەراوێز ........................................ ١٧٩
سەرچاوەکان ........................................ ١٨٦
فەرهەنگۆک ........................................ ١٩١

# لەباتی پێشەکی

به دوای هەڵدان و پەرەسەندنی ویژە و ئەدەب لە ئاستی جیهانیدا، لە درێژەی سەردەمی ژیانەوە (ڕۆنێسانس) هەڵسەنگاندن و ئاوڕدانەوە لە کەلەپووری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات وەک ئاڵقەیەک لە زنجیرەی ئەدەبی، کەوتە بەر سەرنجی ئەدەبدۆستان.

بەیت و باویش وەک بنەمای سەرەکی فۆلکلۆری کوردی لە روانگەی ڕۆژهەڵاتناسان، جێیەکی دیاریکراوی بۆ تەرخان کرا کە ئەم شێوازە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەوتێکی خێرای بە خۆوە گرت کە ئاکامی دڵسۆزی ئەوان و نەسرەوتنی بێوچانی مریدانی بارەگای فۆلکلۆر لە ناوخۆ، بوو بە هۆی تروسکانەوەی سوچێک لە گەنجی سەربەمۆر و مشتێ لە دوڕ و خشڵ و زەمبەری کەموێنە کە لە گوێن ئەستێرەی پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی جیهاندا درەوشانەوە.[1]

تا ئێستا دەقی زۆربەی بەیتەکان تەنیا چاپ و بڵاوکراونەوە و جگە لە چەند وتاری زۆر بەنرخ لەسەر «مەم و زین»[2]ی خانی نەمر و بەیتی سەیدەوان[3]، کارێکی بەرچاو لە مەڕ تویژینەوەی ئەوانی تر نەکراوە.

کە وا بوو لەم نوسراوەدا وەک کارێکی تا ڕادەیەک نوێ، هەوڵم

داوە دیمەنێکی گشتی (نەک ورد بوونەوەی تایبەتی) لە بەند و بەیتەکان بخەمە ڕوو بەڵکو ببێتە ڕۆچنەیەک بەرەو خەزێنەی فۆلکلۆر تا زانایان و کارناسان، بە ئاگاداری لە ئەدەبی ڕابردوو بتوانن گەڵاڵەیەکی نوێ بۆ پاشەڕۆژ دابڕێژن.

خوێنەری هێژا!

فۆلکلۆر وەک یادگاری سەدەکانی تاریکی سەردەمان، وەک بنەمای ئەدەب و فەرهەنگی میللی گەلان، وەک درێژە و پاشماوەی مەنتیقی جیهانی ئوستوورە، میراتی تەواوی مرۆڤایەتییە، کە شوێن ورەنگ دانەوەی ئەو لە ئاسەوارە ئەدەبییەکانی پێشکەوتووی سەدەی ئێستا، بۆتە ڕەمزی مانەوە و سەرکەوتنیان.

دیارە کەڵک وەرگرتن لە بەرهەم و دەسکەوتەکانی ئەم کەلەپوورە مافی ڕەوای هەر ئەندامێکی کۆمەڵە کە لەم ڕێبازەدا بەرپرسایەتی توێژی پێشڕەوی کۆمەڵ یانی ڕووناکبیرانی ئەرک وەخۆگر لە پێناو شیکردنەوە و پوختەکردنی کاکڵی دەسکەوتەکانی ئەم میراتە، پلە و بایخی تایبەتی هەیە. منیش تەنیا چاوەڕوانیم لە ڕەشکردنەوەی ئەم لاپەڕانە ئەوەیە کە خۆزگە لە گوێن شیبایەکی نەرم و نیا، ببێتە هۆی گەشانەوەی ئاگری دامرکاوی پێشینیان. بەڵکوو تۆزی نەمان و لەبیربردنەوەیان لەسەر ڕامالێ تا سەرلەنوێ بە بیر و ئەندێشی نوێ تێیان فکرین و لێیان وردبینەوە، ئینجا بە پاڵپشتی دەیان بۆچوون و تێئۆری نوێخوازی، گیانی تازە ببەخشین بە قاپی لەمێژینەیان تا بەرەی نەسرەوتووی ئەوڕۆیی لێیان بێزراو نەبن و نامۆیی لێ نەکەن.

بەم پێیە بۆ گەیشتن و پێکانی مەبەست بە گوێرەی شێوازی نوێ روانینی مێژوویی (نو تاریخی گری) پێویستە گشت بەرهەمێکی ئەدەبی فۆلکلۆر، لە بەستێنی مێژوویی‌دا هەلسەنگێنین، چون هەتا مێژووی ئەدەبی فۆلکلۆر، خوڵقان و پەرەگرتنی بەرهەمێکمان باشتر بۆ روون بێتەوە زانیاری و تێگەیشتنمان لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە زێدەتر دەبێ، تەنیا بەم مەرجە هەل و دەرفەتێکی ئەوتۆ دەرەخسێ کە لە روانگەی رەخنەی ئەدەبی و شێوازەکانی نوێی ئەوڕۆیی بتوانین ڕەهەندێک لێبدەین لە نێوان ڕابردووی پڕ لە ڕەمز و نماد و سەردەمی ئێستا. بەم دێڕانە هیچ دەبەردا نیم کە ئاڵای دوێنێ لەسەر تروپکی ئەوڕۆ شەکاوە راگرم و لە رەوتی بەرەو پێشی نوێ چاو بنووقێنم. هەر وەک ناشمهەوێ روو لەم گەنجە سەربەمۆرە وەرگێڕم یان بەردی تێگرم، بەڵکوو مەبەست تۆسقاڵێ ڕێخۆشکردنە بۆ وەڕووهێنانی پلە و بایخی ئەم میراتە بە پێوەری ئەوڕۆیی و ...

بۆچوونی باسکراو تایبەتە بە تێڕوانینی دەسنیشانکراو (مێژوویی ـ ئەدەبی) لەمەڕ توێژینەوەی بەیت. بۆ وێنە هەڵسەنگاندنی بەیت لە ڕوانگەی جوانکاری هونەری و هەروەها شیکردنەوەی پێکهاتەی بەیت، پێویستی بە شێوازێکی ئەوتۆ نییە.

بەهەرحاڵ ئەوەی پێشکەش دەکرێ تەنیا بەرکۆڵێکە لە خەرمانی پڕپیتی میراتی نەتەوەیی. بە بێ رووبینی دەیدرکێنم کە نووسراوەی حازر تا بڵێی کەم و کووڕی زۆرە و منیش ئەرکی خۆم سەبارەت بە شوێنەواری بەیتبێژان وەک پێویستە بە جێ نەگەیاندووە.

هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەم راستییە کە: نوسخەی جۆرواجۆری هیچکام لە بەیتەکانم بەتەواوی دەست نەکەوت. بۆ وێنە لە ١٤ نوسخەی بەیتی خەج وسیامند تەنیا ٢ نوسخە و، ١٨ نوسخەی ئازیزە تەنیا چاوم بە ٢ نوسخە روون بۆوە. هەڵبەت ئەم دێرانە بە هیچ کلۆجێ نابنە حاشارگەی هەڵەکانم، چون هۆی سەرەکی لەم خاڵەدایە کە: نانی یەکەم بەری تەندوور بریشتە و بە برژە نیە، گەرمەتەندوورە و سووتەرۆکی هەیە.

*

ـ لە دوایی بە دڵ سپاسی ئەندامانی بەڕێزی شووڕای شاری مەهاباد و ناوەندی بڵاو کردنەوەی هیوا دەکەم کە بەشێک لە ئەرکی ماڵی چاپی ئەم کتێبەیان وەئەستۆ گرت.

ـ سپاسی کاک سەلاح پایانیانی دەکەم کە فەرهەنگۆکی بۆ ساز کرد و لە بەشی حەیراندا زۆری یارمەتی دام.

ـ سپاس لە بەڕێز کاک تاهیر کەریمی کە ئەرکی پێداچوونەوەی وەئەستۆ گرت و گەلێ هەڵە و پەڵەی تایپی بۆ راست کردمەوە.

عەزیز وەلیانی

# پلە و بایخی فۆلکلۆری کوردی

رابردوو دیلی نووکی خامەیە ژێر فەرمانی کاتی «ئێستا». کە خامە هاتە سەر پەڕاو، تێل وتان، کۆت و زەولآن توورِ هەڵدەدا و گرێی بوخچەی دڵی دەترازێ . دەردەبرِێ، دەدرکێنێ، رازی برز بوو.

دەجا بە یەکەوە هەست راگرین، سەرنجێک، دەلاقەی گاڵەدراوی مێژوو دەبزوێ و ئاوەڵا دەبێ، هەر دمە و ساتێ دیمەنێ دێنێتە ڕوو:

دەمێک شەڕ و شەڕناخێوی، تالآن وبرِۆی هۆبە و دەوار، بڵێسەی ئاگری لیژە و خەلە و خرمان، گۆوەند و رەشبەڵەک، چاوبرِکێنی و دەستەملان، بەیەک گەیشتن و یەکبوون. شینگا و شین و شەپۆڕ، لێکبرِان و سەرنانەوە.

دەمێکیش لە شەوزەنگی سەردەمان، زرووقایی چەند جووتە چاو خوودارمان دەکەن، لێمان ورِ دەمێنن، بە ئیما تکا دەکەن جووتە چاوی خوێن تێچزاو و تۆڵە هەستێنی گەرِناس و میرخاسان. چاوی خەو لێزرِاو و چاوەنوارِی گراوی بۆ

چووکەڵەسوار، چاوی پڕ تاسەی وەرزێر لە روانینی حەقەپەڵە، تەنانەت چاوی چاوچنۆکانی چەپەڵ.

چیان لێمان دەوێ؟ ویست و دڵخوازیان بڵێی چبن؟ چبکەین چاوی هومێدیان نەنووقێنن؟ بەڵێ! رەوینەوەی تەم و مژی فەرامۆشی، هەست کردنی دەرد و ئازار و مەینەتیان، بیستن و گوێ رایەڵی بۆئاهەنگی ژین و ژیانەوەی دووبارە، تووڕە و بێزارن، لەنەمان حەز دەکەن، لانی کەم لە پەراوێزی لاپەڕەکانی مێژوودا هەمووکات و ساتێ ژیان بەرنە سەر.

ئەمە راستەقینەیەکی سەلمێندراوە کە: کاتێک دەتوانین کاروانی وێژە و ئەدەبمان هان بدەین هەتا رژد و هەوراز و نشێو و کەند و گەوە ببڕێ و لە لووتکەی بەرزی ئامانج سەرکەوێ کە جانتای دارماڵ بن لە دوڕ و گەوهەری نەتەوەیی. لە سەردەمی ئێستادا کە بە پاڵپشتی زانست و تێکنۆلۆژی باندەست، شەپۆلی پێوەندی گرتن، هەموو جیهانی تەنیوەتەوە، تەنانەت ئەمڕۆ بە دنیای پێوەندییەکان نێودێر کراوە، ئەگەر وێژە و ئەدەب وەک لقێکی فەرهەنگی مەعنەوی کۆمەڵ، لە چەشنی کاروانێک، خۆی هاوڕێکی ئەم شێوازە نەکا، شکی تێدا نییە کە لە چۆلەڕێ دەوەستێ و چیدی بڕ ناکا.

پێویستە گوێ بدەینە زایەڵەی کاروانی ئەدەبی پێشکەوتووی جیهان، بەڵام ئەم راستییە ئەوە ناگەیەنێ کە بێ ئەوەی خۆمان ناسیبێ، بێ ئەوەی ماڵ و حاڵمان بەسەر کردبێتەوە، خەرارە و جانتامان هەڵتەکاندبێ، سەر لە دەرک و بانی دراوسێ و هەندەران دەربێنین و چاولێکەری یاسا و نەریتی ئەوان بین.

خەڵەف و نەمامی دارە بووزی دەم کێل و مەزار ئەو کاتە لە هەڵدان و گەشەدایە و چرۆی دەگووڕێ و لق و چڵ و پرژ و باڵ بڵاو دەکاتەوە و دەبێتە سێبەری پشوودان کە بنەما و ریشەی نەک دە لیمی بەستێنی دەریا بەڵکوو دە گڵەسووردا بێ تا لە بەر تەوژمی رەشەبا و لەنگێزە و گەردەلوول نەلەرزێ و نەچەمێ.

داخەکەم سەردەمێکە ئەم رێبازە لە شوێنەواری هەندێ لە رێڕەوانی ئەدەبی کوردیدا رەنگ دەداتەوە، یانی لەو پەڕی راستی و دڵپەرۆشی بۆ پێشکەوتنی ئەدەب، تووشی چەشنێک خۆ لە بیربردنەوەیان «**ئیلیناسیون**»ی ئەدەبی بوون. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی سەرقافڵە و ئاڵاهەڵگرانی وێژە و ئەدەبی جیهان بەئاوی چەمی خوڕێنی مەڵبەندی خۆیان فرچکیان گرتووە، لە بارەگای فۆلکلۆر خاکینە و ئەمەگناس توێشووی رێیان وەرگرتووە.

**گابرییل گارسیا مارکێز** وەرگری خەڵاتی ئەدەبی نوبێل (١٩٨٢) کە بۆتە سەمبول و خاوەنی سەبک و شێوازی تایبەتی ئەدەبی، هەموو شاکارە ئەدەبییەکانی وەک: سەد ساڵ تەنیایی بوونەتە ئاوێنەی باڵانوێنی لایەنەکانی ژیانی نەتەوەی کۆلۆمبیا. لە پرسە و کۆڕی ماتەم، شینیان لەگەڵ دەگێڕێ، جواناوی جوانەمەرگان دەسڕێتەوە، لە شادی و هەڵپەرکێ، مۆسیقای سەرکەوتنیان بۆ دەژەنێ و لاوکەیان لەبەر دەگێڕێتەوە. **یاشار کەماڵ** بەو پەڕی شارەزاییەوە، تەپ و تۆز و قوڕ و لیتەی کوچە و کۆڵانی گوندی چەکۆرئاوا، گەڕەلاوژەی لاوکۆڵە و

کێـژۆڵان، فرپێـک دادانــی قەیرەکچــان، شمشــاڵی شــوان و بــالۆرەی جووتێر، بە کورتی فۆلکلۆری کردۆتە ئامیانی نووسراوەکانی. هەروەک خۆی دەڵێ: لە شازدە ساڵیدا بە گیرفانی پڕ لە کاغەزەوە دەچوومە نێو ژنانی دێ و گۆرانییە بەشکۆکانی ئەوانم کۆ دەکردەوە.

یـان **لۆرکـای** ئیسپانیا کـە بـالۆرە و بەیـت و بـاوی قەرەچەکـانی کردۆتە شیرەی گیانی شێعرە نەمرەکانی.

کاتێـک بـۆ پشـوودان گـوێ دەدێرینـە شـێعرەکانی **سیدراسینگۆری** ئەفریقایی، دمبە و ڕمبەی تەپڵـی ڕەشپێستەکانی نـاو دارستـانی چڕ و تاریکمان دێنێتە گوێ. وشـەی ڕەسـەنی وەک زریـوە لە ڕەشـایی شـەوی ئەفریقادا دەدرەوشێن.

بەڵــێ! تــا خۆمــان نەناســین، هەتــا لــە پێناســەی خۆمــان ورد نەبینەوە، گەلێک ناچیزەیە تەنیا سوور بین لـە دەمەلاسکەی دیتـران و بەس.

تــــۆرەی ئێســــتای وێــــژە و ئەدەبــــی پێشــــکەوتووی جیهــــان، سەلماندوویەتی کە: لە ڕێبازی پڕ هەڵسوکەوتی ناسین و تـوێژینەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەک، ئەدەبـی فۆلکلـۆر وەک ناسنامەی ئەم نەتەوە دەورێکـی کـاریگەری هەیە لەبەجـێگەیانـدنی ئەم مەبەستەدا.

## دەڵێن: قەدری زێڕ لە لای زێڕینگەرە

ڕاستی! خەزێنەی ئەدەبی فۆلکلۆری کـوردی دەبـێ خـاوەنی چ دوڕ و ئەڵماس و جەواهیراتێک بێ کە لـە سـەدەی نـۆزدەهەمەوە بـێ بـڕانەوە،

پـۆلی رووژهەڵاتناسـان لـە هەنـدەرانی دووره دەسـت، یـان پێیـان لەم مەڵبەندە نەبڕیوە، یان بەردەوام بوون لە لێکدانەوەی فۆلکلۆریک؟.

یابا (Jabu) سۆسین (Socin) و پریم (Prym) لە دەیەکانی ئاخری سـەدەی نـۆزدەهەم، ماکـای (Makas)، مـاڕ (Mar)، نیکیتـین و ئۆسکارمان سەرەتای سەدەی بیستەم.

ئەمـان و زۆر کەسـی تـر وەک زێـڕینگەری چـازان لەم باسـە وردبـوونەوە، تێـی فکریـون، خەزێـم و هەیاسـە و گۆبەرۆکیـان وەکـۆ کردووە، کە گەڕاونەوە بۆ وڵات جاڕیـان کێشـاوە: خەڵکێنە! کوردسـتان پـڕە لـە زێـڕ و جەواهێـر، خاکیـان گەوهەرە و ئاویـان کەوسـەرە، بەڵام خۆیان هێشتا بە باشی نەیانناسیوە!

ئەوان «**عەلی بەردەشانی**»[٤]یان هەیە کە هەر وشە و بەیتێکی زێـڕی سووره، «**رەحمان بەکر**»یان هەیـە کـە بـە کەرەسـەی بەیـت شـوورەی قەڵای باپیرانی دادەڕێژێ. بەڵێ! بایخی تـۆێژینەوەی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کوردی، بە تـایبەت بەشـی بەیـت و بـاو تـا ئەو رادەیـە گرینگـە کـە زۆر لەمە پێشتر **ویلچفسکی**[٣] زاراوەی هەڵـدانی لـە رادەبەدەری بـۆ دیـاری کـردووە. هەروەهـا بلیمەتـی هەڵکەوتـووی ئەدەبـی کـوردی، **عیـزەدین مستەفا رەسول** رای وایـە: «کۆمەڵێ زانسـت ئێسـتا لـە سـەر فۆلکلـۆر ئەژی»[٤].

هەرچەنـد لەم بـوارەدا، رۆژهەڵاتناسـان بـە تـایبەتی ئۆسـکارمانی ئەلمانی حەقێکی زۆریـانی بەسـەرمانەوە هەیـە و هەر خـاوەن هەسـت و ئەدەبدۆستێک بەرمنەتیانە و چاکەی ئەوان لە بیر ناکەن. بەڵام پرسیار

بکەین، ئەی خۆمان چیمان کردوە؟ ئەهلی قەڵەم چبەرپرسییەکی لە حاست ئەم کەلەپوورە نەتەوایەتییە وە ئەستۆ گرتووە؟

هەر بۆیە ئەم شێعرەی باباتاهیر لە هەموو چیاو لاپاڵ و شێوی ئەم وڵاتە دەنگ دەداتەوە :

## کەی رەوایە لە بارگاهی ئیلاهی

## گوڵ لە ئێمە و کەسێ تر بگرێ

بەیت، چیرۆک، ئەفسانە وەک بابەتی یەکەمین قۆناغی ئەدەبی کوردی، دارماڵن لە وشەی پاروا و رەسەن، بە واتایەکی تر رێگای هەیە ئەم قۆناغە بە سەرچاوەی فەرهەنگی زمان نێودێر بکەن.

کە وابوو جێی هیچ لێخۆش بوونێک لە نووسەر و ئەدیبان نامێنی بۆ کەمتەرخەمی لە حاست ئەم بەشە لە فۆلکلۆری کوردی.

هەڵە و هەڵکەوتووە، قۆڵی لێهەڵماڵین و بیانپشکنین، لە بێژینگیان بدەین، بنژیل و سەرتۆتە لێک بکەینەوە و لە قەرەی ئەدەبی هەندەرانی بدەین، ئینجا دەردەکەوێ ئەگەر: « **خەج و سیامند**» بە سۆزی شمشاڵ لە زەمەند و بژوێنی بناری بەردە گوێز تەنیا چەخسێک سەما کەن، گوڵپەری سوێسنە و شلێرە و چنوور بە دەم بارۆژەوە

هەموو عالەمی رۆژئاوا دەرەنگێنن.

ئەگەر «**عەلی ئاشق**» لە جەزبەی عەشقی «**مەلازادە**» لە مێرگ و چیمەن، لە پاناوک و نساری کێو و هەردان، خولێ بخوا و سوورێ بدا، بۆن و بەرامی بێژان و جاترە و بیزای کوێستان بە دەم شەماڵەوە تا ئەو پەڕی عالەم دەڕوا، زۆر بۆن خۆشتر لە دەسرۆکەی «**ژولیت**»ی شکێسپیر.

یان لە باری شێعرەوە، تەماشاکەن، بەیتبێژ لە پاش سەرەنجامی تراژیکی «**شۆر مەحموود و مەرزینگان**» کوڵ و کۆی دڵی بە گڕ و گڕپەی چۆن دادە مرکێنێ:

ئەی دونیای وێران، بناغەی رووخاو
دڵ بە کوێت خۆش کەم دونیای ناتەواو
جێگا و رێگای شێرانی تێک دراو
لەدەریایە شۆر مەحموود و مەرزینگان خنکاو
چەند خانم و خاتوون، زوڵفی عەمبەر بۆ
ناسک جەبینان، شیرین چاو برۆ
ساحیب جەوهەران، کوڵمە وەک لیمۆ
عاقیبەت مەرگە، من دەستە و ئەژنۆ

ئەمانە و سەدان تێکست و نموونەی تر، ئەم راستییە دەسەلمێنن کە ئەگەر داری شێعر و نەمامی پەخشان وێڕای هەڵمژینی شنەی بلاوێنی ئەدەبی ئەوڕۆی جیهان، بە چۆڕی زولاڵی تاڤگەی ناو بەیتوباوان پاراو کرێ، چی پێ ناچێ، بۆن و عەتری مێرغوزاری نیشتمان چوارقوڕنەی جیهان دەگرێتەوە. بە هیوای ئەو رۆژە.

# کورتەباسێک لە سەر تایبەتمەندییەکانی:*
# بەیت ـ بەند ـ حەیران

## سەرەتا

بە درێژایی سەردەمانی مێژوو هەندێ لە نەتەوەکان سەرەڕای پێشینەیەکی لەمێژینە و پڕ لە شانازی لە بەر زۆر سەبەب و هۆی سیاسی و مێژوویی کە توێژینەوەیان لەم وتارەدا ناگونجێ هەل و دەرفەتێکی لەباریان بۆ نەڕەخسا کە دەسەڵاتێکی گشتلایەنی وەها بگرنە دەست تا بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرەتانەکانی دەسەڵاتداری هۆی گەشانەوەی زمان و ئەدەبەکەیان پێک بێنین کە خۆی بەشێکە لە رەوتی دوورکەوتنەوە لە بنەماکانی شارستانییەت و کۆمەڵی مەدەنی. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا نەخوێندەواری و بایخ نەدان بە خوێندن وەک ملۆزمێکی جێ مەترسی دەبێتە لەمپەرێکی لەبننەهاتوو لە

* بە سپاس لە ئەدیبانی هێژا: ناسر باباخانی ـ سەلاح پایانیانی کە ئەم وتارە لە سەر پێشنیار و پێداگری ئەو بەڕێزانە هاتە ڕوو.

سەر ڕێی بووژانەوە و هەڵدانی ئەدەبی نووسراوە. بەم پێیە سەدان بیرەوەری و کارەسات و بەسەرهاتی نەتەوەیەک بێ ئەوەی بکەونە سوچێکی لاپەڕەی مێژوو، دەکەونە زەلکاوی فەرامۆشی، کەم نین ئەو نەتەوانەی بە هۆی بەتەنگەوە نەبوون و لاپرەسەنی لە حاست زمان و ئەدەب، یان هێرشی زمانی دەسەلاتدار، بە جارێ تێدا چوون و نێو و شوێنەوارێکیان لە مێژوودا نەماوە.

کە وا بوو خزمەت بە زمان و ئەدەب، یانی هەبوون، هەبوونی نەتەوەیەک، یانی مانەوە لە جەرگەی مێژووی جیهان‌دا.

لەم بەستێنەدا گەلی کورد بە دەیان جار خەڵەفی ئامانجەکانی نەتەوەیی کەوتۆتە بەر هێرشی ڕەشەبا. ئەگەر جاربەجار چەمی خوڕێنی زەمان بواری پێداوە کە ئەسپی مراد لینگ بدا، بۆی مسۆگەر نەبۆ ئەوتۆ کە شیاوی مێژووی پڕ تەمەنێتی بە چشنێ خزمەتی زمان و ئەدەب بکا کە هاوڕێک لەگەڵ کاروانی ئەدەبی جیهان ڕێ ببڕێ. هەر بۆیە تەمەنی ئەدەبی نووسراوەمان لەحاست نەتەوەکانی دەسەلاتدار چی بە بەرەوە نییە. بەلام بەختەوەرانە بەشی ئەدەبی زارەکیمان ئەم کەمایەسیەی تا رادەیەک بۆ قەرەبوو کردووینەوە. بە وتەیەکی تر ئەم بەشە لە فۆلکلۆری کوردی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵ بەتەنیا ئاڵا هەڵگر و پارێزەری زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان بووە. لە ناو جەرگەی پێوەندییەکانی ئابوری - کۆمەلایەتی سەردەمانی مێژوویی‌دا گووراوە و سەری هەڵداوە، دەم بە دەم و سینگ بە سینگ پاراستوویانە، هەتا خوداوڕاستان قەڵەم هاتە گەڕ و بە پێی هەلومەرجی کات و شوێن،

دەوری تایبەتی خۆی لە پێناو گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی بینی، کە بەرهەمی ئەم سەردەمە لە شوێنەواری بلیمەتانی وەک:

**مەلای جزیری - مەولەوی - بیسارانی - خانی - نالی - مەحوی** و ... رەنگی داوەتەوە. پاشان (لەساڵی ١٩٠٤ ز ،بەم لاوە) قەڵەم بەشێک لە ئەمانەتی دەم و سینگی وێژەرانی، بەرێز و حورمەتەوە هینایە سەر پەڕاو. کە وا بوو پێویستە ئەم بەشەی سەرەکی فۆلکلۆر وەک بنەمای ئەدەبی کوردی بێتە ئەژمار و هەر لەم روانگەشەوە شی کرێتەوە و ئاکامی بەکەڵکی لێ وەرگیرێ.

**ماکسیم گوورکی** دەڵێ: «فۆلکلۆر بنەڕەتی ئەدەبیات و پاڵپشتێکی جێ متمانەیە بۆ شاعیران و نووسەران»(٥).

زۆر چەتوون و جێ گومانە ئەدیبانی ئەوڕۆی کورد بتوانن خوڵقێنەری شاکارێکی ئەدەبی بن، بێ ئەوەی بەهرەی بە خێرو پێوستیان لە سەرینچاوە وەرگرتبێ، یان لانی کەم ئاگاداری رەوتی ئەدەبی پێشووی وێژە و ئەدەب نەبن!

زۆر چەتوونە هیچ چەشنە زانیارییەکمان لە هۆ و سەبەبی مانەوە و خۆڕاگری زمانەکەمان نەبێ، ئێنجا بمانهەوێ داهێنەر بین و بەرەو رەوتی ئەدەبی پێشکەوتووی جیهان هەنگاو بنێین.

شاعیر و نووسەری دەروەست و ئەرکوەخۆگری ئەوڕۆی کورد تەنیا بە پاڵپشتی «نماد»ە کانی نەتەوەیی و نیشتمانی و گشت بنەماکانی پڕبایخی تری فۆلکلۆر دەتوانێ ئاوێتەی مەکتەبە ئەدەبییەکانی ئەوڕۆی جیهان بێ و کاروانی ئەدەبی کوردی سەرکەوتوانە بەرێتە بەستێنی

مۆدێرنیسم و نوێخوازی ئەدەبی.

هەروەک **گوورکی** دەڵێ: «ئەگەر رابردووی خۆمان باش بناسین، داهاتوویەکی رووناکمان دەبێ»[٦] بەختەوەرانە لەم دوایانەدا هەندێ لە بەڕێزانی شاعیر و رۆماننووس، توانیویانە ئەم ئەرکە بە باشی بەڕێوە بەرن، بەڵام ... هەتا لووتکە زۆری ماوە.

# بەیت

بەیتەکان لە باری ناوەڕۆکەوە بە ٦ دەستە دابەش دەبن:
**غەنایی ـ حەماسی ـ تراژێدی ـ ئایینی ـ مێژوویی ـ ئەفسانەیی.**

وەک بەیتی **دمدم** کە بەیتێکی تەواو مێژووییە، یان **زەمبیل فرۆش** کە بەیتێکی ئایینییە، هەندێکیان بەتەنیا هەڵگری چەند تایبەتمەندین، بۆ وێنە: بەیتی **شۆڕمەحموود و مەرزینگان**[٥]، لە هەمان کاتا کە بەیتێکی غەناییە، باری «**حەماسی**»یشی بە هێزە و سەرئەنجامێکی «**تراژێدی**»یشی هەیە.

ئەگەر رایەڵ و هەودای ئەم بابەتە هەڵوێژنین، دەلاقەی سەر دێری باسەکەمان لە رەسمە دەردەچێ، کە وا بوو دێینەوە سەر خەت!

لە باسی تایبەتمەندی بەیت خاڵی گرینگ و جێ سەرنج ئەم راستییە کەدەمێکە لەمەڕ **هەڵبەندی بەیت**، پرسیارێک بیر و زەینی لێکۆڵەرانی هەژاندووە کە بۆچ تەنیا ناوچەی موکریان بۆتە مەکۆی گەشانەوە و پەرەسەندنی بەیت؟ (هەڵبەت لەرادەی زۆربەی بەیتەکاندا)

ئەوەی راستی بێ بەیتەکان لە رووی ناوەڕۆک واتا شوێن هەڵگرتنیان لە رووداوە مێژووییەکان و گشت پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی تەواوی پانتایی جوغرافیای کوردستان دەگرنە بەر.

سەرەڕای ئەم راستییە، هەندێ لە بەیتەکان تەنیا لە ناوچەی موکریاندا برەوی سەندووە و پێی نەناوەتە پشت بستۆ و تێرەگی ئەم مەڵبەندە، هەروەها دەبینین شوێن و رووداوی چەند بەیتێک هیچ پێوەندێکیان بەم ناوچەوە نییە، کەچی هەر ئەم بەیتە لە زێدی خۆشی و یان شوێن و جێ مەبەستی وێژەر، برەوێکی بەر چاوی نەبووە، بە پێچەوانە بەیتبێژانی موکریانی بەباشی زانیویانە و لە کۆڕ و مەجلیسان کوتوویانەتەوە و پلە و بایخی ئەویان هێناوەتە روو. ئێستاش شوێنەواری ئەم بەیتانە چ بە نووسراوە، چ کاسێت هەر بە راوێژی خۆشخوانانی ئەم ناوچەن کە وا لە سەر دەستانن.

ئەمە راستەقینەیەکی سەلمێندراو و زانستییە کە «**بوون**»ی هەر «دیاردە»یەکی فەرهەنگی لە پێوەندێکی لەپسان‌نەهاتوودایە لە گەڵ گشت یاسا و پێوەندییەکانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی فرماسیۆن واتا «**نیزام**»ێک کە دیاردەی باسکراوی تێدا گووراوە و سەری هەڵداوە.

کورت و روونتر بڵێن: ئەم بەشەی فۆلکلۆر خوڵقاوی پێوەندییەکانی نێوبراوە لە سەدەکانی تاریکی مێژوویی وڵاتەکەمان. هەر بۆیە ناوەرۆکی ئەمانیش رەنگدانەوەیەکن لە شێوەی بەرهەمهێنان لە قۆناغەکانی کۆمەڵی کوردەواری و هەروەها پێوەندی نێوان ئەندامانی عێل و تایفە بە پێی پلە و پایەی دیاریکراویان لە کۆمەڵدا.کە وا بوو پێویستە لەم روانگەوە شوێن پێی وڵامی پرسیارەکەمان کەوین.

هەر لەسەر ئەم شێوازە با بزانین کام تایبەتمەندی ئابووری ناوچەی موکریان، پێوەندییەکانی ئەو مەڵبەندەی خستۆتە ژێر

کارتێکردن کە جیاوازی هەبووە لەگەڵ ناوچەکانی تری وەک کوردستانی باشوور؟ درێژەی ژیانی کۆچەری عێلات وەک هۆیەکی بنەڕەتی بۆ برەوپێدانی ئابووری ئاژەڵداری لە کوردستانی ئێراندا و هەروەها بەدوای ئاڵوگۆڕێکی کە لە ئاکامی شەڕی چالدۆران کە لە نێوان دوو دەوڵەتی زلهێزی سەردەم (**ئێرانی سەفەوی - ئیمپراتوری عوسمانی**) لە ساڵی ١٥١٤ زایینیدا هاتەپێش، و ... وەرزێری و بەرهەمی زەوی زیاتر لە پێشوو کەوتە بەر سەرنج، کە بەم هۆیە لە سەرەتای سەدەی شانزدەدا: «ملّکداری دەرەبەگایەتی سەقامگیر بوو و پێوەندی دەرەبەگایەتی بە سەر هەموو مەڵبەندەکانی کوردستاندا زاڵ بوو»(٧) ئەم رەوتە لە کوردستانی ئێراندا بە هۆی: ئاوی زۆر، هەوای سازگاری کوێستان، رادەی زۆری لێڕەوار و بژوێنبوونی زۆربەی ناوچەکان بە تایبەت موکریان خێراتر و بەربڵاوتر سەقامگیر بوو هەتا کوردستانی باشوور.

بۆ وێنە(٨)

| | کوردستانی تورکیا | کوردستانی عێراق | کوردستانی ئێران |
|---|---|---|---|
| رادەی لێڕەوار | %٦ | %٨ | %٣٢ |

بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی نێوبراو، بەرە بە بەرە لە داوێنی کێوە بەرزەکان و پێدەشتی بژوێن بە دەروی چەم و کانیاوێک، گوندی

تازە درووست دەبوون و ئاوەدان دەکرانەوە.

نیشتەجێ بوون و پەرەسەندنی کشت وکاڵ، کاری وەرزێری کردە شێوە ژیانی سەرەکی عێلات. ( هەڵبەت لە زۆربەی سەردەماندا ئاژەڵداری لە کوردستانی ئێران پلە و بایخی خۆی هە هەربۆ و لە کورتێی نەداوە).

لە کوردستانی باشوور، ژیانی عەشیرەتی زۆر گیانسەخت بووە، بە جۆرێ کە ئێستاش تاپۆی ئەم شێوە ژیانە بە سەر هەندێ لە ناوچەکاندا هەروا بەردەوامە و تەواوی پێوەندی نێوان ئەندامانی خستۆتە ژێر کارتێکردنی خۆی، هەر بەم بۆنەوە و هەروەها هەندێ هۆکاریتر، بیر و بڕوای ئایینی لە رێگەی تەریقەتی شێخایەتییەوە، لەنێو عەشیرەتەکانی ئەم دیو، بڕاتر و بەهێزتر بووە هەتا کوردستانی ئێران. ئەم پێوەندییە دوولایەنییە (**سەرۆک عەشیرەت - شێخ**) تا رادەیەک پتەو بووە کە بنەچەکەی هەندێ لە سەرۆک عەشیرە و رێبەرانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد (لە کوردستانی باشوور) دەچێتەوە سەر شێخانی نەقشبەندی.[٩]

بەم پێیە دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرە کە لە گەڵ شێخی ناوچە هۆگری دوولایەنی ئەوتۆیان هەبۆ و هەڵوێستیان بە قازانج و بەرژەوەندی یەکتر بووە، رێگای بە خۆی نەداوە کە دڵتەڕی بگەیێنێتە رادەیەک کە خۆشخوان رابگرێ و بایخ بدا بە کۆڕ و مەجلیسی بەیت بێژان. (هەڵبەت بەرجی ماوەیەکی کورت لە حکوومتی **عەبدولرحمان پاشای بەبە** (سەرەتای سەدەی نۆزدە) کە بایخی تایبەتی داوە بە

گەشەسەندنی شێعر و ئەدەبی کوردی، بە جۆرێ کە خۆشخوانی وەک **عەلی بەردەشانی** یانی مامۆستای زۆربەی شایەر و شاعیران، لە بارەگای ئەودا رێز و حورمەتی هەبووە)[٦] ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ناوچەی موکریاندا، دیوەخان و پاشخان و پێشخانی ئاغا جمەی دەهات لە کوێخا و گزیر و بابنۆکەر و کارکەر و کارەکەر و مەزنەپیاوانی عێلات و میوانی هەندەران. بۆ رێزگرتن لە حەشیمەتی میوان و خۆش رابوێری و رووسووری خانەخۆی کێ باشتر لە حەکایەتخوان و بەیتبێژ؟

لە هاوسنووری ناوچەی موکریان، بۆ وێنە لە گوندەکانی سەر بە شاری بانە «**خان**» لەباری ئابووری و شێوەی مڵکدارییەوە، دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبۆ کە بپرژێتە سەر راگرتنی خۆشخوان. چون بەپێی ئامار بەشی خان لە داهات و بەرهەمی زەوی لەم مەڵبەندە لەجێی ١٠ و ٢ (٢٠%) ١٠%ەی ئاغایە.[١٠] هەروەها لەناوچەی سنە بەم چەشنەیە کە «واهەیە خاوەن مڵک لە پێنج یەکیش کەمتر وەردەگرێ، وەک لە ژاوەرۆی نیزیک سنە کە تەنیا $\frac{٢}{١٥}$ وەردەگرێ، واتە کەمتر لە پێنج یەکیش، چونکە خاکەکەی بەردەڵان و رێژەوی زۆر نییە».[١١]

بە تایبەتی ئەم خاڵە گرینگە لەبەر چاوگرین کە لەم ناوچە بەرتەسکەدا چەندعێل بە فەرهەنگ و داب و نەریتی تارادەیەک هاوبەش دراوسێ و هاوسنوور بوون یانی: **مەنگور ـ مامەش ـ گەورک ـ دێبۆکری**. کەتایبەتمەندییەکی بەرچاوی موکریان دێتە ئەژمار.

یەکێ لە بوارەکانی خۆ ڕانان و رقەبەرایەتی نێوان سەرۆک عێلاتی

موکریـان لـه سـەر هەبـوونی بەیـتبێژانـی لێـزان و کارامـه بـووه. کـاتێ وێڕای دەست و پێوەنـدی چـۆته راو و کەروێشکیان هەڵنـاوه بەتەمـاڵ، بانگی خۆشخوانی کردووه تا «**پایزه**»ی بەسەردا بڵێ. له هیچ هـاموشۆ و سەفەرێک نەبووه که بەیتبێژی له گەڵیا نەبێ.

هەر چەند بەیتبێژ لەباری پەیگەی کۆمەڵایەتییەوه لەنـاو جەرگەی رەشایی و له چینی بەرەژێری کۆمەڵ بـووه، بەڵام به هـۆی هـونەری پـڕ بایخی له «**دیوەخان**»دا پلەوپایەیەکی دیاریکراوی هەبووه.

لەبەشی دوایی‌دا زۆرتر لەسەر ئەم بابەته دەدوێین که بەیت خوڵقاو و بەرهەمی پێوەندییەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی سەردەمێک له مێژووی وڵاتەکەمان بووه، بەڵام له هەمان کاتا بەبێ هـیچ چەشـنه دەمارگرژێـک دەبـێ دان بەم راسـتییه دابێنـین که «**دیوخـان**»ی موکریـان بەیـتبێـژی لاواندۆتەوه و بۆته هۆی گەشەسەندن و پەرەپێدانی بەیت.

نـاوەرۆک و تەنـانەت رادەی دەست تێـوەردانی بەیتەکـانیش پێمـان دەسەلمێنن که بەیتبێژ له هەمـان کاتـا، سـەر بەرەژێـری هـیچ خـاوەن «**دیوەخان**»ێک نەبـووه، سـەربەخۆیی بیـر و بـڕوا و سـەربەرزی خـۆی پاراسـتووه. دەست له بنـاگوێ پەرژینـی له سـەر راسـتییەکانی کـۆمەڵ وەلانـاوه، دەنگـی زوڵاڵـی بۆتـه رەنـگ‌دانەوەیەک له ئـاوات و ئامـانجه شاردراوەکانی کۆمای هەراوی خەڵک.

ئەم بەشەی وتار به چەند وتەیەک له بەیتبێـژی بەناوبانـگ: **مام قادری ئوستاد ئیبراهیمی**، ناسراو به **قاله شین**، کۆتـایی پێـدێنین کـه بەڵگەیەکن بۆ سەلماندنی بۆچوونمان.

مــامە قــادر بە ئــاه و مخــابن روپەڕێــک لە بیرەوەرییەکــانی هەڵــدەداتەوە و دەڵــێ : «لە ١٤ ســاڵییەوە هەتــا ژنیــان بۆخواســتم، خۆشـخوانی کـاکە رەحمـانی کـامحەممەدی، ئاغـای «گڵێنـان»ێ بـووم. کەریم مل خوار بەیتبێژی نێو بەدەرەوەی ئەو سەر دەم بوو. کارەحمـان پێشنیاری پێکرد کە بەیتی «مەم و زین» و «سەیدەوان»م فێرکا، لەبـری ئەو هەرچی لەماڵی دونیایە بیهەوێ دابینـی کـا. لە پاشـان خۆشـخوانی برایم ئاغای «قۆیتەڵ»ێ بووم. کورتە ماوەیەک بۆ میـوانی لای خانـانی هەرمێلێ (کوری سەیفەدین خانی سەقز) بووم، زۆری تکاو رجـا کـرد لای بمێنمەوە. من تەنیا کەسێک بـووم (وەک نـامەحرەم) ئیـزنم هەبـو بچـمە «ئەندەروون»ی ئاغاو قامیان بۆ بڵێم»[٧]

# بەند

لقێکی تری ئەم بەشەی فۆلکلۆری کوردی «**بەند**»ن وەک :

**پایزە ـ بەهارە ـ گەلۆ ـ ئازیزە ـ گوڵێ ـ سەحەرە** .

جوغرافیـای مەڵبەنـدی گەشـانەوە و پەرسـەندنیان، بەپـێچەوانەی زۆربەی بەیتەکـــان نەک تەنیـــا بەرمەودا نیـــیە، بەڵکـــوو شـــوێنی بڵاوبوونەوە و پەلهاویشتنیان بەرتەسکە، یانی تـایبەتن بە نـاوچەیەک وەک : **سەحەرە** کە تایبەتە بە کوردسـتانی باشوور(بە تـایبەت دەشـتی هەولێر). **پایزە ـ گەلۆ ـ گوڵێ ـ ئازیزە** تایبەتن بە ناوچەی موکریان، بە جۆرێ کەم بەیتبێژی موکریانی شک دەبەی کە بەرجی بەیتەکـان ئەم بەندانەش نەزانێ. بەم بۆنەوە دەق و نوسخەی زۆری لێ تۆمار کراوە.

با ئەوەشـمان کـوتبێ کـە لـە لای خەڵکـی موکریـان «**هەوا**»شـی پـێ دەکوترێ، وەک بڵێین: هەوای پایزە.

بەندی بەهارە بە هۆی ناوەرۆکی تایبەتی کـە پەسـنی جوانییەکـانی وەرزی بەهـــارە، بەنـــدێکی شـــاز و هەڵـــکەوتەیە، یـــانی ســـنووورێکی دیاریکراوی بۆ نییە و لە هەموو شوێن و ناوچەکانی کوردستاندا برەوی

هەیە.

خاڵی هاوبەشی بەند و بەیت لەم راستیێ دایە کە ئەمیش هەروەک بەیت بەرهەمی هەڵسوکەوتی ژیان و پێوەندی گشت لایەنی ئەندامانی کۆمەڵن. لە ناو جەرگەی رووداو و کارەساتەکانی وڵات سەریان هەڵداوە. بەم پێیە بەندیش ئاوێنەی بەشێک لە بارودۆخی مێژوو و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی سەردەمێکی کوردستانن. بۆ وێنە لە بەشێکی «**پایزە**» بە دەنگی کاک عەلی گەللەبانی ناسراو بە **عەلی کەردار**، رووکارێکی مێژوویی وڵاتەکەمان بەدی دەکەین.(١٢)

ئەی وەی وای ...

ئاغام ئەوە سەدایە پیرە پایزێم لەبن گوێ دێ

پایزە لە من، سەر دەبوو لەشکری

«زووری»یان «زەرزا»یان «باشکۆکی»یان «رەشکۆتری»یان

خڕمژی دەکرد و بە سەر «دەربەندی بەبە» وەردەبوو

ئەوە کیژ دەیکوت: وەی لاوە

ئەمن سەڵا و سەت سەڵای گەورە و گرانم لێ رابوو

حەمەدەمینبەگ منداڵە، قۆچ عوسمان ساخڵاوکێشە

کەروێشک لە قامەت و گەرمەلانی خۆی خووسبەسەر دەبوو

وەی سەرگەردانی خەزێم شۆڕ وگوارە شۆڕانم وەرە پایزە

بێ پێچوپەنا قسە لە سەردەمی حکوومەتی میرنشینی بابان دەکا (سەدەی هەژدە وسەرەتای سەدەی نۆزدە) کە عێلەکانی دراوسێ بە دنەدانی حکوومەت و دەوڵەتانی ناوچە بەربوونە گیانی، کە لە ئەنجاما

ڕێیان بۆ لاوازبوون و فەوتانی خۆش کرد.

لێرەدا وێژەر ناڕاستەوخۆ داکۆکی و لاگیری لە حکوومەتی بەبە دەکا و «پایزە»ی کردۆتە بیانوو بۆ دەربڕینی فغان و خەفەت لەدەست جەوری زەمان و تێداچوونی دەسەڵاتی پڕشکۆی میرانی بابان.[٨]

لەباری ناوەرۆکەوە، جگە لەم بابەتە مێژوویە، لایەنی بەهێز و گرینگی بەندەکان باری غەنایی ئەوانن، کوتمان کە «**بەند**»یش لە گوێن بەیت ئاوێنەی بەشێک لە ژیان و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی نیشتمانە لە سەردەمانێکی مێژوویی‌دا.

بە پێی ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆڤ، ویستی ئەندامانی کۆمەڵ لە پێکهێنانی بنەماڵە بۆ دەورگێڕانیان لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی هۆز، دەبێتە بنەمایەک بۆ گوورانی تۆوی ئەوین لەدڵی ئەوینداران و بە پێی ئەزموونی مێژووی کۆمەڵ، هەرچی بەستێنی ئابووری ژیان بەرتەسکتر و نەریت و یاسای حاکم بەسەر کۆمەڵدا، یاسای باوکمیری بێ، ئاکار و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانیش لەچوارچێوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران قەتیس دەبن. «**یاسا**»ش سوور و پێداگر دەبێ بۆ پاراستنی «**سوننەت**» کە دژایەتی دەبێ لەگەڵ دڵخواز و ئامانجی بەرەی «**نوێ**».

بە درێژایی مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵات، هەمیشە بەرەی دەسەڵاتدار، چ بە پانتایی وڵات، چ لە جەغزی عەشیرەتێک، «**سوننەت**»یان کردۆتە ئامرازێک بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵاتیان و لەگەڵ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک بەرهەڵستیان کردووە و لە بەرابەر

ئەواندا، بەرەیەکی کۆمەڵ (زۆربە)[٩] هەمیشە نوێخواز و چاوەڕوانی کزبوونی سوونەت بوون لە پێناو گۆڕانکاری کۆمەڵدا، لەم باسەشدا زاکوون و داب و نەریتی کۆمەڵ بوونە هەڵدێری فەوتان بۆ ئەویندارانی.

ناوەرۆکی زۆربەی بەندەکان لە سەر بنچینەی وەها رووداوێک پێک هاتوون. بۆ وێنە ئاوڕێک دەدەینەوە سەر نوسخەیەکی بەندی پایزە بە راوێژی دەروێش **رەحمانی حەمەشێت**(١٣):

ئای وای وای وەی وای ...

ئەورۆ سەدایە ئەوێ پایزێم گەیوەتێ

ئاغام پایز چ محەللە چ مجالە، مجالەکەی ئەوەڵی جستانێ

ئەمن زەینێ خۆم دەدا خووسی ئەوێ پایزێ

ئەوێ شەختی خۆی دەنگێوی، دەیدا لە گوڵێ

سوێسنێ، هەڵاڵێ، بەیبوونێ، خاشخاشکێ، گۆلەمێلاقێ

کوڕە چ ئاخر زەمان رابوو، لێم دەنگێوی پەلکی رەشە ریحانێ

ئەوە کیژ بە ئەدەب راوەستاوە لە دەرکی دە ماڵە بابان

دەیکوت: «هەتیوە ئەتۆ لە هەواری دەسەرێت بە من کوتبایە ئەورۆ

پایزە لە من بابان وێرانێ

چ محەللی دە دەست لێک بەردانێ»

ئاغام جا بڵێ تۆ مامزی شینکێت لە کوێ بە شپرزەیی دەدی

لە کەلێنی «دەربەند»ی، لە زوورکە زوورکان

قایمەلانی خۆی لێ داویشتمەوە سپیلکی دەسەر«خانێ»

ئەمن دەسەر کارمامزێم هەڵدەبرد

پڕمەی محەندەکان، قوولەی کوڕە بەبان، چریکەی دەمانچان
ئەوە بەستەزمانەم بڵیند دەکردەوە لەسەر قامەلقامی دەلانێ چ چارو
قودرەتی پێ نەدەما
خۆی لێ دەئاویشتمەوە ئامێزی کوڕە حەیرانێ
وەی سەرگەردان و دەست لێک بەردانی خەزێم زێڕانم

لە بەندی پایزە و هەروەها بەندەکانی تردا، قارەمان یان کەسایەتییەکی دیوناس و دیاریکراو بەدی ناکەین. جیاوازی «**بەیت**» و «**بەند**»یش لەم خاڵە دایە کە بە پێچەوانەی «**بەیت**» هیچکام لە «بەند»ەکان قارەمان یا کەسایەتییەکی ناسروا و تایبەتی نییە، بە واتایەکی تر بەند سەربوردەی کەسێکی دیاریکراو ناگێڕێتەوە، بەڵکوو ڕاگەیەنەری مەبەستێکی گشتییە.

گازندە و سکاڵایەکی عام واتا تێکراییە لە جەوری زەمان، داد و فغانێکی هاوبەشە و لە گوێن سەمفۆنیا، وەک ئەوەی هەمو کۆسکەوتەیەک بەیەک دەم و بە یەک سۆز، دەنگ هەڵبڕن و پرێسکەی دڵ هەڵڕێژن لە حاڵێکدا لە تەواوی بەیتەکان یەک یان چەند کەس وەک کەسایەتی سەرەکی واتا قارەمان دەور دەگێڕن کە دەسپێک و چارەنووسێکی دیاریکراو و ئاشکرایان هەیە. ڕەوتی ڕووداوەکان یان لە زمان بەیتبێژە وەک سێهەم کەسی تاک (**بەیتی: مەم و زین ـ دمدم ـ قۆچ عوسمان**)، یان لە زمان وێژەر وەک دووهەم کەسی تاک (**بەیتی: کاکە میر و کاکە شێخ. وێژەر: جووتەی خوشکان، ئەستێ و بەغدادی ـ بەیتی زەینەڵ و گۆزەڵ، وێژەر: گۆزەڵ خوشکی قارەمان ـ**

**سوارۆ. ویژەر: گروای قارەمان** ( **ئایشە گوڵ ـ سنجانێ**) بێینەوە سەر درێژەی باسەکەمان.

کوتمان لەباری ناوەرۆکەوە ئەویندارى لایەنی هەرە بە هێز و گرینگی بەندەکانن. بۆ وێنە: وەرزی پاییز جەنگەی راوەتاژییە. لە سەردەمی خۆیدا ئاغا و دەست و پێوەندی، ئەوکاتەی بەپرمەی بۆر و محەندەکان و راوێچکەی توڵە و تاجی، کەروێشکیان هەڵدەنا بە تەماڵ، بانگی خۆشخوانیان دەکرد کە «**پایزە**»ی بەسەردا بڵێ، یانی لە رواڵەتا بۆ کەیفخۆشی و پێهەڵاگوتنی راوی ئاغا بوو. بەڵام کە دەیخەینەوە بەر سەرنج و تێی دەفکرین، تەنیا بیانوویەکە بۆ دەربڕینی گازندەی ئەویندارانی دڵکوڵاو.

بەیتبێژ یارکۆڵێی خۆی بە کەروێشک (شینکێ) وەک سەمبولی **ئاوارەیی و مەزلوومی**[١٤]دەشوبهێنێ، یانی ئەو کاتەی بەرەو کۆنەڵان کاری کەوتۆتە کەڵاشە کردن و لەبەر هەڵات هەڵاتی توڵە و تاجی و شاڵاوی سوار و تەقەی جانبێزار ناتوانێ بازرە بێ و هەموو رێیان تەنگەبەر، چ چاری نییە جگە لە «خۆی لێ داویشتەوە ئامێزی کوڕەحەیرانێ».

بەیتبێژ لێرەدا ناسۆری بەرەی لاو و ئەویندارانی بەلاوە گرینگتر بووە هەتا راوی ئاغا. ناسۆرێ کە نەبە لێزمەی ئاونگی سەر گۆنای کیژۆڵە سارێژ دەبێ، نەبە گڕ و تینی ئاورگی دڵی کوڕەحەیران.

لە ئازیزەدا لاوی سەوداسەر وەها بە ناڵەی بێ دەنگ و گریانی ویشک بارستی غەم و خەفەتی خۆی دەردەبڕێ کە دڵ دەتاوێ و گەروو

دەگوشرێ:

دەوەرە ئازیز:
فرمێسکم لە غورِەمی بارانەی بەهارێ گەلێک بە جۆشترن
هەناسەم لە مندالّی بێ دایک و باب گەلێک ساردترن

تۆ بلّێی ئەمە هاواری غەریبانەی کام ئەویندارێکی بێ مراد بێ؟ گرِ و بلّێسەی کام دلّی کۆسکەوتە بێ کە وا بە سۆز دەکرِووزێتەوە؟ گرِ و بلّێسەیەک کە تەنانەت پاش کۆچی دوایی و سەرنانەوەش دانامرکێ:
ئازیزێ، ئەوە دلّم راناوەستێ لە بەر ئەوەی غەمێ، لە بەر ئەوێ ژانێ
ئەمن ئاورێکم بەربۆتەوە لە دەروونە وێرانێ
نەبەبای دەکووژێتەوە نە بە پرِیشکەی دەبارانێ، نە بە پێمەرِە گلّ وەسەردانێ

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی تری بەند لەوەدایە کە هەر کام لە وان هەلّگری مەبەستێکی شاز و دیاریکراون، یانی لە دەسپێک هەتا کۆتایی لە سەر یەک مەبەست و بە یەک شێواز دەدوێ و بۆ وێنە: لە بەندی پایزەدا وێژەر بیر و را و مەبەستی خۆی لەباس و خواسی «**راو**»ە کەروێشکدا دەدرکێنێ، ئیتر ئەوە تایبەتە بە **پایزە** و پێوەندی بە هیچ بەند و حەیرانێک نییە.

یان لە **گەلّۆ**دا کە خالّی هەرە بەرچاو و جێ سەرنجی، شەرعی

گوڵانە لە لایەن پیرەبابەکەی شەماڵی و ...

یان **سەحەرە** کە پێوەندی هەیە بە هەموو جموجۆڵ و رووداوێکی کە لە کازێوەی بەربەیاندا بەدی دەکرێن.

**گوڵێ**، یەکێ لەم بەندانەیە کە لە ناوچەی موکریاندا بە باشی ناسراوە، دەقی جۆراوجۆری ئەم بەندە کەم نین، بەڵام خاڵی هاوبەشیان زۆرترە هەتا تۆفیر و جیاوازیان. دوونموونە لەم بەندە دەخەینە روو ئێنجا چەند وتەیەک:

١ – بەراوێژی **سەعید ئیبراهیمی**

گوڵێ! گوڵێ! گوڵەسوورێ!

بەحەزرەتی داوود کەم ئەگەر دەخوێنێ زەبوورێ

بەحەزرەتی عیسا کەم خوڵقاوە لە نوورێ

بەحەزرەتی موسا کەم ئەگری رۆژێ هەزارو یەک کەلیمەی کوفتوگۆ بوو لە خزمەتی خوداوەندی میری مەزن لەبرجی سینایە، لە سەرکێوی توورێ، بەو محەممەدەی کەم ئەگەر خودای گەورە دەیخوڵقاندەوە لە کۆی نوورێ

ئەمن دەستم لەو دونیایەی پووچ و فانی هەڵگرتبوو

ئەمما گەلێک دڵم خۆش بوو بە سوورە گوڵەکەی خۆم

ئەگە بێتەوە خوار لەوان: قۆنگران قەڵاتان، باڵەخانان، کڵاو فەڕەنگیان لە گوناهی ئەوان بێ وارس و وەکیلان ببوورێ

بەڵام حەیفم دێ لەبۆ دەعبایەکی وەکوو سیسارکە کەچەڵەی ماڵوێران هێلانەی خۆی کردۆ تەواو لەسەر پەلکی سوورە گوڵێ

ئەوە دەڵێم سەرگەردان نەبووم، سەرگەردانت کردم
بن دیوان نەبووم، بن دیوانت کردم
کردتم بە تۆزێک، بەبانانت وەردەکردم
پشکۆی شەماڵ دەهات و لێی دەدام
ئەوجار دەبەحرێ عوممانێی دەکردم
شەپۆل لێی دەدام وە کەنارێکی دنیایەی دەخستم
لەوەی دەڕووسقام بە سوورە گوڵێکی سەر بەقەسەب
دەهاتنە سەرم پۆلێک کەڵەگەت و شەنگەژن و کێلگەردن
بەو قامکی پڕ لە ئەنگوستیلە، بەو قۆڵی پڕ لە بازن
دەستیان درێژە دەکرد و هەڵیاندەقەندم و چەپکچەپکیان دەکردم
گوڵێ گیان! گوڵێ من لە هەمووگوڵان زێدە
گەردن مەڕمەڕ دەبەر حەوشێدا
شەو، شیبایەکەی بای شەماڵت لێدا
گوڵم لێ پەخش و پەرێشان دەبوون بێرو بەوێدا
گوڵێ گیان! ئەتۆ دوڕی، لەعلی، بەردی بە قیمەتی دەبنی دەبەحرێدا
ئەوە گەمی دەهاتن و رادەبردن دە بەحرێدا
چەک وئەسلەحە و کەشافی هەر بیست و چوار دەوڵەتانی تێدا
ئەوە هەچ کسێکی سوورە گوڵەکەی من ناس ناکا
یەکە کەڵەگەتە، شلوملە کەمبرێکی کوڕکوڕەکەداری هەژدە ئاڵتوونی
برایمخانی دە پشتێدا
یارەببی گوڵێ سوڵتانی ئەستەمبوڵێ بە سەر شانی راستەیدا

هەموو ئێوارە و سپحەینان ئاوڕی بەخێرێت وێدا
ئەوە ماڵە منی و ماڵە بابەکەی منی گوڵێ گیان!
سەرداری گوڵانم! گوڵێ گیان!
٢ – بەراوێژی هونەرمەندی نەمر: **محەممەدی ماملێ**
ئای گوڵێ! ... گوڵێ جوانێ ... گوڵێ!
دایک حدودەی، باب کەحلانێ
ئەوساڵ حەوت ساڵە کەوتوومەوە بەندی بەندیخانێ
کورسیـنشینم لێ دانیشتوونەوە لە هەیوانێ
بە چاوان دەکەنەوە ئیشارە
بە زوبان دەدەنەوە فەرمانێ
گوڵێ! بۆ خاتری حەزرەتی رەسوڵەڵلایەو
بۆ خاتری سی جوزئەی دە قورئانێ
وەرە بەناز راببرە و ... بەندیان نەجات دە لە بەندیخانێ
گوڵ دەهاتن لە شاران، لەبازاڕان
دەکەوتن لە حەوشان، لە حەساران، بە باران
نازانم گوڵێی منی ماڵوێران کوانێ
گوڵێ! بانگێکم وەبەر خوداوەندی میری مەزن
هاواری گەورەم وەبەر حەزرەتی رەسوڵەڵلایە
بانگێکی دیکەم وەبەر ئەو مەلایانەی کە دینقایمن
دەخوێنن لە سێ جوزوەی دە کەلامولڵایە
گوڵێ بانگێکی دیکەم وەبەر ئەو پێغەمبەرانەی

ئەگە بە شانیان‌دا دەباری قەدر و عیزەتە
گوڵێ خاڵێکت لەسەر کوڵمەیە، رەشەمەکانی مووحیببەتە
قوڵکی بەر گەردنت حەوزی کەوسەرە ناوەڵڵا جەنەتتە
ئەو رۆژەی کە بتبینم بۆ من خۆشی‌یە
ئەو رۆژەی ئەگە ناتبینم لەمن قیامەتە.

ئێستاش خوێنەری بەڕێز!

تاوێ رامێنە لە ژیان و بێنە بەرچاو کە ئادەمیزاد لە رەوتی پڕ هەڵسوکەوتی‌دا تەنانەت بۆ دابین‌کردنی کەلوپەلی ژیانی ئاسایی بەدەیان جار کەوتووە و هەستاوەتەوە، جەستەی شەکەتی شەلاڵی ئارەق، ئەگەر بزە و پێکەنینێ هەبۆ، زۆری نەخایاندووە کە خێرا کوێرەوەری و مەینەت ئەژنۆی داخ و کەسەری ناوەتە ئامێزی. بەلام لە هەمان کاتا بە پێی داب و نەریت، لە رادەی ساڵ و تەمەن خافڵ نەبووە لە ویست و داخوازی دڵ. کوڕەحەیرانی کوردیش هەر بەم چەشنە، چ بە راشکاوی یان پەنامەکی ئەوینی کردۆتە ئامیانی ژیانی پڕ سەخڵەت. جا چ لە پایزە هەوار یان کۆلانی بەرتەنگی ئاوایی، گراوی خۆی دەسنیشان کردووە و دڵیان بە یەک داوە، لە مێرگ و زەمەند بەیەکەوە گوڵە بۆن‌خۆشەکانی کوێستانیان هەڵمشتووە، لابێر و هاوێریان کردووە، بەلام کە دەنێوە چوو و بە رەوەزی ساڵ و تەمەن‌دا هەڵگەڕا، روگەی هۆگری و ئەوینی بەرەو قوبڵە گۆڕیوە و بۆ پتەوبوونی بیرو بڕوای ئایینی خۆی قۆڵ هەڵدەکا، تەنانەت لە کاتی دەسنوێژی موبارەک،

تەوژمی بیرەورییەکانی لە گوێن ئاگری بن خۆڵەمێش، هەر تاوناتاوێ دنەی دەدەن. دڵی دێتە کوڵ، ئێنجا هەستی ئیمان و نیازی دەروون لە حەسرەت قوتبی دین و «گوڵێ»ی سوورە گوڵ، بە ئاه و سۆزی پڕ بۆسۆ، قڵپەی دەکا و سوکناییەک دەکەوێتە روح و جەستەی. یەکەم دانەری بەندی گوڵێ، وەک نوێنەر و قسەکەری ئەم تویژە دەقاودەقی هەست و براوی ئەوانی بە ئاهەنگێکی مەحزوون دەربڕیوە. ویژەر لە زۆربەی نوسخەکاندا هەر لە سەرەتاوە بە پەسن و مەدحی رەسوڵانی ئولولعەزمی خودا بەگشتی و **حەزرەتی محەممەد** (دروودی خوای لێ بێ) بە تایبەتی، پێدا دێتە خوار.

بە سەرنج دان بە ناخی هەر کام لە هەواکانی گوڵێ، رێی هەیە، خووخدە و رادەی هۆگری خۆشخوان بە رابردوو و ئەوینی ئەودەم دەسنیشان کەین. ئەو بەجوانکارێکی ئەدەبی، خۆ دەداتە دەستی فەنا و نەبوونی ئەزەلی، بەڵام بە مەرجێ لە رەوتی ژیانەوەی دووبارە ببێتە سوورە گوڵێک کە شەنگەژن و گەردنکێلان دەستی بۆ درێژکەن و چەپکچەپکی بکەن.

ئەم هەوایەش وەک گشت بەندەکان خاڵێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە هەموو دەقەکان، یان روون و ئاشکرا، یان بە ئیستیعارە ئاماژەی پێکراوە کە لەخۆیدا، هەر چەند بە کورتی چیرۆک و بەسەرهاتێکی ناتەواومان بۆ دەگێڕێتەوە، یان رێی هەیە بڵێین لەپێشا بەیتێکی سەربەخۆ بووە: بەم چەشنەیە کە کیژێکی شلومل و زێدەجوانی کورد بە نێوی **گوڵێ** چ بەدڵخواز یان بە تۆبزی بەڕێ کرابێتە تالار و کۆشکێکی

پـڕ شـكۆ، بـووبێتە خـانم و خـاتوونی حـاكم و دەسـەڵاتدارێكی پـڕ زەبروزەنگ و دەسڕۆیشتوو، بووبێتە «كورسی نشین لە هەیوانێ» تا ئەو جێیە كە ئەگەر «بە ناز راببرێ وبەچاو بكاتەوە ئیشارە» بەندیان نەجات دەبن لە بەندیخانێ. وێژەر دۆعای بە خێری بۆدەكا، بەڵام لە هەمان كاتا بەدەنگێكی پڕ سۆز حەیف و مخابنی دێتێ كە بۆچ «گوڵێ»ی بە قسمەت نەبووە.

*

مەبەستێكی تری بەندەكان شێوە گوتنی ئەوانە، یانی لە باری ئاهەنگ، هەركام لە بەندەكان «فۆن» (FON)ێكی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ وێنە لە ئازیزەدا دەسپێكی هەموو دێڕە شێعرەكان بە «**دەوەرە ئازیزێ**» رازاوەتەوە. یان سەرەتا و دەسپێكی زۆربەی نۆسخەی هەركام لە بەندەكان بەم چەشنەیە:

**پایزە** ـ ئای وەی وای ...

**گەلۆ** ـ ها ... ها های گەلۆ

**سەحەرە** ـ ئەوە سەحەرە ... سەحەرە ...

* *

# بەند و حەیران لە ئاوێنەی رومانتیسمدا

## سەرەتا

ئاخرین دەیەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، لە راستیدا سەردەمی گەشانەوەی مەکتەبی رومانتیسم بوو لەبەشێکی ولاتانی ئوروپاییدا، کە هەر لە سەردەمی گوورانی خۆی بەرەبەرە جێ پێی بە کلاسیسم لێژ کرد، ئێستاش لە یەکەمین ساتەکانی هەزارەی سێهەم، رومانتیسم یەکێ لە ئامرازە بەهێزەکانە بۆ داهێنان و خوڵقانی بەرهەمی ئەدەبی.

مخابن! کە تەمەنی بەیت و باوی کوردی زۆر بە وردی بەراوەرد ناکرێ، جگە لەوە بڵێین کە ئەدەبی زارەکیمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زۆر زوو. هەر چەند ئەم بابەتە لە بەشی دواییدا، زۆرتر شی کراوەتەوە، بەڵام بۆ چوونە نێو ناخی باسەکەمان تەنیا کورتە ئاماژەیەکی پێدەکەین.

لە سەدەی یازدەی زایینیدا شێوەی مڵکداری دەرەبەگی سەری هەڵدا و بەرهەمی زەوی هاتە نێو رەوتی ئابوورییەوە. لە سەدەی دوازدە و سێزدەوە بە دوای جێگیربوونی نەزمی دەرەبەگی، جووتیاران بە زەوی

بەسترانەوە، بەڵام بە پاڵپشتی مێژووی کوردستان، دەرەبەگایەتی وەک«**نیزام**»ێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لە سەرەتای سەدەی شازدەی زایینیدا دەسەڵاتی خۆی لە تەواوی کوردستان پەرە پێدا. بەر لەو سەردەمانە ژیانی عەشیرەیی بە شێوەی کۆچەر و نیوەکۆچەر لە سەر بنەڕەتی بایخ پێدان بە ئاژەڵ و ئاژەڵداری وەک لقی سەرەکی ئابووری عێلات برەوی هەبۆ. «**بەند**»ەکانیش لە رووی ناوەرۆکەوە دەتوانێ پێوەندی هەبێ بە هەر دوو سەردەمەوە.

بەو هۆیە کە «**بەند**»ەکان هەڵگری رەگەی شێوازی «**رۆمانتیسم**»ن بۆی هەیە کە بڵێین رومانتیسمی ئەدەبی زارەکیمان بەر لە پەرەسەندنی ئەم مەکتەبە ئەدەبییە لە ئوروپادا و تەنانەت بەر لە کلاسیسمی ئەدەبی نووسراوەی کوردی هاتۆتە روو. (هەڵبەت ئەگەر ئەدەبی زاراوەی کرمانجی خوارو«لۆری ـ هەورامی» لەبەرچاو نەگرین). ئەگەر بە پارێز و دوڕدۆنگییەوە تەنیا سەردەمی دووهەم، یانی سەرەتای سەدەی شازدەی زایینی لەبەرچاو گرین، هێشتا دروست بوونی ئەم بۆچوونە رێی تێدەچی.

ئێستا بۆ سەلماندنی ئەم بیر و ڕایە و هەروەها دۆزینەوەی رەگەی ئەم شێوازە ئەدەبییە، سووکە ئاوڕێک دەدەینەوە سەر دەقی هەندێ لە بەند و حەیرانەکان.

لە مەکتەبی ئەدەبی کلاسیسمدا نووسەر یان خوڵقێنەر بۆ پەسنی مرۆڤ، کەسایەتی سەرەکی خۆی لەنێوان قارەمانی ناو ئەفسانە و ئوستوورەکاندا هەڵدەبژارد. لە حاڵێکدا هونەرمەندی رومانتیک خۆی

یان کەسێکی نێو کۆمەل دەور دەگێڕن. ئەم شێوازە لە بەندی ئازیزەدا ئاوا بەدی دەکەین:

«دەوەرە ئازیزێ
سەری من دێشێ کوڕە بابەکەی بابم، دڵی منی ماڵ وێران بە ژانەژانە
ئەوە گرمەگرمێک دێ لەو سەرانە
هێندێک دەڵێن بایە و هێندێک دەڵێن بارانە
هێندێک دەڵێن بوولەرزەیە و هێندێک دەڵێن تەرزەیە
هێندێک دەڵێن بای سەڕسەڕییە
هێندێک دەڵێن مەنسووری هەللاجە
هێندێک دەڵێن قارەمانی دێوقڕانە
ئەوە گێژ دەڵێ: نە تەرزەیە، نە بوولەرزەیە، نە بای سەڕسەڕییە و نە مەنسووری هەللاجە و نە قارمانی دێوقڕانە
ئەوە کوڕە لاوەکەی منە دێتەوە لە سەفەرێکی گەورە و گرانە
چەکی دەمنی لە کنن بە نیشانە
دەوەرە ئازیز ... »

لە ساڵی ١٨٣٠ز **ویکتۆر هۆگۆ** و هاوفکرانی، «**رۆمانتیسم**»یان بە مەکتەبی ئازادی هونەر و کەسایەتی لە قەڵەم دا. «هونەرمەندی رۆمانتیک بە داخواز و پێداویستەکانی رووحی و رەوانی خۆی بایخ ئەدا و ئەڵێ ئەوەی کە بە هونەرمەند ئیلهام ئەبەخشێ، ئەوین و خۆشەویستییە و ئەبێ ئەم خۆشەویستییە ئازاد بێت»[١٥]

ناورۆکی زۆربەی بەند و حەیران و بەیتە غەنایییەکان، لە سەر

بنچینەی ئەوین وەک هەستێکی پیرۆزی ئینسانی پێک هاتوون و شۆڕەسورانی ئەم مەڵبەندە نووچکەی بەرزی ئەوینیان خستۆتە ژێر رکێف.

تەنانەت لە پاش بێ مرادی و ناشتنی نەمامی ئاواتەکانی و تێپەڕینی دەیان وەرز و ساڵ، بەم چەشنە خۆی لە خەفەت و ئازاری ئەوینی پێشوو رزگار دەکات تا هەودای غەم و کەسەری پێ رەها کا، کە ئەوەش پێداویستێکی رووحی و رەوانییە.

ئازیز ئەمن پیرنەبووم، پیرت کردم
دەردەدار نەبووم، دەردەدارت کردم
رەنگ زەرد و لێوبەبار نەبووم، رەنگ زرد و لێوبەبارت کردم
دەتکردم بە تۆز و بە بەربانێت وەردەکردم
بارانە وەخۆیان نەدەکردم
گزەبایەکی شەماڵ دەهات و لێی دەدام
بە بەر ئەوان هەوار و چیغ و رەشماڵ و کەپراندا رادەبردم

لە راستیدا بەندو حەیران ترازانی گرێی بوغچەی دڵی ئەویندارانی دڵکوڵاو و بێ مرادە، قسە لە سەردەمانێک دەکەن کە لە بری بەرژەوەندی ئابووری کچیان بە زۆر بەمل کەسێک دابڕیوە، ژنبەژنەیان پێ کردووە بە بەرخوێنیان داوە، بوونە بنپشکی برایان، یان هەتا مووی سپیان هۆنیوەتەوە، لە ماڵێ بوونەتە بناوانی باب و دایک یا سوێندخۆری کەسێک بوون و هە تا گڵەبانی چاویان کردووە هەر ماوەتەوە بە رەبەنی!

ژنـی بـێ مـراد و تەنیـا، لەمـاڵە مێـردی داسـەپێنراو بەم چەشـنە دەکڕووزێتەوە. لە پارچە حەیرانێکدا:

حەیران لە لێران، لەلێڕی بازی
ئەمن دەگەڵ ورچی چوومە دەغاری
سەد خۆزگەم بە بەرازی
دەوەڵامێکم بۆ بەرنە کن هەتیوحەیرانی
ئەوە لە ماڵە گوڵێکی دەمێردان دانیشتوم
بەدڵێکی ناڕازی

*

هەروەهــا لە رۆمانتیســم «ئەگەر هونەرمەنــد بە هــۆی تەنــگ و چەڵەمەکانی کۆمەڵگا و یاسا ئەخلاقییەکان بەرەو دوا بکشێتەوە، حەقی ئەوەی هەیە کە ســەبارەت بە کۆمەڵگــا و یاســا ئەخلاقییەکــان داوەری بکات و حوکم بدات».[١٦]

لەم بابەتەشەوە ئەویندارار و قارەمانانی بەیت و باوی کوردی لەو پەڕی سەربەسـتی و ئـازادیدان. زۆر بە راشـکاوی سـکاڵا و گازنـدە لە جەوری زەمان دەکەن. رەنگە لە رواڵەتدا باب و برا بـخەنە بەر لـۆمە و تەشەر، بەڵام ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەم سکاڵایە ورد بیـنەوە، دەردەکەوێ ئەوا یاســا و داب و نەریتــی کــۆمەڵ کە رەنــگدانەوەی ســوچێ لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ـ ئـابووری سـەردەمە هـاتۆتە بەر پرسیار و تـاوان. بەڵام ئەویـنداری کۆسکەوتە لە رواڵەتـا کەسـایەتییەکانی نـاو

کۆمەڵ بە تاوانبار دەزانێ و بەتیری تووک و نزا دەیانپێکێ و رۆژی رەشیان بۆ دەخوازێ.

لە بەیتی سوارۆدا گراوی دڵلەمست و چاوەنوار بەم چەشنە تووک لە قاسیدی قەدەمرەش دەکا:

دەبڕۆ سوار ئەگەر نانت هەیە دۆت نەبی!
ئەگەر دۆت هەیە دینت نەبی!
ئەگەر دینت هەیە ئیمانت نەبی!
دەبڕۆ نەحلەتی خودات لێ بی!
بەشت لە دونیا و قیامەتێ نەبی!
دەبڕۆ سوار، ئەسپاردەی خودای نەبی!
رمبی دەستت لێ بە دارەمەیت بی!
خەنجەری خۆت غەنیمت بی!
پشتێندی پشتت لێ بە کفن بی!
ئەسپی بنت لێ بە مەیت هەڵگر بی!
دەگەڵ خەبەری بۆ منت هێنا!
دڵی گراوێلکەی تۆش هەر بە دڵی من بی!

یان دە پارچە حەیرانێکدا:

ئەرێ جارەکەینێ دووبارە لە دەربەندی بانێوە
ئەرێ ئەوە نەمامم دەچەقاند، سێوی سوور بە سەر لکێوە
یا رەببی خودایە هەرکەسێکی دەبێتەوە بەباعیسی دوو دڵان
کوێر بێ لە دەستان بە مەرەد میرانی بچێ

هەموو لەشی داوەشێ، حەوت ساڵانی بزوتن نەکرێ
هەر بە دەستانی بگێڕن بێرە و بە وێوە.

با ئەوەمان گوتبێ کەلە رووی ناوەرۆکی **بەیت**، **بەند**، **حەیران**، بۆسەلماندنی هەکام لەم مەبەستانە، تەنیا بە یەک یا دوونموونە قەناعەت دەکەین، چون وێنەیان یەکجار زۆرن و تۆمارکردنی هەموان لەم وتارەدا ناگونجێ.

*

هەروەها«هونەرمەندی رۆمانتیک، ئومێد و ئاوات و ئارەزوو، جێگیری حەقیقەت و واقیعیەت ئەکات و ئاسەوارەکانی خۆی ئەخولقێنێ.»(١٧)

هەر لە سەردەم کازێوەی مێژوو، خەیاڵ تێکەڵاوی هەست و ئاوەزی مرۆڤ و ئاویتەی گشت جموجۆڵ و ئاکاری ژیانی بووە. چجاران کە خەیاڵ و ئاواتی وەدەست نەهاتووی رابردوو لە سەردەمی ئێستادا هاتۆتە روو، کەم مەبەست و داهێنانێک بەدی دەکەی کەلە پێشا وەک ئارەزوویەکی نەگونجاو لە خەیاڵ و بیری ئەو نەگوورابێ.

لەم بەستێنەشدا خەزێنەی بەیت و باوی کوردی دارماڵە لە دوڕ و ئەڵماسی بێ هاوتا. کوڕ یان کیژێ کە بە حوکمی یاسا و نەریتی چەوتی کۆمەڵ، کۆشکی ئارەزۆکانی تێک دەڕمێ و نەمامی ئاواتە بەرزەکانی بە گژەی رەشەبای سەردەم لارەمل دەبێ، چ چارێکی هەیە جگە لەوە پەنا

باتە بەر خەیاڵ، عالەمێک کە هیچ پەرژین و لە مەپەرێکی بۆ نییە. عالەمێک کە مەلی بەرزە فڕی خەیاڵ، ئوقرەبڕاو پاوانی گوند و عێل بەرەو کەعبەی ئاوات جێ دێڵێ و سەدان خۆزگە دەخوازێ:

کیژ دەڵێ: خۆزگە بە خۆزگەی دەئیمانداران
ئەمن دارێک بام لەو شەنگە بیانەی لق شۆڕی سەرەوژێرە
روابام لە مێرگی پاراوشین و زەنوێرە
لقێکم رۆیشتبا بۆ کوێستانی بڵیند و سازگار
لقەکەی دیکەم بۆ گەرمینی دەگەرمە سیرە
هەمو عەسران لە بن لقی دەکوێستانم رۆنیشتبان
ئەو مەلاو خوێندکار و میر و سوار چاک و جوانمێرە
نێوەڕۆیان لە بن لقی دەگەرمێنێم رۆنیشتبان ئەو سەپان و وەرزێر و ئاودێرە ... وەرە ئازیزە ...

لە گەرمەی داوەری و بڕیاردان‌دا جگە لە وە کە حەیف و مخابنی دێتێ بۆ بەختی چەواشە، سیفەتی مێردەگولە دەداتە پاڵ رەقیب و هەندێ‌جاریش بە دەعبای دەشوبهێنێ کە خۆی بەشێکە لە بڕیاری سزادان.

لە بەندی **گوڵێ**دا، دوای ئەم بابەتە، وێژەر سواری ئەسپی خۆشبەزی خەیاڵ دەئاژوێ و سنووری نیشتمان تێپەڕ دەکا و خۆ لە بەحری عوممانێ دەدا تا هەم باری پەشێوی خۆی لە دەست جەوری زەمان رابگەیێنێ، هەمیش گیرۆدەیی خۆی بە ئەوینی **گوڵێ** بسەلمێنێ.

بەڵـــێ! ســـاتێک تەم و مـــژی غەم و کەســـەر لـە فەزای زۆربەی «**بەند**»ەکان نـارەوێتەوە و بیـر و هـزری بیسـەر دەخـاتە ژێـر جەزەبەی خۆی.

ژیانی پڕ سەخڵەت، ئەسرینی قەتیس ماو، ئەژنـۆی داخ و مخـابن، زۆر ئاواتی خنکاو لـە دەریـای بـێ بەسـتێنی خەیـاڵ، دیمەنـی بەرچـاوی «**بەند**

# حەیران

لە روانـــگەی زانســـتییەوە، ســـەلماندن و شـــیکـــردنەوەی هەر دیـــاردەیەک، پێوەنـــدی هەیە لەگەڵ بنەمـــای هۆکارەکـــانی گـــووران و پەرەســـەندنی ئەو. بەم پێـــیە حەیـــران لە رووی نـــاوەرۆکەوە ئـــاوێنەی سووچێ لەپێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و بـارودۆخی فەرهەنگی کۆمەڵی کـــوردەوارییە لەســـەردەمانێکی مێژویـــیدا، ســـەردەمانێک کە نیزامـــی عەشـــیرەیی بە پێـــی جوغرافیـــای سروشـــتی نـــاوچە و چلۆنـــایەتی پێوەنـدییەکانی کـۆمەڵایەتی - ئـابووری، هەروەهـا بـاری مێژوویـی بە پاڵپشـتی شـێوە ژیـانێکی هاوڕێـک لەگەڵ بـارودۆخی نێـوبراو بەردەوام بوو، وەک شێوە ژیانی: کۆچەری - نیوە کۆچەری - نیشتەجێیی.

حەیـران لە هەلومەرجێکـی ئەوتـۆدا خولْقـاوە، هەلومەرجێـک کە دەوری ســـەرەکی پیـــاو لەمەڕ بەربەرەکـــانی لەگەڵ نەیـــارانی عێـــل و پاراســـتنی ســـنووری لەوەڕگە و هێمنـــایەتی گشـــتی و ... بـــۆتە هـــۆی بەرزبوونەوەی مەزنایەتی باب و برا لەنـاو بنەمـاڵەدا. ئەوان داهێـنەر و بەڕێوەبەری یاسا و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بوون.

لەم بەستێنەدا ئـافرەتی کـورد تووشـی کەسـایەتێکی چەنـد لایەنـی بووە، ئەگەر لە لایەک سەرەڕای برەوسـەندنی ئـاینی ئیسلام لە بـاری بـیچم (لیبـاس) بە هـۆی بـاری گشـتی وڵات، دوور بـووە لە رووبەنـد و چارشێو و سەربەست ژیاوە، هەروەهـا ئەگەر دەنێـوە چـوو، بەزیبـک و دەسڕۆیشتوویە و قسەی برەوی هەبووە، تەنانەت لە کۆڕی پرس و رای پیاواندا بەشداریان کردووە، لەلایەکیتر لە هەرەتی لاوی و کاتی دیاری کردنی چارەنووسی، گـویێ نەدراوەتە ویسـت و دڵخوازیـان، پاشـان دوو غونچەگوڵ ژاکاون و کەوتوونەتە ژێـر زەخـت و تەوژمـی داب و نەریـت، لە ئاکاما توشی قەیران (بحران)ی رووحی و فیکری بوون و کەوتـوونەتە ناڵە و فغان تـا سوکنایی بە رووح و لەشیان دابیێ. «کوڕ»یـش بەبـۆنەی زەخـت و سـەخڵەتێکی کە کـچ تووشـی بـووە، وێـڕای ئەو، دەکەوێـتە کێـژاوی مەیـنەت، دەبـنە هاودەنـگ و هـاوڕاز، هەردووک سـەر خـۆش و مەسـتی بـادەی ئەویـن و پاشـان ئەنگـاوتەی یەک تیـر، هەر دووک نیچیـرێکن لـە داوی شاسـەییادی کـۆمەڵ. لە راسـتیدا سـەرینچاوەی حەیران پێوەندی بەم خاڵە گرینگەوە هەیە. یانی هەلومەرجێکی ئەوتـۆ بۆتە هۆی گووران و پەرەسەندنی حەیـران لە ناوچەکـانی کوردسـتاندا. لەم روانگەوە **یەکـێ لەتایبەتمەنـدییەکانی هەرە گرینگـی حەیـران، باری ئەویندارى ئەوە**. هەر سۆز و ئاهەنگ و هەوایەک کە بێ بەش بـێ لەم خاڵە، ناتوانێ لە ریزی حەیراندا بێتە ئەژمار.

هەروەک کوتمان. حەیران سکاڵا و دەربڕینی هەستی پـڕ سـۆزی هەر دوو بەرەی لاوی کـور و کـچە، ئاکـامی ئەویـش رامـاڵینی تەم و مـژی

خەفەت و سوکنایی دڵە، کەئەم ڕەوتە بیر و زەینی بیسەریش دەگرێتە بەر و ئەم شوێن و کارتێکردنەی لە سەر ئەوانیش دەبێ، یانی هەست کردن بە زامێکی هاوبەش، یانی چەشنێک پێوەندی نێوان حەیرانبێژ و بیسەر. وەک ئەوەی سەردەمانی رابردوو لە بیر و هزری بیسەری ئەوڕۆی کورد گیانی گربێتەوە.

لە رووی ناوەرۆکەوە، هەندێ لە حەیرانەکان، لەبنەڕەتا ژن کوتوونی، بەڵام بە هۆی بارودۆخی تایبەت، بۆی نەلواوە کە دەنگ هەڵبڕێ، بۆ وێنە سەرنج دەدەینە چەند نموونە حەیران کە لە زمان ژنەوە تۆمار کراون.

کیژی هیوا بڕاو، ئاوا سەر کۆنەی دایکی کوڕ دەکا:

حەیرانێ وەرە لە کانێ شوبری
بۆم بڵێن بە دایکی کوڕەحەیرانێ
ئەوە نە نوێژان بکا و نە رۆژوان بگری
ئەگەر بمداتەوە بە کورەحەیرانێ
وەبزانێ دەست بە ئاڵقەی کابەی دەگری

یان تووک و دۆعای نابەخێر:

رەببی لە سەری بابی کورەحەیرانێ بێ سندان
لە زگی دایکی بێ رەقە ناسۆرە
ئەوە خوێنی منی ماڵوێرانیان بۆ هێندە پێ زۆرە

یان:

حەیرانێ وەرە لە کانیلەی مام خاڵێ

کورهحەیرانێ من دینێ ژنێ
ئەوە بابی وێی ناداتەوە ماڵێ
ئەمن تەڵەبێ لە خوداوەندی عالەمیان دەکەم
حەوت ساڵان لە بەندی حەجەم و رۆمێدا بناڵێ

هەر بە پێی ناوەرۆکی زۆربەی حەیرانەکان، رێی هەیە بە هەندێ وردبوونەوە و سەرنجدان بە نێوی شوێن و مەڵبەندە سروشتییەکان، جوغرافیا واتا شوێنی سەرهەڵدان و رادەی تەنینەوەی ئەو دەسنیشان کەین، بەم پێیە ئەگەر ناوچەی موکریان مەکۆی پەرەسەندنی بەیت و بەند بووە، ناوچەی دەشتی هەولێریش بووە بە بێشکەی حەیران، بەڵام ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرە بەو مانایە نییە کە لە لە ناوچەکانی تری وەک موکریان و بەشی خواروو، حەیران هیچ برەوێکی نەبووە، بە پێچەوانە کەم بەیتبێژی موکریانی هەیە کەچەند پارچە «**حەیران**»یش نەزانێ. بە وتەیەکی تر لە گشت ئەو ناوچانەی کوردستان کە ئاخاوتنیان بە زاراوەی سۆرانییە، حەیران برەوی هەیە یانی لانی کەم تامەزرۆی بیستنی ئەون.

لەمەڕ دابەشینی حەیران و دیاریکردنی جۆرەکانی ئەو هەندێ لە حەیرانبێژانی نەمر، بیر و بۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە، یانی زۆربەیان بە سەر شوێن و مەڵبەندەکانی کوردستان و بە پێی زاراوەی خەڵکی ئەو ناوچانە، دابەشیان کردووە، کە ئەم رایە لە بنەڕەتا دەگەڕێتەوە سەر ناوچە و زێدی حەیرانبێژ.

بۆ وێنە، هونەرمەندانی نەمر: **رەسول گەردی ـ دەروێش عومەر**

**شێخ شیروانی**، حەیران بە نێوی سێ ناوچەی: **دەشتی دزەیی ـ خوشناوەتی ـ پشدەری**، دابەش دەکەن.(١٨)

لە بۆچونێکی تردا، **سەعید باراوەیی** (ساڵی لە دایک بوون ١٩٣٢ ز دانیشتوی هەولێر) حەیران بە پێی شێوازی گوتن بە چوار دەستە دابەش دەکا: حەیرانی **هەڵدان** واتا دەنگهەڵێنان ـ **مەجلیسی ـ ئیختیاری ـ غەریبی**.(١٩)

هەروەها کاک **سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی** وەک دڵسۆز و کارناسی ئەم بەشەی فۆلکلۆر دەڵێ: حەیران دوو جۆرە: **مەجلیسی ـ هەوایی**. لە باری ناوەرۆکەوە بەم بابەتانەی دابەش دەکا: **دڵداری ـ غەریبایەتی ـ ئایینی ـ مێژوویی ـ پێدا هەڵدانی منداڵان و** ... (٢٠)

وێڕای کڕنۆش بۆ گیانی پاکی ئەم بلیمەتانە و رێز بۆ کەسایەتی هونەری ئەوان بەورد بوونەوە لە هۆی بەدیهاتن و گەشەسەندنی بەند و حەیران (ئەم بابەتە لە بەشی بەیت و بەند و هەروەها بەشی سێهەم زۆرتر شی کراوەتەوە) و ناوەرۆکی زۆربەی ئەوان، دێینە سەرئەم رایە کە بۆچوونی ئەم بەرێزانە دروست نییە ونـاتوانێ جێی ممتانە و پشتپێبەستن بێ بۆ کاری لێدوان و توێژینەوەی حەیران.

کوتمان کە حەیران لە تەواوی ناوچەکانی سەر بە زاراوەی «سۆران»ی بە رادەی جیاواز لە یەک بڕەوی هەیە کە لەم رەوتەدا جیاوازی زاراوە و بن زاراوەی ئەم لقە زمانە لە مەڵبەندەکانی کوردستان شتێکی ئاسایی و سروشتییە، یانی ئەگەر راوێژ یا فۆنۆتیکی دوو حەیرانبێژ سەر بە دوو ناوچە، جیاوازیان هەبێ، هەرکیان لە حاست

بابەت و ناوەرۆک یان باشتر بڵێین رووحی مەبەست هاوبەشن. جگە لەم خاڵە، جیاوازییەکی تر رادەی پشوو و توانا و بەهرەی حەیرانبێژە کە ئاهەنگ و شێوە کوتنی دوو حەیرانبێژی دانیشتووی یەک ناوچە لێک جیاوازن.

ئەم مەبەستە کوا دەبێتە هۆی دابەشینی حەیران وەک دوو یا چەند شێوازی لە یەک جیاواز؟

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی حەیرانی رەسەنە، هەروەها وڵامی ئەم پرسیارە کە ئایا رێی تێدەچێ لە بواری ئەدەبی زارەکیدا هەرچی کوتراوە و تۆمار کراوە بە «**حەیران**»ی شاز و رەسەنی لە قەڵەم دەین؟

جگە لە باری ئەوینداری وەک خاڵێکی بەرچاو لە تایبەتمەندییەکانی حەیران (لاپەڕەی ٤٩)، رادەی چەندایەتی بەندەکانی حەیرانە.

ئەگەر نموونەکانی زۆربەی حەیران بێژانی بە نێوبانگی دەشتی هەلێر و ناوچەی موکریان، هەروەها ئەم نوسخانەی ژن کوتوونی بخەینە بەر وردبینی و سەرنجەوە، دەبینین هیچ کامیان لە سێ بەندیان زیاتر نییە. کە وا بوو **دووهەم تایبەتمەندی حەیران بوونی تەنیا سێ «بەند»**ە یانی یەکەم بەند لەیەک هەتا سێهەم دێری حەیران ـ سێهەمیان دوادێری حەیران ـ دووهەمیان لە مابەین بەندی یەکەم و سێهەمدا.

سێ بەندەکانی هەرکام لە نموونە حەیرانەکانی لاپەڕەی ٥٠ و ٥١ مان بەنیشانەی (ـــ) دیاری کردووە. ئێستاش چەند نمونەی تر:

حەیرانبێژ ـ خوالێخۆشبو: **حەسەن حەیران** (دانیشتوی مەڵبەندی هەولێر (١٩٨٤ ـ ١٩٣٧ ز).[٢١]

چەندی گاز دەکەم دەرێم: خۆزیا بە خۆزی داران دەبا من کوریکەک بامایە لە کوریکی لەیلایێ١

ئەوەڵ فەسڵی دەربواران شین ببام لە سەر قەراتی پیرە هەولێرێ هەموو دانی سبەینان دەبا بەری خۆم دابایە هەر دوو دەرکەی سەر راڕاییێ٢

ئەمن دۆنێ لەمەرکەزی ژاوانێ گەیمە دوو چاوێ بەرەک لە من وابی دەدامێ

لە من وابی دەگەمە مزار و مەخسودی من، نەمدەزانی لە پێیانم دەکەنەوە سندمێ

لە دەستانم دەکەنەوە کەلەمچێ کە لە بەدەرکی غەمبەیار دەمنێژن حەفت قۆناغ لە خوار لە بەغدایێ٣

*

## **رەسوڵ گەردی** (١٠٢٨ ـ ١٩٩٩ز)[٢٢]

حەیران ئەوڕۆ هیوارێ پێرو ئاوا بوون شەو گەلەک درەنگە لۆ جێژوانێ١

گەلی خزم و برادەرینە! بریا ئەمن هەموو فەسڵی بەهاران ببامە خەرجەستێنی ماچان لە خزێم زێڕ وسەربەلاسەرە و تیلاکەخواری کیژۆرە گەردیان وەکی دێنەوە لە سەر کانیێ بەحرەکەی سەر لە سیبیانێ٢

گەلی خزمینە دوگمە و گۆبەرۆک و بازن دەنگ دەدەنەوە لە ناو ماران و لە سەری کۆرانێ٣

*

حەیران نیسان بەسەرچوو رۆیی لە خۆمان١
گەلی گوندینە ئەمن ئەورۆ سیبیانێ ئاورێ خۆم دەداوە
لە کانە و کانیلان جەیدەی لە کان دزەی بادینان٢
قاز و قورینگ نیشتنەوە لە مێرگ و چۆمان گەلی خزمینە!
حەیرانەکەی من کارمامزەکی چاوڕەشی گەردن سپی نێک بە خاڵە
هەمو هێوارە و سبیانان لەگەڵ کۆمەڵەکی ناسک و ناسک بەدەنان
کوندەی هەڵدەگرن دەچنەوە سەر هەردوو گۆمان٣

*

## دەروێش عومەر شێخ شیروانی[٢٣]

لاجان بەچەرخە١
لە سەری مەڕە و لە بنی بەرخە٢
حەز لێکردنێ من و کچەتیم حەیرانێ
حەز لێکردنی خاتوون ئەستی شێخ فەرخە٣

*

## خورشید فەقێ عەزیز ئەحمەد (١٨٧٥ - ١٩٨٥ ز)[٢٤]

ئەورۆ هێوارێ گەواران لە گەواران دەخورێ١

بڕواننە زەردێ گەردەنێ جووتە شەمامی بێمرادان
شەوێ کەلەکان دەگۆڕن بە جووت کراسیان دڕی٢
چاوێ بەکاری من و حەیرانێ کۆرە بێ چیبکەم ئەوسار
لە خەرکی شایی و گۆوەندە ئەمن و بەژنێ باریکیان لێک دابڕی٣

**خدر ئەحمەد برایم** (خدر گراوی)[٢٥]

حەیران دانیشتی‌یە بە خان و مانی١
چاوت رەشە تێمەکە کل و دەرمانی٢
حەز لێکردن خۆشە بەران عالەم پێ نەزانی٣

*

## ئێستاش چەند نموونە حەیران لە ناوچەی موکریان:

ئەوە کیژ دەڵێ دەولامێکم بۆ بنێرە هەڵگوردی دەگەڵم یار بێ١
سەری خۆم لەبۆ شۆڕ وەکا
با کەلێنی دەربەندی بەقوڕێ گیراوم لێ دیار بێ٢
هەر کەسێ دەکا مەعبەینی دوو دڵان
بەهاری بمرێ کەڵی بەرجووتی
پایزان بەرانی گەڵ مەڕی
زستانان کوڕە جحێڵەی سەر بانی
ساڵ دەری دوازدەی مانگێ عەزیەتکێش و رەنج بەخەسار بێ٣

*

وەرە کێژۆڵێ: ئەمن چەندم گاز کردێی لەئێران و لە نازەنینان١

ئەمن نەخۆشێکی گەلێ گەلێ گرانم کەوتوومەوە لە سەر جێ و سەرینان٢

وەرە کێژۆڵێ: بەژنی تۆ بە من بمێنێ بە قۆپەنێ دەشەنگە بیزایە

ئەگەر دەروسقا لە سەری ئەستەڕی، لە دامێنی برایم جەلالی

ناوەڵڵا لە نواڵەی دە کاولە شینان٣

*

**ئەمەش چەند پارچە حەیران کە راستەوخۆ لەزمان ئافرەتانی موکریانی تۆمار کراون:**

هەتیوە حەیران لە کوێت گاز کەمێ، لەمێرگی شینە

ئەمن جۆلانێکت بۆ هەڵدەبەستم بەشەدەی

ناوەڵڵا بە دەسرۆکەی دە هەورینە

ئەگەر دەوێشدا خەوت لێ نەکەوی

دەتهێنمەوە سەر سینگ و مەمکی دەهەورینە

*

حەیران وەرە لە لای رەبەتێ

ئەمن دەچوومەوە ماڵە بابی کوڕە حەیرانێ

هەر بە بیانووی چووکەڵە حاجەتێ

ئەوە دایکی کوڕەتیوە حەیرانێ بۆم هات

هەر وەکوو ئاورەکەی دەقودرەتێ

*

گەلی دە دۆستان! گەلی دەبرادەران
حەیرانێکی دەلێم بەویَ غەمباری
ئەوە رەبی دای و بابی من چ خۆشیان لە خۆ نەبینن
نەیانهێشت لە دنیایە حاسڵ بیَ مرادم
نەیاندام بە کوڕەحەیرانیَ خۆم
دەم لە سەر تۆپی جانبێزاری
ئەگەر لە سیباری دەشەوێدا لە قەدی خۆییم بشەتێنی
تێکەڵ کەین سمێڵ و بسکان هەرامەتی هەر لەپشت دیواری
*

حەیرانی! بنیَ سوڵتان مستەفا لە من بە چەرخە
ئەوە لە سەری دەلەوەڕێتەوە مێگەلە مەڕە
لە داوێنی دەلەوەڕێتەوە هەرامە بەرخە
ئەوە کوڕ دەڵیَ: مەقسوودیَ دۆستان و برادەران و برایان حاسڵ بوو
ئی من و بەژنیَ باریک بۆتەوە خاتوون و فەرخە
*

حەیران دەڵێم ئاوی لە کوێستانان لەمن دێنە خواریَ هەر بە تیژی
بە سەر سوێسنە و هەڵاڵە و بەیبوونی دەسەر بە گژنیژی
ئەنگۆ خەبەرێکەم بۆ بدەن بە هەتیوحەیرانیَ
ئەوە حەوت دانەساڵە لە ماڵە بابم دانیشتووم هەر بە کیژی
*

حەیران دەڵێم لە مێرگە رۆیە
ئەسپی «کوڕەحەیرانێ»م هاتە سەر پاشوان دەکا نسکۆیە
بریا سینگی من تات و تاتەبەرد بایە
لێی کردباوە هەر چوار فەڕزان، کوڕە حەیران دەگەڵ نوێژی دەنیوڕۆیە

*

یەکێ لە بایخەکانی سەرنجدان بەنموونە حەیرانی رەسەن لەم خاڵە دایە، تا بەڵکوو ببێتە ڕێبازێکی بێ کەند و کۆسپ بۆ موسیقازان و هونەرمەندانی لاو، کە هاتوو خوداوڕاستان روویان کردە ئەم بەشەی فۆلکلۆری کوردی بە ئەرخەیان و متمانە کەڵکی پێویستی لێ وەرگرن.

# گووران و هەڵدانی بەیت لەرەوتی مێژوودا

## سەردەمی گوورانی بەیت

لە تۆێژینەوەی زانستی و بنەڕەتی هەر بابەتێکی مێژووی «کات» واتا زەمان وەک رێنوێن دەورێکی بەرچاو دەگێڕێ لە گەیشتن بە مەبەست. بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی ناسنامە و هۆی هەڵدان و پەرەگرتنی هەر دیاردەیەک لە رەوتی مێژوودا هەڵسەنگێنین و لێکی دەینەوە، پێویستە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم قۆناغە، هەروەها شێوە و پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان کە کۆمەڵی ئەوسەردەمی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی، بێنینە بەر لێکدانەوە و پشکنین. ئینجا بە

پێی ئاکامی ئەم لێدوانە، بەرهەمی فەرهەنگی و ئەدەبی ئەوسەردەم بەراوەرد بکەین و بە پێوانەی بایخەکانی وێژە و ئەدەبی ئەوڕۆیی سەنگ و سووکیان بکەین و لە ئەنجاما پلە و بایخی راستەقینەیان بێنینە ڕوو و بیکەینە ئامیانی پەرەگرتنی هەموو لایەنێکی وێژە و ئەدەب.

دیارە کە مەبەستی ئێمەش واتا بەیتوباو لەم شێوازە هەڵناوێردرێ. دەجا هەرلە مەڵبەندی موکریانەوە سەر لە کازێوەی بەیان لە گوێن «**قاسیدی زێڕنۆکی**»[١٠] کالۆکێ بکەینە پێ و خۆمان شەتەک دەین، پەرژین و پاوانی سنووری زەمان تێک رمێنین، بەرەو بێشکەی بەیت، مانگ و وەرز و ساڵ تێپەڕکەین، بڕۆین تا سەردەمی گوورانی بەیت.

دەمەوبوومەلێڵی رۆژپەڕان لە بن تیزماڵکە بەردی زۆزان و رژدان خۆ حەشار دەین، بۆسە بگرین لە ژێر زرووقە و گرشەی ئاگر دەبینین کە باو و باپیرانمان چلۆن لە دەم پاناوکی بەر ئەشکەوتێ یا سووچی زەندۆڵ و شکێرێ، ماندوو و شەکەت کۆزیلکەیان بەستووە و کەوڵەتیسکنێک لەبەر، چێوێک یان تەڵەسمە بەردێک لە دەست، هەریەک باس لە کار و هەوڵی بێ وچانی ئەو رۆژە دەکەن، دەگێڕنەوە کە لە بەر تەوژمی لافاوی خڕ و لێژان، شریخە و بروسکەی گەواڵە هەوران چلۆن قوتار بوون. لە پێشا بە قیژە و هەرای بێ وادە، پاشان نزم و هێدی دەکەونە گۆ. بۆخۆڕاگری باشتر لە حاست هەموو رووداو و کارەساتێک ئاپۆرەی ئەشکون و تەلان و رژدان یەک دەگرن، خاوەنێتی

گشتی (مالکیت عمومی) هەموو بارەکانی ژیان تەنانەت پێوەندی نێوان ژن و پیاویش دەگرێتەبەر. هەموو کار و کردەوەیەکیان وەک دابینکردنی بەرهەم و بژیو، راو، بەرەوڕووبوون لە گەڵ دیاردە سروشتییەکان، بەتێکرایی بەڕێوە چووە، بەشداری لە هەر چەشنە دەسکەوت و بەرژەوەندییەک بە تێکڕایی بووە.

خێرا قۆناغ تێپەر دەکەین: کاری کۆمەڵایەتی دابەش دەبێ، بنەماڵە پێک دێن، چەندی ئەوانیش یەک دەگرنەوە و هۆزێک پێک دێنن، ردێن سپی و پیاوماقووڵانی قەبیلە، چاونەترس و ژیر و دلێرێک بە سەرۆک هەڵدەبژێرن. سەرۆکی هۆز دەست رۆویشتوو و کارامەیە، باوەڕپێکراو و بەمشوورە، کە بانگەوازیدا بە دەنگییەوە دێن، لە کاتی مەترسی و کارەساتا ئەمیش بە هانایانەوە دێ، دەبێتە پێشەنگی قۆشەن، راو دابەش دەکا، لە دابەشینی داهات و بژیو، دەستی هەیە، بەڕێوەبەری رێوورەسمی ئایینی و کۆڕی رێز و کرنۆش لەبەر خوداکانە، بە کورتی خۆشەویستی گەل و هۆزە. هەستی ئەم هۆگری و خۆشەویستییە لە دەنگی زوڵاڵی وێژەر و خۆشخوانان دەنگی دەدایەوە و بەم جۆرە رێزیان لە پلە و بایخی سەرۆک دەگرت و بە ورە و جوامێری و ئازایی ئەویان هەڵدەگوت، لەپێشا بە چەشنی هەرا و زەنا، پاشان بە ئاهەنگ و ریتمی تایبەت، «**نەیار**»یان لەگەڵ خودای شەڕ دەشوبهاند، ئەهوورا و خودایانی تری خێر و فەڕیان دەکردە پاڵپشتی کەسایەتی سەرەکی مەبەست.

وەرزەکان بە دوای یەکدا دێن و دەڕۆن، رۆژ بەسەدان جار هەڵدێ و

ئاوا دەبێ، تا ڕۆژێ مەزنەپیاوی هۆز بە دوای کارەساتێک لە شەڕگە یا ڕاوگە، تیری ئەجەل هانای دەپێکێ و دەنگ خۆشان تێهەڵدەکەن و بە ئاهەنگی هەستبزوێن کارێک دەکەن کارستان، دژایەتی گڵ دەکەن کە مەیلیان نەبڕێ و یادیان پیرۆز و نەمر بێ تا ڕادەی «ئۆستوورە»یەک. ئەم دیاردە فەرهەنگییە زۆر زوو دەکەوێتە بەردڵان و برەو دەستێنێ.

لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسیشەوە، هەم وێژەر و هەم بیسەر دەکەونە گێژاوی خەیاڵ و جەزبە، ئا بەم شێوە خۆیان لە بارستی کەسەر و پەژارەی ژیان ڕزگار دەکەن و سوکنایی بە رووح و لەشیان دادێ. بەم جۆرە تۆوی بەیت دەگووڕێ و لە وێنەی زارۆکێ لە بیر و هرزی وێژەردا فرچک دەگرێ، لە سینگی ئەم و ئەو وەروێرکە دەبێ، سەروپێچک دەگرێ، گاگۆڵکە دەکا و پێ دەگرێ، ژیوەڵە دەبێ، ڕوحسووک و لەبەردڵان، ئینجا زەوت نابێ، لە لاقان وەردێنێ و بێشکەی ژیان و هەرێمی خۆ جێ دێڵێ بەرەوتەلان و لێڕەوار و هەوارگە. ئێمەش شوێن پێی هەڵدەگرین و بە دوای ئەودا ...

هەر لە ڕەوتی هەزارەی یەکەمی بەرلە زایین «**مانئا**»کان و بەدوای ئەوان «**ماد**»ەکان دەورێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبوو لەداڕشتنی بنچینەی قەڵای شارستانییەت لەم وڵاتەدا، هەروەها پەرەپێدانی هەرێمی ژێر دەسەڵات بە تایبەتی داگیر کردنی شاری نەینەوا لە ساڵی ٦١٢ی بەر لە زایین، ڕێی سەقامگیربوونی «**ئیمپراتووری ماد**»یان مسۆگەر کرد. کە بەدوای یەکێتی لەگەڵ قەومی هاوتۆرەمە و هاوزمان، یانی «**پارس**»ەکان ئەزموونی پاراستن، هەڵدان و پەرەسەندنی دەسکەوتی

ژیاری و پێشکەوتووییان لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی‌دا هێنا ڕوو. تەنانەت بە وتەی مێژووناسان تەپۆڵکەی حەسەنلوو، هەڵکەوتوو لە رۆژئاوای گۆلی ورمێ، ناوەندی حکوومەتی ماننا‌کان بووە.

هەرچەند لە سەدەکانی دوایی‌دا زۆربەی ئەم دەسکەوتانە بە هۆی ئافات و بەڵای سروشتی، شەڕ و شووری ناوخۆ، شەڕفرۆشی دراوسێکان پەلاماری بێ بە زەیانەی، **ئەسکەندەر ـ قەومی مەغوول ـ تەیموور** و ... تۆزی فەوتان و نەمانیان کەوتە سەر، بەڵام لە باری فەرهەنگی، شوێنەواری شارستانییەتی کەونارا لە ئەدەب و وێژەی نەتەوەکانی تری ئەم وڵاتەدا رەنگی داوەتەوە. لەم بابەتەوە دوکتور **پووورداود** وەک زانایەکی ئەدەبی باستان دەڵێ:

«شوێن پێی ئایینی ئێرانی باستان نەک تەنیا لە دیوانە شێعری شانامە ـ گەرشاسب نامە ـ قابوس نامە ـ بەڵکوو لە سەرانسەری ئەدەبی هەزار ساڵەی فارسی، چ شێعر، چ پەخشان دەبیندرێ»[٢٦]

جا جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بە وردبوونەوە لە هەندێ بەیت و باوی کوردی وەک ناسنامە و تەنیا یادگاری سەدەکانی پێشوو، رەگەی تایبەتمەندی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی کەونارا دەسنیشان کەین. (تەنانەت وێدەچێ هەر لە سەردەمی «**باستان**»یش چەشنێک لە «**بەیت**»مان هەبووبێ کە ئەویش وەک زۆر شوێنەواری تری شارستانییەت، بەرە و هەڵدێری نەمان گل داربێ و تێدا چووبێ).

بۆ وێنە سێ بەیتی **لاس و خەزال ـ مەحمەڵ و برایمی دەشتیان ـ**

**بارام و گوڵەندام** دەخەینە بەر سەرنج و پاشان وتەیەک:

ئەگەر خووخـدە و گشـت بڕیـار و ئاکـاری خەزاڵ وەک دەورگێڕێکـی سەرەکی بەیت بخەینە روو، هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی عێل، مەیـتەر و یەختەرمە و یەختەرخان، شوان و بێری و مێگەل، بارەگـاو کـارەکەر ... هەموو بە ئاماژەی سەرپەنجەی ئەو بەڕێوە دەچێ، حوکمات دەکـا و حوکمی رەوایە، تەنانەت هەستی ئەویـن و ئەویندارییشـی، هەڵقـوڵاو لـە هێز و دەسەڵاتداری ئەوە. بۆ گەیشتن بە ئاکام و مەبەستی دڵ لـە هەوڵـی بێوچان دایە، بەڵام نەک لـە بەر رووگەی ئەوین (**لاس** ) ناکرووزێتەوە و کڕنۆشـی نابـاتە بەر، بەڵکـوو دەیهێنێتـە ژێـر جەزبەی عیشـقەوە، گیرۆدەی خۆی دەکا، لـە «**خانزاد**»ی رەوگیر دەکـا، بە شـوانی دەگـرێ، پاشان بە مەکرەوە حوکم دەدا چل پلەی عوممـانێ «**گوڵی شۆران**»ی بـۆ بێنێ:

« ئەمن گوڵم لە توو دەوێ لە مێرگە خڕکەڵێ

گوڵم دەوێ لە مێرگە چووکەڵێ

گوڵم دەوێ لە مێرگەشینێ

گوڵم دەوێ لە مێرگەزردێ

ئەمن بەوان گوڵانت لێ نابم رازی

بە خودای دەبێ عام گوڵی عومانێم هەر بۆ بێنی بە دیاری»

لە پاشان بە گژ «**مامەرەش**»ی دادەکـا، پـاڵەوانی دێوئاسـای پـێ دەکووژێ:

«تەماشا دەکا چوار پاڵەوان دەگەڕێن دەکەن سەیرانی

ئەگەر لاسە شۆریان دی لە زەمانی
هەر یەکە گورزێکی گەورەیان دانا لە سەر شانی»

لاس دەستی دا رمبی نەزەری، کوتی:
«بڵان ئەوانە بکووژم بڵا سەر کردە پێ بزانێ
سێ یانی سەر بڕی، ئەوی دی گوێی پچڕی: خەبەرێ بۆ سەرکردە بەرە، بڵا پێ بزانێ!»

باری غەنایی و ئەوینداری بەیتەکەش بەشی هەرە زۆری لەم شێعرە جوان و پاراوانە پێک هاتوون کە «**لاس**»ی سەوداسەر بە خەزاڵ هەڵدەڵێ.

لاس بەڵێنی دەباتە سەر و دەگەڕێتەوە، شەنگەسواری بێزراو لە عێل و عاشیرەت پێ لە ئاوزەنگی لە گوێن تیری دەرچوو لە کەوان، دەستێک هەوسار و دەستێک چەپکە گوڵی شۆران بە پڕتاو بەرەو کۆشکی خەزاڵ رکێف لێدەدا و دەئاژوێ، تا لە پڕ ئەنگاوتەی «**تیری چڵکنان**»[11] دەبێ. تەنانەت کاتێک خەزاڵ لاس بە جل و بەرگی شوانی، بۆ دیاری کردنی «**حەق**» و چوار چێوەی ئیش و کار دەنێرێتە لای باوکی، بابی دەڵێ: «رۆڵە! ئەو بۆ تاقیکردنەوە ئەتۆی ناردۆتە ئێرە، دەنا شوان گرتن و شوان دەرکردن و وڵات وێران کردن هەر بە دەستی ئەوە بە ئێمە نییە».

یان کاتێک خانزاد وەک کەسایەتییەکی دژ بە ئەوینی خەزاڵ دێتە کایەوە و دەور دەگێڕێ ئەم دژایەتی و ئینکەبەرایەتییە جیا لە پڕ تاموچێژکردنی ناوەرۆک، بۆتە هۆی روون بوونەوەی گشت لایەنی

کەسایەتی دەورگێڕانی بەیتەکە.

خـــــــانزاد، حەڵاڵ و مـــــــــــارەکراوی «**لاس**»ە. بەڵام کە رووی لێوەردەگێڕێ، ناخەجڵێ و وەک **خـاتوزین و مەرزینگـان** دەست و پـێ سـپیلکە نیـیە، سـەرەڕای گیروگرفـت تـا رادەیەک سـەرکردایەتی عێـل وەئەستۆ دەگرێ و هەست بە بەرپرسێتی دەکا:

«بزانە دەگەڵ ئەو عێل و مەخلووقەی چم لێ قەوماوە
هەزار و حەوسەد ماڵی باڵەکیان بەسەر ئەمندا بەجێ ماوە»

پاشـان هەمـوو عێلـی بـاڵەکی دێنێـتە سـەر رێـی لاس و خێـوەت هەڵدەدەن.

هەرلە درێژەی ئەم باسەدا، ئاماژەیەکی کورتیش دەکەینە بەیتی «**مەحـمەڵ و برایمـی دەشـتیان**»[١٢]. یـانی پاشـایی پـڕ زەبـر و زەنگـی خـاتوون پەریخـان حـاکمی شـاری چەلیـان، کچـی میـر زۆرابخـان. لە سـەرەتای سـەدەکانی ناوەراسـت تـا سـەدەی بیسـتەم لە وڵاتـانی وەک روسیای **تزاری ـ ژاپۆن ـ چین ـ ئێران ـ فەرانسە و** ... وا بـاو بـوو کەهەمیشە کوڕێکی پاشا یان ئێمپراتـووری بە جـێنشین یـان وەلیعەهـد دەسنیشان دەکرا و ئێستاش لە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی ئەم نەریـت و یاسایە بەڕێوە دەچێ. کەچـی دەبینـین لەم بەیـتەدا میـرزۆراب کە پیـر و پەکـکەوتەیە، سـەرەڕای ئەوە کە کـوڕێکی مێرمنـداڵی هەیە، خـاتوون پەریخان کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەبـا، پاشـایەکی بـێ بەزە و خـوێن رژە و رۆژ نییە کە لە سەر ویست و دڵخوازی جینسی کەسێک نەکووژێ (مامۆسـتای نەمـر، هـێمن لە روانـگەی زانسـتی پێسـیکۆلۆژییەوە

روانیویەتە ئەم مەبەستە و گریمانەی جینسی بە سەبەب و هۆی ئەم پیاوکوژییە دەزانێ) خاتوون پەریخان بەم شێوە ڕای‌دەبوێرێ، تا چارەنووس «**مەحمەڵ**»ی دێنێتە سەر ڕێ. هەر کە چاوی پێکەوت ئاگری ئەوین لە دڵی ڕەشی بڵێسە دەستێنێ و هەستی تۆڵە و جەور و خوێنمژی دەکاتە سووتویەک کە گوڵی هیوا و عیشق و وەفا لێی دەگوورێ و دەپشکوێ. بە هەر لەونێک بێ خۆی بە ئەستۆی دادەبڕێ، لە باب و حوکمات تەوەلـلا دەبێ. شارەزایەکی شوێنەوارە باستانییەکان لەمەڕ **بەردە کونتێ** کە یادگاری هەزارەی یەکەمی بەر لە زایینە، رای خۆی وەک پرسیار ئاوا دەردەبڕێ: «ئایا بڵێی پەیوەندێک لە نێوان دەخمەی بەردە کونتێ و قەڵای شەیتان و ئاتەشگەکانی ڕێی سپی، لەگەڵ بەیتی مەحمەڵ و برایمی دەشتیان‌دا نەبێ؟»[٢٧]

دەبێ مەبەستی لەم شوبهاندنە، ئەشکەوتی بێشوێ بێ کە لە بەیتی نێوبراودا باسی لێکراوە و شوێنی تێکهەڵچوونی سوپای میرزۆرابخانە لەگەڵ مەحمەڵ و برایم و کارەساتی کوژرانیان لەوێ رووی دەدا.

مەحمەڵ دەڵێ:

«کاکە برایم گیانە

ئەشکەوتی بێشوێ جێی باب و باپیرانە

چیدی گیرنابم لێرانە

ئەگەر سەرم ببڕن بە یەکجارییە

ئەمن دەس هەڵگرتنم لە ئەشکەوتی بێشوێ نییە»

ئەگەر لە لایەک دیمەنی بە ڕواڵەت سارد و کپ و بێدەنگی شوێنە

باستانییەکانی کوردستان دارماڵن لە سەدان بیرەوەری باب و باپیرانمان و هەر شوێنێک بۆتە مەکۆ و فێرگەی سەربووردە و مێژووی ژیانی جەماوەر، لە لایەکی تر بەیت بانگەوازێکە بۆ ناسینی ژیانی رابردوان، هاوارێکی پڕتاوتینی پەیکەرەی بەردینەی ئەم خاکەن کە بانگ دێڵن: لێمان سڵ مەکەن، مەخجڵێن، ئێمە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی رابردووتانین، زیندووکەرەوەی مێژووتانین.

هەروەها ئەوڕۆ گوڵەندام کچی عادڵشا لە بارەگای پڕ شکۆی خۆی کە جمەی دێ لە قەرەواش و کارەکەر و سەدان دەستەونەزەر لە تەدارەک دایە تا خۆر ئاسا لە کەل بێتەدەر و فەخر و شانازی بدا بە کۆڕی ئەویندارانی چاو لە ڕێ و دڵ بە ناسۆر.

جارچی جار کێشا، داد وهاوارە
مەعموور راوەستان کوچە و کەنارە
لە سێ جێ هەڵدرا بەندی سێدارە
نەوەک حوکم بکا ئە چاوبە خومارە
فتوای قەتڵ بدا، داخوا کێ چاری بێچارە
نەوەکوو کەسێک حەرەکەت بکا
ئەو قسەی کاڵ و نازیبا بکا
لە دڵی گران بێ لە سێدارەی بدا

ئەوە گوڵەندام هات، نۆ کڵفەتی دەگەڵ بوو. خەڵات دەبەخشن.
نوقرە و ئەشرەفی، گەنج وەک کەڵلەی کەو

سکەی بیست و چوار خەزێنەی خوسرەو
حەوسەت کەس راوەستان ئەوبەر ئەوبەر
هەموو دەستیان نا لە سەر گۆی خەنجەر
گەردنی ئاچغ کرد وەک حەوزی کەوسەر
عاشقان دەسووتێ ئەڕواح و جگەر

بەسەرنج دان و رامان لە بابەتی باسکراو و بە چاوپۆشی لە ئاڵوگۆڕ و دەست تێوەردانی نوسخەی سێ بەیتی نێوبراو ئەم پرسیارە خۆ دەنوێنێ:

تو بڵێی لە سەردەمی سەدەکانی زایینی لە چەند ناوچەی ئەم کوردستانەدا ژن تا ئەو رادەیە دەسەڵاتی هەبووبێ کە شێوەی «**مەزنایەتی دایک**» وەک قۆناغێکی مێژوویی بە سەر کۆمەڵگای ئەم ناوچەدا زاڵ بووبێ؟ خۆ ئەگەر لە روانگەی مێژوویی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و هەروەها زانستی کۆمەڵناسی تێی فکرین و ورد بینەوە «**مەزنایەتی دایک**» (Matriarcal) وەک قۆناغێکی مێژوویی بەرلە فرماسیۆنی کوێلەداری و تەنانەت بەرلە «**دابەشینی کۆمەڵایەتی کار**» هاتۆتە روو، دیارە ئەگەر گەشبینی زانستی بێتە گۆڕێ، هەر قۆناغ و «**فرماسیۆن**»ی مێژوویی، تایبەتمەندی جیاواز و سەربەخۆی هەیە کە لەم «**بەیت**»انەدا ئەم تایبەتییانە شاردراوەن وبەدی ناکرێن، بەڵام دەکرێ بڵێن لە سەردەمی ساسانییەکان، لە هەندێ ناوچەی ئێرانی باستان، چەشنێک مەزنایەتی ژن هەبووبێ ... وەک دەسەڵاتداری دوو

کچی خوسرەو پەرویز: **ئازەرمیدۆخت و پووران میدۆخت**. لە راستیدا کەم ژنی شانامەش هەیە کەسایەتێکی بە هێز و بەرچاوی نەبێ، جا بە وردبوونەوە لەدەقی ئەم سێ بەیتە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر بڵێین، لە سەردەمی باستان لە چەند ناوچەی کوردستاندا دەسەڵاتداریێتی ژن باو بووبێ، یانی چەشنێک شارستانییەت.

پێداگرتن و سوور بوون لەسەر گرینگی و سەرنج دان بە سەردەمی «**مەزنایەتی دایک**» وەک قۆناغێک لە مێژووی مرۆڤایەتی لەم خاڵەدایە کە خاوەنی زۆر لایەنی شاردراوەی سەردەمی باستان و مێژووی شاریتانییەتی ئینسانەکانە.

هەروەک **باخ ئۆفن** دەڵێ: یەکەمین نیزامێک کە لە مێژووی شارستانییەتی ئینساندا بەدی هاتووە و بۆتە سەرچاوەی نەریت و یاسای خووخدە و شەڕافەت و ڕەسەنایەتی ژیان، نیزامی «مەزنایەتی دایک»ە کەلە فەلسەفەی ئەوین و یەکێتی و ئاشتی سەرچاوە دەگرێ.[٢٨]

# وشەیەکی مێژوویی

لە درێـژەی ئەم باسـەدا بە پاڵپشـتی دوو بەیتـی کـۆنی «**لاس و خەزاڵ**» و «**مەحمەل و برایمی دەشتیان**» هەروەها بیروڕای هەندێ لە بلیمەتـانی کوردنـاس ئامـاژەی زاراوەیەکـی مێژوویـی دەکەیـن کە شـی کـردنەوە و لێکـدانەوەی ئەو دەخەیـنە ئەسـتۆی زانایـانی بەڕێـزی مێژووناس.

**واسیلی نیکیتین** چەند لاپەڕە لە کتێبە بە نرخەکەی خۆی (**کورد و کوردستان**)ی تەرخان کردووە بە لێکدانەوە و بۆچوونی پرۆفسۆر مارِ سەبارەت بە وشەی چەڵەبی. نیوبراو جگە لە مانـای: **رەسەن ـ نەجیب زادە ـ ئاغا ـ گۆرانی بێژ ـ شاعیر ـ خوێندەوار** ... لە بنەڕەتـا وەک نێویکی ئایینی لێی دەدوێ و رەگەی دەباتەوە ئایینی «یافسی»یەکـان و دەڵێ: چەڵەب بە مانای **خودا ـ چەڵەبی** = **خودایی**.

هەروەها لە فەرهەنگۆکی پاشکۆی نوسخەیەکی «**لاس و خەزاڵ**»[٢٩]

بە: **جوان چاک ـ لەبار** ماناکراوەتەوە .

لە فەرهەنگی عەمید لاپەڕەی ٥٤١ ئەم مانایەی بۆ دیاری کراوە: «لە سەردەمی زوو، لە زەمانی تورکی عوسمانی نازناوی ئەدیب و زانا و شازادەکان بووە».

«**نیکیتین**»یش بە پێچەوانەی «**مار**» بە پاڵپشتی بیروڕای «**کاترمێر**»و کتێبی «**ریشەی چەڵەبی**» نووسراوی ئوسکارمان، رەگەزی ئەم زاراوایە بە تورکی دەزانێ نەک کوردی.

بەڵام پرۆفسۆر مار رای وایە کە تورکەکانی سەلجووقی ئەم وشە و نێوەیان لە کوردان وەرگرتووە و پێوەندی بە ڕەگەی مەزهەبی کوردە یەزیدییەکانەوە هەیە و دەگەڕێتەوە سەدان ساڵ بەر لە پەیدابوونی ئایینی ئیسلام. قسە لە بیروباوەڕێک دەکا کە ڕەگەی ئاییینی «**میترائیسم**»ی پێوە دیارە یانی رێز و حورمەت بۆ «خۆر»و دەماودەمی رۆژهەڵات.

خاوەنڕا دوای تۆژینەوەی زۆر، دێتە سەر ئەم باوەڕە کە زاراوەی **چەڵەبی** خاوەنی پاشماوەی بەشێکی گرینگ لە مێژووی نەتەوەیەکە، کە ئەم زاراوەیەی داهێناوە، یانی نەتەوەی کورد. ئێستا کە بیروڕای هەر دوولامان خستە بەر چاو، دەقی دوو یادگاری کۆنی سەردەمان یانی بەیتی **لاس و خەزاڵ ـ مەحمەل و برایمی** دەشتیان کەبەوشەی **چەڵەبی** رازاوەتەوە دەخەینە ڕوو:

لاس دەڵێ:

«دەڵێن بە عام یارەبی خودایە ئەتوو قەزیەک هەڵخەی لە نێو عێلی

دەمەلانەبییە

تا مە پیاوەتی خۆ بۆ خەزاڵە شۆڕی چەڵەبی بکەین دیارییە»

لە جێیەکی تر:

«هەر لە ردێن سپی تا ئاغا و سەید و شێخ و مەلای دنیاییە

لەهەمووکەس مەعلوومە لە راستە توو قودرەتی پیاوانەی نییە

وەرە بیکە خاتری چاوی دەبەڵەکی خەزاڵە شۆڕی دە چەڵەبی یە»

خۆ ئەگەر بیروڕای نیکیتین و ئوسکارمان بە راست بزانین، هۆ و سەبەبی دەگەڕێتەوە دەسەڵاتداری ئێمپراتووری عوسمانی بە سەر بەشێکی زۆر لە وڵاتی کوردستان کە بە نۆرەی خۆی شوێنی خستۆتە سەر وێژە و فەرهەنگی کۆمای خەڵک و بەم پێیەش رێی کەوتۆتە نێو بەیتەکانیش. هەڵبەت هەر بەم مانایەی کە بۆتان دیاری کردووە یانی:

**مەزن ـ شازدە ـ رەسەن ـ نەجیبزادە**

بەڵام ئەگەر بیر و بۆچوونی پرۆفسۆر «**مار**»مان پێ دروست بێ، ئەوا دەبێتە پاڵپشتیک بۆ دەقی مێژوویی بەیتەکان کە سەرینچاوەی ئەوان دەبەنەوە سەردەمی باستان.

برایم دەڵێ:

«زەینی خۆت بکە تیشکی رۆژێ،

رووی خۆت بکە دەتیشکی تاوێ

ئەوڕو میر زۆرابخان بە ئینجەتی سەری من و تۆ دێتەوە راوێ»

هەروەها:

«میر وا نەبوو و قەت وا نابی

ئەتۆ تازە کە لە منت کوشتووە مەحمەڵی زەرد و زۆڵ و چەڵەبی قەت دەویَ گەرمە برینیَ دا مەسڵەحەتی من و تۆ نابی»

خاڵی گرینگ و جیَ سەرنج ئەوەیە کە نووسەری ئەم وتارە بەش بە بیــر و زەینـــی تەسـکی خــۆی دوای وردبــوونەوە و پشـکنینی زۆربەی بەیتەکان، وشەی **چەڵەبی** تەنیا لەم دوو بەیتەدا وەبەرچاو هاتووە.

هەڵبەت ئەگەر لە نوسخەی تری سیَ بەیتی کۆنی: «**مەم و زیـن ـ خەج و سیامەند ـ سەیدەوان**»یش دا بەدی بکریَن جیَی سەرسوڕمان نیـیە، چـون سـەرەڕای ئـاڵوگـۆڕ و دەسـتێوەردانێکی زۆر کە بەسـەریان هاتووە. پێوەندییەکی رەگداکوتاویان هەیە لەگەڵ سەردەمی زۆر زوو.

ئەم چەنــد دیَــرە تەنیــا ئامــاژەیەک بــوو بە باســەکە و بەس، شیکردنەوە و توێژینەوەی ئەو، بمێنیَ بۆ زانایانی بەشی مێژوو.

# سەردەمی پەرەسەندنی بەیت

**سەرەتا**:

با پێکەوە لە دەشت و لێڕەواری عێلی مامۆدیان و باڵەکیان، لە بەهاربەند و هەواری خەزاڵی مەلانەبیان، لە غەڵبەغەڵبی شاری «**چەلیان**»ی خاتوون پەریخان، لە بگرەوبەردە و بێنەوبەرەی کۆشکی رازاوەی گوڵەندام، پەنامەکی خۆ دەربازکەین، بارگەوبنە تێکەوە پێچین، قۆچاخ و کارا، گەوە و کەند و لەندی زەمان بەرەوژوور تێپەڕ کەین، نەوەستین تا سەردەمی گەشە و نەشەی بەیت. لە سووچێکی بەردی «**شمشیرخان**»ەوە گوێ بدێرینە هەرا و زنای ناو قەڵای **دمدم**، دوای وچانێک برۆین بەرەو هۆبە و دەوار و چیغ و رەشماڵی رەوەند و کۆچەریان، سەر لە دەرک و بانی گەورەماڵ و مەزنە پیاوان دەرێنین. روو بکەینە عێل و عاشیرەتان، قەڵا و دیوەخانی بەگ و بەگزادە، خان و میر و ئاغا بەسەر کەینەوە. دەعدەعەدی نیوەشەوان لە پەرێزێکەوە خۆ حەشار دەین، لە ژوانگە گوێ هەڵخەینە سرتە و چپەی ئەوینداران.

زۆڵ و رووشـــەڵ رۆبینـــە بـــوخچە و پریّسـکەی پیریّژنـــانی بە دۆڵاب و هەڵیانتەکیّنین، کاژیّری پیّرک و کولیّنی پانک و کەپر و تـاوڵ بپشکنین بەڵکـوو «**خســەزیّم**»[١٣] وەدۆزیـن و «**دۆم**» ببـنە جـووت و گەڕی دیـلان بگیّڕن. ئیّنجـا مەلـوول و غەمـین روو بکەیـنە کۆڕی پرسـە و مـاتەمین، ویّڕای «**خوازیّ**»ی کانەبی و دایکی «**شەنگ**»لە قڵپەی گریـانیّ بـدەین و ... تا دڵمان بسوکنیّ و توانستی بڕینی ریّمان هەبیّ بەرەو ...

وەک دەسـپیّکی ئەم بەشـەی وتـار پیّویسـتە روون بیّـتەوە کە بەیـت لەسەر بنەڕەتی چ هەلومەرجیّکی میّژوویی، کام پیّوەندییەکانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی وڵات پەرەی سەندووە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە کە قارەمان یان کەسایەتییەکانی سەرەکی هەر کام لە بەیتەکان وەک لقیّکی «**فەرهەنگـی مەعـنەوی**» خولْقـاوی پیّوەنـدییەکانی نیّـوبراو و گشـت لایەنەکـانی بـارودۆخی میّـژوویین، شـک لەوەدا نـامیّنیّ کە تەنیـا بە شیکردنەوەی پرسیاری باسکراو و هەڵسـەنگاندنیان لەگەڵ نـاوەرۆکی بەیتەکـان ویّـدەچیّ بتـوانین لە دەریـای بەریـن و بـیّ سـنووری فۆلکلـۆر گیّژی گیّژاو نەبین و بگەینە بەستیّنی ئامانج.

* * *

# بەشی یەکەم

بە پێــی زۆر بەڵــگە و نووســراوی بــاوەڕپێکراوی مێژوویــی، لە سـەدەکانی رابردوودا، کوردسـتان بە هـۆی نـاکۆکی و دژایەتـی نـاوخۆ و هێرشی بێ بەزەیانەی نەیارانی دەرەوە کەمتـر رووی هێمنـایەتی دیـوە، گەلـێ جـار تـاپۆی شـەڕ و بێبەشـی و مێحـنەت، خـۆی بە بـاڵای وڵات پۆشیوە، هەروەک لـە سـەدەی سـێزدەهەم کەوتە بەر شـاڵاوی دڕنـدانەی هەلاکۆخـانی مەغـوول و دوای داگیرکردنـی **دیـاربەکر ـ شـارەزوور ـ هەولێر ـ جزێر ـ ماردین و** ... خەڵکیـان قەڵاچـۆ کـرد، لەپاشـان لە ١٤٠٠ی زایینی، ئەمیر تەیموور بەربینگی پێگرتن.

بە دوای لەرزۆک بـوونی دەسـەڵاتی مەغـوول و تەیمووریيەکـان دوو بەرەی تورکمان «قەرە قۆینلوو و ئاق قۆینلوو ١٤٦٥ ـ ١٣٨٧ز»[١٤] خۆیـان بەسەر ناوچە، داسەپاند.

ئەمانە گشتیان ئەگەر بەرهەڵستی فەرمانڕەوایەکیان سۆسە کردبـا، هەڵیان دەکوتـایە سـەر و لشکریان بەرەڵـدا دەکرد بـۆ خـاپووری قەڵا و کۆشـکی شــار، تێکرمــانی خــانووبەرە، تێکتەپینــی کــۆخ و کەپــران،

سووتانی رەشماڵ و چیغ وتاولی کۆچەریان و تالانی ئاژەڵ و پاتاڵ. لەئەنجاما قات و قڕی و برسییەتی و هەژاری و بێنەواییان دەکردە دیاری بۆ خەڵکی تامەزرۆی ئاوەدانی و خێروفەڕ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆی وڵاتدا لە ژێر تیشکی تەماوی ئاسمانی خۆڵەمڕی ئەودەم دەڕوانینە چۆنیەتی ژیانی عەشیرەتە کوردەکان کە بە شێوەی کۆچەر و نێوەکۆچەر بەڕێوە دەچوو.

لەم شێوە ژیانەدا چارەنووسی ئەندامانی هۆز و عەشیرە بەیەکەوە گرێ دراوە و لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، خاڵی هاوبەش پێوەندی ئەوانی سەقامگیرتر و پتەوتر کردووە، ئەگەر لە روانگەی «کۆمەڵناسی»شەوە بڕوانیینە هۆی یەکبوونی ریزی ئەمەندانی عێل، ئەم زانیارییەمان دێتەدەست کە: گرینگترین پێوەندی نێوان ئەندامان، لە بەرژەوەندی ئابووری هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرێ. لە جێژن و گەڕی دیلان و کۆڕی ماتەم بە یەکتر دەچاران. لە تەنگانەدا بە هانای یەکترییەوە دەهاتن و کاروباری ئاژەڵداری بە هەرەوەز و تێکڕایی بەڕێوە دەچوو.

**لەوەڕگە و ئاژەڵ** وەک کەرەسەی سەرەکی پێویست بۆ پەرەپێدانی ئاژەڵداری کەوتە بەر سەرنج، بە داوخوازی بەرهەمی ئاژەڵ لە لایەن ناوچەکانی تری وڵات و چوونە نێو گەڕی تیجارەت، لەوەڕگە بایخێکی تایبەتی بە خۆوە گرت، بە وتەی **جەلیلی جەلیل**: «بناغەی ژیانی ئابووری ئەوان بریتی بوو لەم مەبەستە سنووری لەوەڕگەکانیان فراوانتر بکەن»[٣٠] کە ئەم مەبەستە دەبوو بە هۆی دەسدرێژی و

داگیرکردنی لەوەڕگەی هۆزەکانی تر، یان چاوەدێری و داکۆکی پتر لە حاست هێرشکەران و پاراستنی سنووری لەوەڕگەی ژێر دەسەڵات.

کێشە و تێکهەڵچوونی دوو عێلی مەنگوڕ و مامەش (هەڵبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا) کە بۆتە ناواخنی نوسخەیەک لە بەیتی «**باپیراغای مەنگوڕ**» ناراستەوخۆ لە کانیاوی ئەم لەوەڕگانە ئاو دەخواتەوە، نموونەیەک لەم بەیتە:

«هەمزاغام لە ژێڵلا دێ،

مل بەقەیتان و بەزرێ

مامەش هەڵدێن دەچنە کوێ،

لێیان دەشێوێنم پەسوێ،

رایاندەم بۆ ورمێ».

ناکۆکی و ئینکەبەرایەتی عەشیرەتەکان لە لایەک و پەلاماری لەشکری دەوڵەتە زلهێزەکان لە لایەکی تر، هەروەها باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی عەشیرەت، رۆژلەگەڵڕۆژ پلە و بایخی سەرۆک عێل وەک مەزنەپیاوێک گرینگ و بەرچاوتر دەبوو.

سەردەمێکی ئەوتۆ کە **مینۆرسکی** وەک خولی یەکەمی مێژوویی عەشیرەتی کورد (سەدەی شەشەم تا کۆتایی سەدەی پازدەهەم) دەسنیشان دەکا و دەڵێ: «لەم سەردەمەدا چارەنووسی گەلان پێوەندی بەنووکی شمشێرەوە هەیە»[٣١]

بوێر و چاونەترس، لێهاتوو، بەزیبک و زاکوون و مەردئازا، پارێزەری لەوەڕگە و جێ هەوار و هەرێمی ژێر دەسەڵات، پێکهاتن لەگەڵ

دەوڵەت لە سەر ڕادەی پیتاک و سەرانە، بڕیاری شەڕ و ئاشتی لەگەڵ دراوسێکان یا دەوڵەتی ناوەندی، دابین کردن و دابەشینی بژیو و بەرهەم، خۆبەخت کردن لە ڕێی بەرژەوەندەی تایفە و ... وەک تایبەتمەندی گەورەپیاوی تایفە و عێل، دڵی زۆربەی خەڵکی عێلاتی کردبۆ مەکۆی ئەوین و ڕێز و حورمەت سەبارەت بە گەورە، لاگیری و پشتگیری لە سەرۆک، یانی مانەوە لە جەرگەی تایفە و پتەوبوونی پێوەندییەکانی ناو عێل. تەنانەت لە پاش کوژرانیان لە شەڕگە یان لە سۆنگەی کارەساتێک بە بەیت و باو وەک قارەمانێک دەیانهێنایە ڕیزی نەمرانی مێژوو.

ئەمە کە کەسایەتی قارەمانی هەندێ لە بەیتەکان لە سەرۆک عەشیرەت پێکدێن لەم ڕاستییە دایە. ئەمانیش لە حاست چارەنووسی خێڵ و عێلات هەستیان بە بەرپرسێتی کردووە. کاتێک لاس دەڵێ:

«پیاوێکی نادرم
ئەمن ماڵی ئەو عێلەی بە زامن هەڵدەگرم
دەبێ لە سەر گیسکێکی ئەو عێلەی ئەمن بمرم»

ئەمەیە ڕەمزی مانەوەی جوامێران و مەزنە پیاوانی ڕەوەند و کۆچەریان.

یان کاتێک ئەحمەدی شەنگ[١٥] دەڵێ:

«ئەی دایە! چەکان بێنە بەر بێلایە
سبحەینێ شەڕە دەگەڵ دەعوایە
خۆمن خەمی ئەوەم نییە

گاڕانی منیان دەبردەوە بە تالآن
فەرسەخ بە فەرسەخ
قۆناغ بە قۆناغ
من خەمی ئەوەمە
ئەورۆ کە حەوت رۆژە
سەری گاوانی ئەحمەدی شەنگیان دەبڕی
دەکەوتەوە لە دەشتەکی لە سەحرایە»

لەم بابەتەوە ریزدار دوکتور **جەواد قازی** لەمەڕ عێلی مەنگوڕدا دەڵێ:

«ئەوەی لەشەڕدا بکوژرێ بە ریزلێگرتنێکی بێ وێنەوە دەنێژرێ کە لێرەدا ناتوانین بەتان و پۆیدا بچین. بە پێچەوانە ئەوانەی بە نەخۆشی یاله ئەنجامی پیری بمرێ هیچ ریزێکی لێ ناگیرێ جلی رەشی بۆ لەبەر ناکەن و ناشتنیشی بە بێ ئاهەنگگێڕان دەبێ»[٣٢]

کە وا بوو دەبینین قارەمانی زۆربەی بەیتەکان وەک مەزنەپیاوێکی میرازا خۆشەویستی خەڵکی سەردەمی خۆیانن.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم باسەدا وتارێکی بە نرخ و بەتام و خۆی کە لەودا باس لە «**زەعفی شەخسیەتی**» قارەمانی هەندێ لە بەیتەکان دەکا، دەخەینە بەر سەرنج و پاشان ئاماژەیەک:

«... لە لایەک کەمتەرخەمن و لە لایەکیش بە غورو ور و فیز. ئەگەر بلێین تا رادەیەک ساوێلکەن بە هەڵە نەچووین بە تێڕادیوی دەتوانین بلێین ئایندەبین نین. ئەمانە زەعفی شەخسیەتی هاوبەشن لە

قارەمانەکانی ئێمەدا.»[٣٣]

بیروڕای کارناسان و زانایانی هەر لقێکی زانستی و ئەدەبی یەکێک لە یاسا بنەرەتییەکانە بۆ بووژانەوە و پەرەسەندنی لق و پۆپی ئەو لە هەموو بوارەکاندا. بە پێی حوکمی مەنتیق، شک لەوەدا نییە کە بۆ ناسینی هەموو قۆناغەکانی دیاردەیەکی مێژوویی، فەرهەنگی، کۆمەڵناسی، پێویستە تایبەتمەندییەکانی سەردەم لێکدرێتەوە. تەنیا بەم مەرجە، پێوەندی رەگداکوتاو لە نێوان خەڵک و قارەمانی فۆلکلۆر دێتە روو.

ئێمەی بەرەی ئێستا کە بە پاڵپشتی بیری نوێ، زۆربەی ئاکار و هەڵوێستی قارەمانەکان بە «**غورووری بێ جێ**» و «**ساویلکە**» و «**ئایندەبین نەبوون**» بەگشتی وەک «**زەعفی شەخسیەتی**» دەنرخێنین، کۆمای هەراوی خەڵکی سەردەم ئەوان کار و سیفەتان بە پیاوەتی و جوامێری و مەردازایی هەڵدەسەنگێنن تەنانەت دەیکەنە سەردێڕی ئەزموون و چرای رێنوێنی شەوی تاریکی ژیان بۆ بەختەوەری و دوارۆژی رووناک. یەکەم بەیتبێژ و قارەمانی بەیت، هەردووک خۆڵقاو و بەرهەمی یەک سەردەمن بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە، هەردووک لە ژێر کارتێکردنی یەک داب و نەریت و فەرهەنگ و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتین. هەردووک لەیەک هەلومەرجی ئابووریدا کاروانی ژیان دەئاژوێنن، هەردووک لە سەرینچاوەی تاقگەی ناو لێڕەوار و رژدان پاراو دەبن و دێنە پشوودان، کە دەکەونە گۆ زوو لەیەک دەگەن، لە رێی ئاوات و ئامانجەوە زوو بە یەک دەگەن. ئیتر ئەوە تەنیا چاوی تیژ و

وردبینی کارناس و لێکۆڵەرە کە بە پێوانەی ئەدەبی دەروەستی ئەورۆ کەمایەسی ئەوان لە قاو دەدا. هەڵبەت ئەم هەڵوێستە نەک تەنیا نابێتە هۆی داپچڕانی پێوەندی نێوان نووسەر و کەسایەتییەکانی بەیت، بەڵکوو خۆلە خۆیدا کارێکی بەنرخ و زانستییە کە لە ژێر تیشکی ئەم زانیارییە زۆر لایەنی تاریک و تنووکی بەیتەکان روون و گەش دەبنەوە.

ئێمە کە بەگوێرەی زەمان و سەردەمی خوڵقانی بەیت رێمان بڕیوە، ئێستاش لەم روانگەوە دێینە سەر درێژەی وتار.

کوتمان کە تەنیا میرخاسانی جوامێر و مەزنەپیاوانی دڵۆوان دەبنە هەوێنی کەسایەتی قارەمانانی بەیتەکان. تەنیا ئەوانن دەبنە ئیلهام و رووگەی بەیتبێژان، کەچی لە گەرمەی ئەم باس و خواسەدا تووشمان بە تووشی بەیتی **کاکەمیر و کاکەشێخ** دێ کە سەرەتاکەی بە قسە دەست پێدەکا و بەیتبێژ بە پێچەوانەی بۆچوونی باسکراو دوو قارەمانی بەیتەکە بە دزێو وچەپەڵ و دژ بە یاسا و نەریتی خەڵک رادەگەیێنێ. مامۆستای هێژا و خوالێخۆشبوو «هێمن»یش لە پێشەکی «**توحفەی مووزەفەرییە**» لاپەرەی ١٣٩دا ئەوانی بە گورگەمێش و داوێن پیس ناساندووە کە لە ئانجاما حەیدەر گۆران نێوێک رادەپەڕێ و وێڕای چەند لاوی چوست و قۆچاغ بڕستیان لێ دەبڕن و قڕان لە بنەماڵەیان دەخەن.

لە پاش سەرەتا، بەیتەکە بە شێعری درێژ و پوخت و پاراو کە شین و شەپۆڕ و گازندە و تووک ونزای جووتە خوشکانە، دەست پێدەکا هەتا دوایی. بەڵام لە بەر ناساندنی دوو کەسایەتی سەرەکی بە بەخیل و نگریس، رووپچڕین و بەرکۆژە دادڕینی خوشکان نەک تەنیا شوێنێک

دانانێتە سەر زەین و هەستی بیسەر، بەڵکوو گەلێ جاریش بە ورینگە لەبەرخۆمانەوە دەڵێین: گۆڕی گیانیان بێ!. لەم نوسخەدا بە پێچەوانەی زۆربەی بەیتەکان، بەیتبێژ کەوتۆتە گێژاوی دژایەتی لە تەک خۆی. لێڕاسان و بە گژداهاتنی بەیتبێژ لە دوو دەورگێڕی کارەساتەکە وەک غەنیم و نەیار لەلایەک (سەرەتاکەی)، پاکانە و دۆعای بەخێر و رەحمەت بۆ تۆڵەهەستێنی ئەوان لەلایەکی تر!!

دەقی سەرەتاکەمان تا رادەی پێویست باس کرد و ئێستاش مشتێ لە بەیتەکەدا:

«ئەوی رەعیەت بێ لە وڵاتی مەرگیدا نەماوە

چوونە ماڵە حەیدەر گۆرانی، جەنازەی برایان هەڵدەگرت و دەیان هێناوە بانگ لە سەر بانگیان لێداوە

دەڵێ: هیچکەس وای لێ نەقەوماوە! ...»

«سەد باری رەحمەتان بێ لە کوڕی مێرێ دەگەڵ مێرە دەسکەرێ

بە تۆڵەی ئاغای خۆی هەژدەی دانە بەر خەنجەرێ

هەژدەی دەدیشی داوێتنە بەرێ

لە زەبری دەستان و لە خوێنی جگەرێ»

ئێستاش بە هەویای رۆچنەیەک بەسەر تەمی مەبەست خۆ داوێێنە قسنی شەرەفخان، دەستی پیاوچاکانی لەسەر، شەمۆلەیەک دەگرینەوە:

لاپەرەی ٥٣٢: باسی دەست کەرەوەیی حاجی شێخ دەکا و دەڵێ: «شاتۆماسب سێ جاران لەشکری نارده سەر و هەرسێک جارانیش قزڵباش بەپاشدا گەڕانەوە و لەبەر حاجی شێخ دەشکان».[٣٤] ساڵی

کوژرانیان ١٥٣٢ زایینی و لە کاتی نوێژ، بە دەست بڵحەمەرگەییان دیاری کراوە. ئەمەش تۆفیری ئەرز و ئاسمان لە مابەین سەرەتای بەیت و قسەی شەرەفخان.

خوێنەری بەڕێز! دڵی بەیتبێژ تا بڵێی بەرین و قووڵ و بەرمەودایە، بەڵام تەنیا مەکۆی پیاوخاسان و ئەویندارانە نەک دڵرەشانی داوێنپیس. تەنانەت هیچ بیانوویەک بۆ پاساودانی کردەوەی ناحەزان قبووڵ ناکات، چونکە شەرمی لە کەس نییە چونکە «لێکدانەوەی دەروون و قسەی زمان»[١٦]ی لەیەک دوور نین. خەڵکی ئەودەم چۆن لە رووداو و کارەساتێک گەیشتبن، ئەویش (بەیتبێژ) وای تێگەیوە و هەر واشی دەربڕیوە.

بەڵێ! مێژوو لە ڕووڕەشان روو وەردەگێڕێ و لە بنەچەکەشیان خۆش نابێ. هەروەک **بەکر مەرگەیی** پاش سەدان ساڵ لە تەمەنی «**مەم و زین**» ئێستاش وەک سەمبولی خراپی و دووزمانی یادی دەکەن. بەیتبێژ لە بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، دیسان بەربینگی پێدەگرێ و رێی لێ دەبڕێتەوە. وسووئاغا لە تۆرەمەی کابەکرێ و پەڕیوەی هەندەران دەبێ، بەڵام دەرحەق شێخ فەرخ بەدفەڕی دەکا، ئەویش بانگ دێڵێ ولێی لە قاو دەدا، وسووئاغا بۆ ئەوە شێخ شووی لێ هەڵنەکێشێ و لە ئاوەدانیدا رازی نەدرکێنێ و نەیتاسێنێ، وەک مێووڕۆن خۆ لە بەردەستی دەنێ و دەبێتە نۆکەری ئاڵقە لە گوێ.

شیخ فەرخ :

«وسووئاغا، وسووئاغایەکی نەڕی

دوور بە دوور دەوەڕی وەک سەگی مەڕی
ئەتوو قەت تەرخی ناکەی بوختان و بەدفەڕی
ئەتوو نازانی بنەچەکەی بەکرە مەرگەوەڕی؟»

ناخی پڕداخی بەیتەکان وێڕای مێژووی ئەدەبی گەلانی تری جیهان پێمان دەسەلمێنن کە بەگ و خان و ئەمیر و خوونکاری بێ بەش لە فەڕ و بەزە، چاوچنۆکانی شۆفار و دڵڕەش دەبنە زووخاڵ و خۆڵەمێشی بن ئاگردانی مێژوو و لە گوێن تۆز و پڕوپووش و بابردەڵە، لاخڕ و پەسار دەپەستێون.

کە وا بوو بەش بە بیر و زەینی بێبەش لە هەوێنی زانست، سەرچەوتی دەکەم و لە رووحی بەرزی_**هێمن** ئیزن دەخوازم کە بیدرکێنم: سەرەتای ئەو بەیتە کە **رەحمان بەکر** گوتوویە و ێۆسکارمان تۆماری کردووە بە دروست نازانم. رەنگە لە رەوتی پڕ هەڵسوکەوتی گەردوون دەستی تێوەردرابێ و گۆڕانی بە سەردا هاتبێ.

هەروەها بەیتبێژانی خوالێخۆشبوو: **حاجی جەهانگیر و رەسووڵ شیرمۆخ** ئەم بۆچوونەیان بە هەڵە دەزانی و لە سەر ئەم بڕوایە بوون کە کێشەی کاکەمیر و کاکەشێخ لەگەڵ ئاغاکانی دراوسێ لەسەر زەویوزار بووە نەک ئەو مەبەستەی لە سەرەتای باسکراودا هاتووە.

*

# بەشی دووهەم:

لێرەدا گەرەکمانە دووهەم قۆناغی پەرەسەندنی بەیت لە سەر بنەڕەتی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری کۆمەڵی کوردەواری شی کەینەوە، قۆناغێک کە بەیت گەیشتە ئەوپەڕی پلەی هەڵدان و پەرەسەندنی خۆی. بە واتایەکی تر بە هۆی خێرابوونی رەوتی ئاڵوگۆڕییەکانی ناو کۆمەڵ، بەیت بوو بە ئارشیوێکی دارماڵ لە تێکستی رووداو و بەسەرهاتەکانی سەردەم.

سەرەتای سەدەی شازدەهەم، سەردەمی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی، ئابوورییە لە سەرانسەری وڵاتانی ئێران و عوسمانی کە بە چەشنێک رەنگ دانەوەیەک بوو لەئاڵوگۆڕی سەردەمی ژیانەوە (**رۆنیسانس**) لە وڵاتی ئوروپاییدا، هەڵبەت لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی تایبەت بە خۆیان.

بێگومان بە هۆی تێکئاڵقاوی پێوەندی ئابووری دوو وڵات لەگەڵ کوردستان، ئەم رەوتە بە نۆرەی خۆی شوێنی خستە سەر بارودۆخی ئەم مەڵبەندە. بەم پێیە شێوەی ژیانی نیشتەجێیی عەشیرەتەکان لە

سەر بنچینەی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری، دەبوو بە شێوازێکی کۆمەڵایەتی ژیان. زەویوزار بڕەوی ستاند و وێڕای لەوەڕگە، پلەوبایخی تایبەتی بۆ دیاری کرا.

بە درێژایی تەمەنی عەشیرەتی کورد، بایخی ئاژەڵ و ئاژەڵداری، قەت لە کورتێی نەدا، تەنانەت دوای رەوتی نیشتەجێ بوون و پەرەسەندنی زەویوزاریش لە برەوی ئەو کەم نەبۆوە. چون هەروەک لە شەرەفنامەدا هاتووە کە : «خاکی کوردستان بەشی زۆری رەقەن و چڕ و لێڕەوار و نەرمایی ئەوەندە نییە کە بەرهەم و دەرامەتی کشت و کاڵ، دانیشتوانی هەموو بە تەسەلی تێر بکا.»[٣٥]

بە دوای هێرشی تەیموور چەشنێک نەزمی میراتی (**سیورگاڵ**) بوو بە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندی و چوونە سەری دەسەڵاتی دەرەبەگ، بەڵام لە سەرەتای سەدەی ١٦ دەرەبەگایەتی گوڵمیخی دەسەڵات و مڵکداری خۆی لە سنوورێکی بەربڵاوتردا لە زەوی داکوتا.

جیا بوونەوەی پیشەسازی لە وەرزێری، پەرەگرتنی بازرگانی خۆولاتی و پێوەندییەکانی ناو بازار بوو بە هۆی زاڵ بوونی ئەم نیزامە بەسەر هەموو ناوچەی کوردستاندا.

ئیتر ئاغا و سەرۆکی هۆز و عەشیرە هەر ئەو کەسایەتییەی بەشی یەکەمی ئەم وتارەنین. چون پێ بە پێی ئاڵوگۆڕە بنەرەتییەکان، باری فەرهەنگی کۆمەڵیش لە گۆڕاندایە و هەریەک لە ئەندامانی بە پێوانەی دەورێکی کە لە رەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕن، خانەیەک لە جەدوەلی کۆمەڵایەتیان بۆ دیاری دەکرێ. هەر بەم پێیەش چاوەڕوانیەکی

زیاتریان هەبوو لە ئیش و کاری خۆیان لەسەر زەوی وزار. لە دیمەنی گشتیدا **زەوی**، **لەوەڕگە**، **ئاژەڵ**، بوون بە کێلیژەی ئابووری هۆز و عەشیرەتەکان، بە جۆرێ کە هەر چین و توێژێ لە روانگەی بەرژەوەندی خۆی دەیڕوانییە خاوەنیەتی لەوەڕگە و ئاژەڵ و بە تایبەت بەرهەمی زەوی. لە گەرمەی ئەم رەوتەدا بوو کە باج و پیتاک بوو بە یاسایەکی داسەپێنراو. تا ڕادەیەک کە لە (ساڵی ۱۷٤۳ز) زیادبوونی لە ڕادەبەدەری باج و پیتاک بوو بە هۆی بەربەرەکانی جووتیاران و عەشیرەتەکانی مەڵبەندی خۆی و سەڵماس.(۳٦)

خووخدە و کەسایەتی ئاغا و سەرۆک عەشیرەی ئەم سەردەمە کە لە گەرمەی ئەم گۆڕانکارییانەدا ورده ورده شکڵی گرت تا رادەیەک لە بەیتەکاندا رەنگی داوەتەوە بۆ وێنە: کەسایەتی میرحەج لە بەیتی برایمۆک[17]دا: دوای ئەوە میرحەج بە ئەوین و کەینوبەینەی **برایمۆک و خاتوون پەریخانی** خوشکی دەزانێ، هەڕەشەی لێدەکا و دەڵێ:

«بە قسەی شەیتانان دەگەڵ ئەمن لاجەل دەرهاتی

بەو مانگی کانوونێ، بەو چلووی زستانێ دەبێ بڕۆی دەرت بکەم لە وڵاتی»

برایم: «میرە بۆ خاتری خولای لێم گەڕێ ئەو زستانە»

میر: «حوکمە دەرت دەکەم! نابێ بمێنی لێرەکانە»

پێ بە پێی رەوتی نیشتەجێ بوون، ژیانی کۆچەری و نیوەکۆچەری هەندێ لە عەشیرەتەکان لە داوێنی کێوە بەرزەکانی سەر سنووری دوو وڵات (عوسمانی و ئێران) درێژەی هەبوو. (وەک عێلی رمکان کە لە لایەن

حاکمی بەغدا دابین کردنی هێمنایەتی ناوچەی سنووری «**قەندیل**»یان پێ سپێردرابوو. بەیتی کانەبی یا «**خوازێی کانەبی**» باس لەم رووداوە دەکات کە لەودا کانەبی وەک سەرۆکی عێل گیانی لەم ڕێیەدا بەخت کرد.

بەڵێ! بەرە بەرە بە دەوری کانیاوێک، چەم و رووبارێک یان دەشت و داوێنی لاپاڵ و چیا، گوندی نوێ سەری هەڵدەدا و ئاوەدان دەبوونەوە. هەر دەهات پاشخان و حەوشە و دیوەخانی ئاغا و میر و بەگلەر جمەی دەهات لە میوان و کوێخا و گزیر و میراخوڕ و مەیتەر و شوان و ... ئەم رەوتە (نیشتەجێ بوونی عەشیرەتە کۆچەرەکان و دروست کردنی گوندی تازە و ئاوەدان بوونەوەیان) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆرتر پەرەی گرت.

ئا لەم دەم و ساتەدایە کە بەیتبێژ وەک مرۆیەکی وردبین و رووناکبیر، وەک میراتگری بیر و بڕوا و مێژووی پێشینیان هەلی بۆ دەرەخسێ و دەست لە بناگوێ دەور دەگێڕێ.

بە داخەوە هەندێ رایان وایە کە بەیت لە قەڵا و کۆشکی ئاغادا گووراوە و بە دنیا هاتووە و پێی هەڵگرتووە، لە راستیدا هەر خاوەن بیرێکی ئەوتۆ لە حاست یاسا بنەڕەتییەکانی مێژوو و زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا راوەستاوە. هیچ گومانێک نییە کە «**دیوەخان**» بەیتبێژی لاواندۆتەوە (بە تایبەت لە ناوچەی موکریاندا) و لەم رێیەوە خزمەتی بە بەیت کردووە بەڵام هەروەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا سەلماندمان کە بەیت بەرهەمی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری ناو کۆمەڵ. ئەو (**بەیتبێژ**) لە هەر جێ و شوێنێک بێ، بە هەر

کاروبارێک گیرسابێتەوە، لە هەمان کاتا هیچ کارەسات و رووداوێکی گرینگ، هیچ مەبەستێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بەر چاوی زیتی بزر نەبووە، هەستیان پێدەکا، لە بیر و هزری‌دا دەیپێژێ و بە دەم دەی‌بێژێ. بۆ وێنە سەرنج دەدەینە چەند دێڕێک لە بەیتی **ناسر و ماڵماڵ**:

ئاڵقەی پێوەندی ئابووری نێوان دەوڵەتی ناوەندی و عەشیرەتەکان، باج و پیتاکێک بوو کە بە سەر ئەوانیان داسەپاندبوو، زۆر جار دەبوو بە مەرجێک بۆ رادەی هاوکاری و دابین‌کردنی مەبەستی یەکتر. بزانین ئەم دیمەنە ئابوورییە لە بەیتی نێوبراودا چۆن خۆ دەنوێنێ:

«ئەمە هەر وڵاتی کوێستانمان دەوێ بە ئیختیاری
دەبێ مەزن باوۆمەری بکووژین، قەت نەبێ پرسیاری
خەرج و بێگاری نادەین بە بەغداشاری
ئەگەر نەماندەنێ وڵاتی کوێستانی بە یەکجاری»

ئەم خاڵە لە سەردەمی خۆی‌دا تا ئەو رادەیە گرینگ بووە کە سێهەمین کەسایەتی سەرەکی ئەم بەیتە وەک هۆگر و ئەویندارێکی دڵ بەناسۆر، ئەم مەبەستە دەکاتە پردەبازێک بۆ گەیشتن بە ئامانج.

خاتوون تەورێزی ئاوا خۆزگە دەخوازێ:

«ئەمن جوانولێک بام لە حودوودان، لەوی دەحەداڵان
لەوەڕابام لە سەر رێیان لەنواڵان
ناسر و ماڵماڵ لە خزمەت وەزیری هاتبانەوە بیاندابامە بەر شەقەی

رکێفان بیانبردمایە هۆبەی مەزنەمالان
یەکی جاریکیان دەست ئاویتبامە سەر بژویالان
ئەمنیان لە بابم بستاندایە لە باتی خەرج و دراو و هەستەی حەوت سالان»

لە باری ئابوورییەوە ئەم خالە گرینگە لە بەرچاو گرین کە لقێکی سەرەکی لە داهاتی دەولەتانی ئەو سەردەم وەک ئێران و عوسمانی لەو باج و پیتاکە پێک دەهات کە ئەمیر و حاکمی ناوچەکانیش وەک ئەرکی سەرشان بەرپرس بوون لە حاست کۆکردنەوە و ناردنی بەشێک لەم داهاتە بۆ دەولەتی ناوەندی. لە روانگەی دەسەلاتداری ناوەند، چەندی و چۆنایەتی پیتاکی وەرگیراو پێوانەیەک بوو بۆ رادەی ئەمەگ و هەلسووڕانی ئەوان، دیارە رادەی پیتاک وەرگرتن وەک ئێستا بە پێی بایخی دراو و بارستایی و داهاتی نەتەوەیی لە گۆڕان دایە، پێوەندی هەبوو بە بارودۆخی ولات. بۆ وێنە: کاتێ دەولەت لە شەڕدا بوو چەشنێک «**ئابوری شەر**»یان بە سەردا دەسەپاندن، یانی هەم دەبوو لە ریزی سوپادا بەشداری بکەن و کەل و پەلی پێویستی لەشکر پێکبێنن، هەم پیتاکی دەولەت بە شێوەی دراو یا دەغل و دان دابین کەن.

لەم بەینەدا کوردستان بە هۆی باری جوغرافیایی و بەردەوام بوونی شەڕی چەند سالی دوو دەولەتی زلهێزی ناوچە، یانی عوسمانی و ئێرانی سەفەوی یان رووس و قاجارەکان بەشێکی زۆری ئەم گوشار و زەختی ئابوورییەی بەردەکەوت. بۆ وێنە لە سەردەمی قاجارەکان 20/000 کەس لە لەشکری عەبباس میرزا لە کوردەکان پێکهاتبوو. (٣٧)

*

کوتمان کە کشت و کاڵ و ئاژەڵداری وەک دوو شێوازی سەرەکی ژیانی ئابووری لە هەموو بارێکەوە بایخی تایبەتی پێدراوە و دیارە هەموو لقوپۆپی پێوەندیدار بەم دوو بەشەش لەم سەرنجدانە هەڵناوێردرێن، بۆ وێنە:

جووتە «**گا**»ی مل بە نیر و ئاموورەوە، وەک کەرەسەیەکی پێویست بۆ کاری کێڵان (شێو کردنەوە و وەردانەوە) ماڵوو و سەرماڵوو، گێرە و ... تا پاکژە کردنی دەغڵ و دان.

«**بەران**» بۆ زەوزووی مەڕ، یانی زێدە بوونی ئاژەڵ و پەرەپێدانی ئاژەڵداری.

«**نێرەوەز**»ی بنەماڵە کە وەک هێزێکی بەرهەمهێنەر ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری کشت و کاڵی هەموو لە ئەستۆی ئەوە، تا رادەیەک ئەگەر سەرەڕای هەشت نۆ کچی قۆڵچاغ، کوڕێکیان نەبایە، دەیان چاک و پیریان دەکرد تا بەشقێ خودای لە وەجاغکوێری بخەلسێن!

جا بزانین بەیتبێژی کارامە لە زمان ئەویندارێکی دڵ بەناسۆر ئەم سێ خاڵە گرینگەی چۆن دەسنیشان دەکا. لە پارچە «**حەیران**»ێکدا:

«هەر کەس دەکا مەعبەینی دوو دڵان

بەهارانی بمرێ کەڵی بە جووتی
پاییزان بەرانی گەڵ مەڕی
زستانان کوڕە جحێڵەی سەربانی
ساڵ دوازدەری مانگێ عەزیەتکێش و هەر ڕەنج بەخەسار بێ»

کە وا بوو چ بە پێی تیئۆری و چ بە پێی ئەزموون و کردەوە، ئەم سێ خاڵە بە یەکەوە، سێ ئاڵقە و زنجیرەی ئابووری لادێ پێکدێنن یانی:

بەهار ⟵ کەڵی بەجووتی ⟵ ئامرازی کشت و کاڵ

پاییز ⟵ بەران ⟵ هۆی زێدە بوونی ئاژەڵ

هەموو وەرزەکان ⟵ کوڕە جحێڵە ⟵ هێزی بەرهەم هێنەری بنەماڵە و «داری بەری»

چ تووک و نزایەک شک دەبەی وەها ماڵوێرانکەر بێ. بەڵێ بەیتبێژ لە زمان ئەویندای دڵکۆڵاو «هەر کەس دەکا مەعبەینی دوو دڵان» ئاواتێکی وای بۆ دەخوازێ.

*

تایبەتمەندێکی بەرچاوی زۆربەی بەیتی ئەو سەردەمە باس و خواسی سوڵتانی ئەستەمبوڵێ وەک کەسایەتییەکی لاوەکی لە ناو بەیتەکە دایە.

بە دوای شـــەڕی دوو دەوڵەتـــی زلهێـــزی ســـەفەوی و عوســـمانی و داسەپاندنی دوو سێ ساڵ ئـابووری شـەڕ بە سـەر خەڵكی كوردستان، هەروەها شكانی ئێران لە شەڕی چالدۆران (1514 ز) بەشـی هەرە زۆری ناوچەی كوردستان كەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكان.

خوێنەری بەڕێز! تۆسقاڵێ زاخاوی مێشك بدە و لە سەر باڵی مەلی خەیـاڵ بفـڕە، لـە گونـد و شـارۆچكەكەت دەركەوە، پەرژیـن و سنووری زەمان بشكێنە، دامەمێنە، خـۆت لە بەنـد و داوی «حـاڵ» قوتـار كـە و شـوێن و كـات تێـپەڕ كـە بەرەو رابـردوو، بەرەو كوردسـتانی سـەدەی شـانزدەهەم، ورد بڕوانـە، گوێ قـوڵاغ كـە و تـێفكرە كـە لـە سۆنگەی دەمارگرژی مەزهەبی چ پەتپەتێنێكیان بە خەڵك كردووە. سوڵتانی بوغز لە زگ و خاپینۆك وەك خەلیفەی نوورانی ئیسلام چـاو لێدەكرا، چمـا كەسێك زاتـی كردبـا و بـە بیـر یـان خەون چـاكی نەگوتبـا، ئەوا رۆژی قەرەوەیسە و حەشر رادەبرا، تەنانەت لە بەیتی **برایمۆكدا** چـاوەڕوانی شەفاعەت و كەرامەتی لێدەكرێ:

«ئامانە! ئەوە ئەمینی خولایە
سـوڵتانی ئەسـتەمبوڵێـە، تەنگـانەیە، شـفاعەتێ دەكـا رۆژی قـاڵ و بەلایە»

میر دەڵێ:

«برایمۆك! دامێنی سوڵتانم بو بگرە، دەشقەمێ بۆم بكا تكایە»

نموونەی ئەم دێڕانە لە بەیتەكانی تری ئەو سەردەمەدا زۆرن. بەڵام بـە پـێچەوانەی ئەم بۆچـوونە بەیتـی «**قـۆچ عوسـمان**» لەم بـابەتەوە

بەیتێکی شاز و هەڵکەوتەیە.

نێو و نێوبانگی خۆشبەزی و خۆشڕەوتی ئەسپەبۆرەی **میر سەیفوددین** لە وڵاتیش دەردەچێ و لە ئاستانی ئەستەمبوڵێ دەنگ دەداتەوە و سوڵتانی پاوانخواز کە شتی چاک هەر بۆ وی باشە! داوای دەکا.

میر سەرچەوتی دەکا و لە ئانجاما وەک چارەنووسی زۆربەی ئەمیرانی ئەودەم، خەلیفەی ئیسلام سوێندی بۆ دەخوا کە لێی دەبووری و دەکەوێتە بەر روحم و بەزەی شاهانە! بەلام هەیهات! کەنگر و قووماش کوا دەبنە وێڵداش؟

بەیتبێژ لاگیری لە مەزنەپیاوی سەربەخۆی «سۆران»ی بەلاوە گرینگتر بووە تا دڵی خونکاری ئەستەمبوڵێ. هەر بۆیە وێڕای قارەمانی چاونەترسی بەیتەکان لە سوڵتان رادەسێ و هەڵوێست دەگرێ، تەنانەت بیر و بڕوای ئایینی زۆربەی خەڵک بە هێند ناگرێ و ئازایانە دەنگ هەڵدێنێ: «سوڵتان قاقەزێکی نووسی لە بۆ میر سەیفەددین بەگی:

«ئەسپی بۆرە و مەرکەبی سەگلاوە سوار بن وەرنە ئێرە بەنگۆم هەیە کارە»

میر کوتی:

«گووی خوارد لە گووی بابی، ئەمن جارێکی دی خزمەتی وی ناکەم ئیختیارە حەقیش دەگەڵ بەغدایە نییە، ئەوە داگیرم کرد بە یەکجارە»

شەرفخان بەرەبابی میر ئاوا دەناسێنێ: میر سەیفوددین بەگ کوڕی میر حوسێن، کوڕی پیر بداغ. کارەساتەکەش ئاوا دەگێڕێتەوە:

«یۆسف بەگی برادۆست (غازی قڕان) هەڵیفریواند و درۆی بۆ هەڵپریواندن: کە ئەگەر دەگەڵ ئەودا بچێتە لای سوڵتانی خەزکەر و پەنای پێ بەرێ و ئەویشی تکاکار بێ، هەرچی ئاواتییەتی بۆی دەچنە سەرێ و لە دەریای بێ بنی بەزەی شاهانەوە هەموو گوناهی هەڵدەوەرێ و لێی دەبوورێ و بە دەستووری باب و باپیرانی وڵاتی سۆرانی دەگەڵ خەڵاتی زۆر پێدەبەخشن و توڕڕە و نیشانی بە سنگەوە دەنەخشن!! میری وەدووی خۆیدا و دەگیری خست و تەواو پای نەخستبووە ناو ئاستانەوە میرغەزەبی بەپیرەوە هاتن و خستیان و بەستیان و دەستیان لێ هەڵنەگرت هەتا هەست و خوستیان لێ بڕی»[٣٨] ساڵی کوژرانی 1558 زایینی راگەیاندووە.

هەروەک کوتمان بەیتبێژ لە گەرمە و جەرگەی هەموو رووداوێکدا بووە و هیچ جم و جۆڵێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبەر چاوی بزر نەبووە، لەم بەیتەدا دەورێکی بەرچاو دەدا بە دایکی میر سەیفوددین و لە زمان ئەو وەک زانایەکی لێهاتوو و ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتی زەمان دەدوێ. میر وەک شێرەژنێکی «وریا و چاوکراوە و فێرە زانین»[١٨] دێتە کایەوە، ئەو بە پێچەوانەی کوڕەکەی، بە پێی ئەزموون، پاشەرۆژی لەبەرە، سەرکۆنەی میر دەکا و گازندە لە سوڵتان:

«رۆڵە! مەچۆ کن سوڵتان
بە خوڵای سەرت دەبڕن لە گیانی
هاوار لە بەر غەزەبی سوڵتانی

قەت بووە لەگەڵ ئاغات بی غەیانی؟

بەڵام وەڵامی میر:

«دایە چارەم نیە
سوێندی خواردووە بە رەبی‌یە
کەلامو ڵڵای مۆر کردی‌یە
ئەوا لە بۆ منی ناردی‌یە
لە کن سوڵتان درۆ نیە»

گەلێ لاپەڕەی مێژووی سیاسی وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە سوێند و بەڵێنی پاشاکان رەش کراونەوە. بنەماڵەی پاشاکانی ئینگلیس و فەرانسە و ... لە کلیسا لەسەر دەستی قەشە و پیاوماقوڵان بە خاچ و تۆرات سوێند دەخۆن کە روو لە خەڵک وەرنەگێڕن. یان لە رۆژهەڵات، خەلیفەی بەغدا، سوڵتانی عوسمانی، پاشاکانی ئێرانی بە شایەدی سەید و شێخ و مەلای بارەگا قورعان مۆر دەکەن کە رێز و حورمەتی خەڵکیان لەبەر بێ و یاسای وڵات لە ژێر پێ نەنێن. کە چی ئاکاریان بە پێچەوانەی ئەم شێوازە لەسەر بنەڕەتی پەیگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەڕێوە دەچوو.

هەرچەند درێژەی ئەم رەوتە لە رۆژهەڵات بە هۆی جیاوازی فەرهەنگ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لێک جیا دەکرێنەوە، بەڵام ئەمە بەشێکە لە فەرهەنگی سیاسی حاکمانی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە بیروبڕوا و ئایینی خەڵک تەنیا بە مەبەستی پتەوکردن و پەرەپێدانی هێز و دەسەڵاتداری خۆیان کەڵک وەرگرتووە، کە لە درێژەی خۆیدا

بۆتە هۆی برەوسەندی ئایینی کەسایەتی **«کیش شخڵیت»**

هەر چەند لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە ئەمە دروشمی فەرهەنگی وڵاتانی رۆژهەڵات بووە کە «**الناس علی دین ملوکهم**» یانی خەڵک لەسەر دینی پاشاکانن، هەروەها «**لوتێر**»یش دەڵێ: «ئەگەر پاشا زاڵم و بێ بەزەیە، ئەگەر خوێن ڕژو دڵرەقە، تاوانبار خەڵکی وڵاتن، نەتەوەکان شیاوی ئەوەن کە شای ئاوایان هەبێ»[39] بەڵام لێرەدا دیتمان کە بەیتبێژ بە پێچەوانەی بوچوونی باسکراو لە زمان دایکی میرسەیفوددین چۆن بە گژ سوڵتاندا دەچێ و لێی رادەسێ و کەسایەتی راستەقینەی بە زمانێکی ساکار ئاشکرا دەکا. هەر چەند پاشان دەردەکەوێ ئەسپە بۆرە تەنیا بیانوویەکە و هۆی سەرەکی ئەم کارە لە لایەن سوڵتانەوە باری ئابوورییە.

«سوڵتان فەرمووی کەس نەمدوێنێ تکایە

بە حەقی ئەوەی رەبییە!

دەنا بارگینم بۆ چییە؟

ئەو ساڵ حەوت ساڵە یاغییە

خەرج و پیتاک بۆ من نییە

ئەمن بەغدای وام بۆ چییە!»

لە پاش خوێنبەخت بوونی میرسەیفوددین و قۆچ عوسمان، دایکی زگسووتاو بەڵام بە جەرگ و ئازا، ئۆقرە ناگرێ و رێی تۆڵە خۆش دەکا.

لێرەدا بەیتبێژ رووکارێکی تری سیاسی دەخاتە بەرچاو.

ئەزموونێکی بەردەوام و چەند پاتەکراو کە دەوڵەتە زلهێزەکان هەمیشە ئەمارەتە کوردەکانیان کردۆتە ئامرازێک بۆ فەڕ و بەرژەوەندی خۆیان، بە فێڵ و دهۆ لێکیان هەڵبڕیون. لایەکیان لاواندۆتەوە، بە چەک و چۆڵ تەیاریان کردوون، بە گژ نەیاری خۆیانیاندا کردوون، یان لە نەکاو تێکیان بەرداون و دیسان سەر لە نوێ ...

بەڵێ بەیتبێژ کە دەبینێ لە دەست بەناو داڵدە و دۆستیش هیچ هەڵناوەرێ، تووڕە و بێزار دەبێ تا رادەی بێزراو لە ڕێبازی خۆی، تەنانەت لە سۆی تەم و غەمی کۆچی سووری میری سۆران، هەڕەشە دەکا ئەگەر بە ئاکام نەگا «بێنێتە لەرزین تەختی کردگار»[19]

«رۆڵە، بەگمێ، گەوەرێ، وەرە، کوێینێ دەبەرکەین ئەوجار!

خۆمان باوێینەوە کن شاهەنشای، دەشقەمێ بنداتێ تۆپ و تۆپخانەو سەربازی بەکارە

حاشا لە دینی کوردی عرووس و ئینگلیس بە ئیختیارە

ئەگەر خوێنێم بۆ نەستێنن ئەوجارە

دەچم لە بارەگای خولای دەبمە عەرزچی و شکایەتکارە»

# بەیت و رەگەی ئەفسانە

بەختەوەرانــە تــا ئێســتا نووســراوە و ســەرچاوەیەکی زۆر، لەمەڕ ئەفسانە و لێکۆڵینەوەی ئەو بە زمانی فارسی بڵاو کراوەتەوە، تەنانەت لە پــۆلی دوایــی قوتابخانەکــان بە گشــتی و لە زانســتگاکان (زانکــۆی ئەدەبی) بە تایبەتی، کەوتۆتە بەر توێژینەوە. دەتـوانین بێـژین زۆربەی خوێنەران زانیارییەکی تا رادەیەک پێویستیان لەم بـابەتەوە هەیـە، بەم پێیــە ناســاندن و لێـدوانی تــایبەتی لەســەر ئەفســانە جگــە لە دووپــات کردنەوە و خۆڕانان مانایەکی تری نابێ. کەوا بوو تەنیا ئامــاژەیەک بــە بایخی ئەفسانە لە فۆلکلۆری گەلان و ئینجـا بـێ پـێچ و پەنـا سـەردێڕی باسەکەمان دەخەینە بەر سێرەی زەین و بیرمان.

لە روانگەی ئەدەبییەوە، ئەفسانە یەکێک لەم بابەتانەیە کە هۆی دەوڵەمەندبوون و بایخی فۆلکلۆر پێک دێنێ. زانایانی ئەم بەشە لە هەموو بارێکەوە ئەو دەپشکننەوە و لە دەلاقەی ئەفسانەوە دەڕواننە بیر و بۆچوونی رابردوان سەبارەت بە سروشت و گشت رووداوەکانی هەرێمی ژیانیان. لە راستیدا ئوستوورە و ئەفسانە رەنگدانەوەیەکن لە شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری مرۆڤ لە سەردەمێکی مێژوویی‌دا. هەر بۆیە بایخی پێویستی پێدەدرێ. هەر وەک **جان فاستێر** دەڵێ:

«من هەمیشە لە سەر ئەم بڕوایە بووم کە وێدەچێ رادەی رێنوێنی ئەفسانە لە مێژووی راستەقینە زیاتر بێ»[40] لەمەڕ ئەفسائە لە فۆلکلۆری کوردی‌دا، دەبێ بڵێین کە لە گوندەکان تا رادەیەک ئەفسانە بەسەر زارانەوەن و دەبنە شەوچەلەی شەوانی درێژخایەنی پاییز و زستان. هەناسەبڕکە و گەرمی لەشی پاڵەوانان، تەشقی شەوانی باکوت و تۆفی زستان دەشکێنن، هەندێ لە کتێبی «**مێژووی ئەدەبی کوردی**» و هەروەها بە زمانی فارسی لە کتێبی (**افسانه، نمایشنامه و حکایات کردی ـ گردآورنده**: **علی اشرف درویشیان**» تۆمار کراون.

بەڵام هەروەک کوتمان گەرەکمانە پێداچوونەوەیەکمان هەبێ بەسەر بەیتەکان بۆ دۆزینەوەی رەگەی ئەفسانە لەواندا و شی‌کردنەوەیان.

*

تێکهەڵچوون و دژایەتی نێوان دوو هێزی شەڕ و خێر، چاکە و خراپە و رووناکی و تاریکی یان ئەهوورامەزدا و ئەهریمەن، لقێکی

سەرەکی و هاوبەشە لە ناوەرۆکی ئەفسانەی گەلاندا.

لە ئەفسانەی یوونانییەکان: خواکان دەور دەگێڕن و زۆر جار شەڕ و ناکۆکیان کەوتۆتە مابەین کە ئاکامی زۆربەیان سەرکەوتنی خودای خێر و فەرعانی و جوانی و باشی و رووناکییە.

گەلێ جار قارەمان بە هۆی فێڵ و تەڵەکەی نەیار یان راسپێری خۆشەویستەکەی بە گژ دێو و ئەژدیهادا دەچێ و گەلێ گرفتی سەیر و سەمەرەی بۆ دێتە پێش کە بە سەر هەموویاندا زاڵ دەبێ.

هەروەک **ئەحمەد خانی باڵەکی** (باوکی لاس) دەکەوێتە بەر داو و تەڵی غەنیم، بەو هیوایە کە لە ژێر پەنجەی ئەژدیها و شێر توون بە توون چێ، کەچی قارەمان هەرکیان لە خوێن دەگەوزێنێ و لە سەر کەوڵی شێر لە بن داری چڕ و چیڕی لاس، تۆوی «**لاس**» دەگوورێ.

ئەم بەشەی بەیت ئەفسانەیەکی یۆنانیمان دەخاتەوە بیر کە لەودا، لە سەر ویستی **زێئووس**، کوڕی **هراکلۆس** دەکەوڵی شێر دەپێچن تا وەک شێر ئازا و بوێر بێ، کێ هەبێ و نەزانێ کە شێر لە کلیلە و دمنە و هەروەها فۆلکلۆری گەلاندا وەک سەمبولی مەزنایەتی و ئازایەتی و میرخاسییە؟

رووکارێکی تر لەم بەیتە:

«**لاس**»ی سەوداسەر و گیرۆدەی ئەوین، لە سەر داوای خەزاڵ دەچێتە چل پلەی عوممانێ تا گوڵی شۆرانێی بۆ بێنێ. لە رێی ئەم مەبەستە لە زۆر ئاوان دەدا و کەند و کۆسپان وەلا دەنێ، پاڵەوانی دێوئاسای دێنە رێ:

«لاس رکێفی لێدا چووە چل پلەی عومانیێ
تەماشا دەکا چوار پاڵەوان دەگەڕێن دەکەن سەیرانیێ
ئەگەر لاسە شۆڕیان دی لە زەمانیێ
هەریەک گورزێکی گەورەیان دانا لە سەر شانیێ»

لە ئاکامدا وەک زۆر نموونەی تر قارەمان سەر دەکەوێ. یان لە بەیتی «**خورشیدی خاوەر**»[41] خورشید کوڕی شارەخشا عاشق بە روخساری خەرامان کچی خاقانی چین بە مەبەستی چاوپێکەوتن و پێگەیشتن، ملی ڕێ دەگرێتە بەر، بەم ئاواتە بە گورز و مەتاڵ، بە رمب و شمشیر و دەبان و زرێ، قۆناغ بە قۆناغ داو و تەڵ هەڵدەبڕێ، لەمپەر و پەرژین رادەماڵێ، دێو و درنج و رموزنەی جادووگەر ئاوێتەی خوێن دەکا. تەنانەت **قەمەرناز** لە دەست ئەوان رزگار دەکا. یان لە بەیتی «**زەمبیل فرۆش**»دا: قارەمان نەک بە گورز و شمشیر، بەڵکوو بە ئامرازی عیرفان و بیر و باوا و مەعنەوییەت دێتە کۆڕی خەبات. بەم چەشنە پاشا پێی کفر و سووکایەتییە کە زەمبیل فرۆشێک بنێرێتە سەر خوشکی، جا پێشنیار دەکەن بەرێیکاتە ناو باغ و مێشە تا ببێتە خۆراکی ئەژدیها. ئەژدیها ئەو دەبینێ، ئەمیش نەشڵەژاو تێی راخوڕی «بەپیر زەمبیل فرۆشەوە هات کوتی: یارەبی زۆر شوکور!، ئەوە خۆت و باغی خۆت، ئەوە رۆییم.»

ئەگەر زۆر ورد و بە پشوو بە بەیتەکاندا بچینەوە لەم بابەتە نموونەی تریش دەستدەکەوێ.

لە تەواوی ئەم تێکستانە ئەوی سەردەکەوێ «**ئەشرەفی**

**مەخلووقــات**»ە هەروەک لــە ئاکــامی ئەفســانەی یۆنــانیش‌دا، ئەوە «**هێرکۆل**»ە کە زئووس لە کۆت و کەلەبچە رزگـار دەکـا، بە واتـایەکی تر خۆر و رووناکی بەرەڵدا دەکا.

بەڵــێ! قارەمانــانی ئەفســانەیی بەیتــی کــوردیش ئەم راســتییە ســەلمێندراوە دووپــات دەکەنەوە کــە ئەوە ئینســانە دەیــهەوێ بەســەر سروشت، بە سەر هەموو تەنگ و چەڵەمە و تەگەرەیەکدا زاڵ بێ. یاسا و دەسەڵاتداری خۆی بە سەر نـاحەزان و «**ئەهـریمەن**»اندا بسـەپێنێ و شەوی ئەنگوستەچاو رابێ و لە جێی چەقڵی شەو گوڵی کازێوە بپشکوێ و ئەوین و هۆگری بکاتە ئامیانی ژیان.

هەروەها لە رەنگی رەش وەک سـەمبولی خراپی و بەدفەڕی کەڵـک وەردەگـرێ. کەسـایەتی سـەرەکی مەنفـی لە بەیتـی: **شـۆڕ مەحمـوود و مەرزینگان** «**مامە ڕەش**» باوکی مەرزینگانە کە لە ئەنجاما بـە دەسـتی جەماوەر، بە دەست تێکڕای رێڕەوانی رێبـازی ئەویـن دەبەتلـێ. نەیـاری سەرەکی «**لاس**»ی باڵەکی «**مامە رەش**»ە کـە ئەمـیش بە زەبـری رمـب و شمشـیر سـەری دەپلیقێـتەوە. بەیتـی «**شـێخ مەنـد و شـێخ رەش**»[20] کـە نموونەیەکی بەرزە لە بەیتە ئەفسانەییەکانی کـوردی، لەودا شـێخ رەش دەبێتە سەمبولی خراپی و نەیاری.

«خۆ ئەوە شێخ رەش دەبوو بە مارێکی رەشی لەغاو سپییە
لێی دەچۆوە دەپەڕی دەتانییە
شێخ رەش دەرپەڕی، دەبۆوە بە بەرانێکی شین بەشی کەڵێنی‌یە
شێخ مەند دەبووە بە بەرانێکی زەربەشی کەلێنی‌یە

لە ئاکامدا:

«شێخ ڕەش لە پشت ڕۆژێ سەری وەدەر دەنا
ئەگەر نەزەریان دەکردەوە شێخ ڕەشی‌یە
شێخ ڕەش دەسووتا بەردەبۆوە
بە تیری شێخ مەند گرفتار بۆوە»

ئەم ڕستانە تەنیا هەست و ئاوەز نییە، تەنیا بیر و بڕوای ئایینی نییە، ئەمە لە ڕاستی‌دا ڕەوتی مێژوویە کە لەودا تاریکی و چەپەڵی بە گرشەی سووتێنەری خۆر و ڕووناکی دەفەوتێ، تا لە ئاکامدا مرۆڤ بتوانێ بەرەو ئاواتی بەرزی خۆی هەنگاو بنێ.

ئەمە بەیتی کوردییە کە بازنەی پلە و بایخی ونبووی خۆی بە ئەفسانەی یۆنانییەوە گرێ دەدا، ئەگەر **زێئووس** خودای ڕووناکی ناتوانێ هەتا سەر دیل و دەستبەستەی ئەهریمەنی شەڕ و تاریکی بێ ئەمیش دەبێتە ڕووپەڕێک لە مێژووی مروڤایەتی، لاپەڕێک لە دیالیکتیک کە خۆر ناتوانێ داڵدەی تاریکی بێ، تووڕی هەڵدەدا و بە تیری **شێخ مەند** (وێنەی هێرکوول) دەبەتڵێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە بەیتی باسکراو و هەروەها ئەم دیمەنەی بەیتی **مەم و زین** کە لەودا مەم و بەنگینە بە دیتنی یەکەم تیشکی ڕۆژ دەخەجلێن، حەول دەدەن باوەشی تێوەرێنن بۆیان ناگیرێ، کە مامۆستا دێتەوە پێی دەڵێن: «مامۆستا خوڵا هاتۆتە نێو ئێمە» کە بە گشتی ئایینی **میترا** مان دێنێتەوە بیر کە کڕنۆشیان بۆ خۆر بردووە و پەرەستوویانە. یانی بیر خستنەوەی بیر و ڕای باب و باپیرانمان لە

سەدەکانی کەونارا. پاشان ئاگر کە وەک تۆسقاڵە پریشکێک لە خۆر لێیان دەڕوانی، جێی ئەو دەگرێتەوە. ئاگردان و ئاتەشگای بەرین و هەراو سازدەکەن و بە دەوری کۆڕی زیکر و کڕنۆش دەبەستن. رووکارێکی تر لە بەیتی پڕ بایخی مەم و زین. با لە بەیتبێژ ببیسین:

«سێ پەری لە ئاسمانی حەوتەمین بەستوویانە لەنگەرە لە سەر کۆشکی کاکە مەمی هەڵدەنیشتن ئەوبەرئەوبەرە»

«رۆحی رەوانیان گرت، هەڵیانگرت، لە پەنجەرەیان هێنا دەرێ، لە سەر باڵی خۆیان دانا لە خولای دەپاڕانەوە، هەرەکەتیان لە خۆیان دا، چونە حەوت تەبەقی ئاسمانە، لە هیچ کوێیان وچان نەدەدا هەتا دەهاتنە شاری یەمەنێ، لە بورجی بەڵەک دەبوونەوە میوانە دەکونی پەنجراندا دەچوونە ژوورێ «یایەزین»یان وێڕای میرمەمی درێژ دەکرد شان بە شانە»

لە هەندێ ئەفسانەکانی یۆنانیدا پەری لە بیچمی **کۆتر** سەمبولی **خودا** بووە، هەروەک زانایانی زانستی کەونارا لە ئەنتاکیە و سووریە هەندێک سککەیان دۆزیوەتەوە کە وێنەی «**کۆتری مێ**»یان لە سەر هەڵقەندراوە. هەروەها لە دەوروبەری میراپۆلیسی (Hierapolis) سووریە وەک خودا روانیویانەتە کۆتری مێ و رێزیان لێ گرتووە.

لە هەندێ ئەفسانەکانی تری ئەم سەردەمە، **پەری کۆتر** ئەرکی گواستنەوەی ئەویندارانیان لە سەر بووە، هەروەک «**فلۆرین**» بە یارمەتی پۆلێ کۆتری سپی بەرەو کۆشکی دڵدار باڵ دەگرێ. هەروەها لە جێیەکیتر کۆتری مێ ژنی خودای ئەوینە. بەم چەشنە کە بە یارمەتی

پۆلێ کۆترانی نێر و مێ و سپی کالیسکەی دڵڕفێنانی شۆخ و چەلەنگ رادەگوێزن. لە ئایینی مەسیحیش‌دا کۆتر وەک نمادی «**روح القدووس**» نێودێر کراوە.

لە تەواوی ئەم تێکستانەش‌دا دەبینین کە مرۆڤ قارەمانی سەرکەوتووی رووداوەکانە، ئەگەر لە سەردەمێک‌دا لە مانگ و رۆژ و بروسکە و پەری (لە بیچمی باڵندە و ئادەمیزاد) وەک ئوستوورەیەک دەڕوانێ جگە لەوە کە بنەمای گووران و بەدی‌هاتنی ئەو بیر و باوەڕە لە سەر بنچینەی ترس و رادەی تێگەیشتنی ئەو لە رووداوەکان پێک دێ، لە هەمان کاتا رەجایان بۆ دەبا کە لە جەغزی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی ئەودا شەفاعەت بکەن و تەنانەت لە هەندێ جێ ئەرک و بەرپرسی دەخاتە ئەستۆی پەری، دەبێ ئەوینداران بە یەک بگەیێنن و پێکیان بناسێنن. ئێستاش لە ئاخرین ساڵەکانی سەدەی بیستەم کۆتری سپی سەمبولی **ئازادی و ئاشتی**یە لە هەموو جیهان‌دا.

لە بەیتی **سەعید و میر سێوەدین**، بەیتبێژ بیرو بڕوا و ئاواتی مرۆڤایەتی خۆی نێوئاخن دەکا، لەو دەم کە دایک و باوکی سەعید لە سۆی فیراقی تاقانە، سۆمای چاویان کز دەبێ، کوێر و زۆرهان و پەککەوتە لە لاق دەکەون، **خدری زیندە** (پەری لە دیمەنی ئادەمیزاد)یان دێنێتە هیمداد و سێوێکیان دەداتێ کە هەرکام نیوێک بخۆن، لە ئاکام‌دا چاویان بە دیداری سەعید روون دەبێتەوە و تەنانەت دێنەوە سەر تەمەنی 14 ساڵی.

هەروەها ئەم بەشەی ئەفسانەیی بەیتی **مەم و زین**، یانی هۆی رێز

و حـــورمەتی مەم لە لای پەریـــان ئەوەیـــە کـــە **مەم** وەلەدی ســـێوی بەهەشـتیـیـە، بەم جـۆرە کـە **بـرایم پاشـا** لە لایەن **وەیـسـەلقەرەنی** ماهیدەشت (پەری) سێوێکی دەردێنێ و رادەسپێرێ ئەگەر وێـڕای خێزانـی هەرکـام لەتێکـی بخـۆن کوڕیـان دەبـێ، بـزانین بەیـتبێـژ، **مەم** چـۆن دەناسێنێ: «کاکە مەم چونکە لـە سێوی بەهەشتی ئیجـاد بـووە، دەبـێ بـرایم پاشـا لـــە شـــانی راســتە و چەپەی خـــۆی بیـــانبینێ هەوەڵـــی سبحەینانە»

لە لێکۆڵینەوەی بەیتەکاندا پێویستە ئەم خاڵـە گرینگەمـان لـە بەر چاو بێ کە هەر بابەتێکی لە گوێن ئەفسانەمان لە بەیتێکدا بەدی کـرد. جاییز نییە بـێ سـەرنج دان بە دەست تێـوەردان وئـاڵوگۆڕی بەیتەکـان دەستبەجێ مۆری ئەفسانەیان لێ بدرێ.

بەیتبێژ لـە هەنـدێ بەیتەکانـدا بیـر و بـاوەڕی ئـایینی و هەروەهـا ئاوات و ئامانجەکانی خۆی دەخاتە پاڵ بەیتەکان، بـۆ وێنـە کارەسـاتی قەڵای دمـدم کـە بەیتێکـی راسـتەقینەی مێژوییـە، سـاڵ و سـەردەمی رووداوەکە روون و ئاشـــکرایە و لــــە لاپەڕەی مێـــژووی کوردســـتاندا (شەڕەفنامە) تۆمار کراوە، کەسـایەتییەکانی سـەرەکی بەیـت ناسیاون، کەچی دەبینین لە نوسخەیەکی ئەم بەیتە، بەیتبێژ لـە دوای داکووژانی ئـاگری کارەسـات، کـوڵ دەیگـرێ و دەبـارێنێ: خـانمەکـان دەکاتـە پۆلـە کۆترێـک، بەڵکـوو تـۆوی ئەم خەبـات و خۆڕاگرییـە لــە شـوێنێکی تـر بگوورێ و بە دڵنیایی لە بەهەشتی بەرین پێکیان شاد دەکاتەوە:

«ئەوە لەبەر پۆڵە خانمی دەچاو بەغومارە.

ئەوە لە ئەستۆی خۆیان شل دەکردەوە حیزارە
هاواریان دەکرد: یا پەروەردگارە
ئەوە لە قەڵای دمدمی خۆیان هەڵدەداشتەوە خوارە بە حوکمی خودای دەبوونەوە بە پۆلە کۆترێکی باڵدارە
ئەوان بۆ سوڵتان سەلیمیان دەهێناوە هاوارە
دەیانکوت ئەی پادشای سەر دەوڵەتێ
تۆخوداکەی خەزایی تێکڕا شاد دەبوون بە جەننەتێ»

لە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی بەیتی کوردی نەک تەنیا لە باری ئەفسانەوە بەڵکوو وا باشە لە مەڕ هەموو لایەنەکانی، رادەی ئاڵ و گۆڕ و دەستتێوەردانی بەیت لە رەوتی مێژوودا لە بەر چاو بگیرێ تا بنەمای سەرەکی بەیتەکەمان لێ بزر نەبێ و هەودای لێکدانەوەمان پڕ گرێ و ئاڵۆز نەبێ، بە تایبەت کاتێک تووشمان بە تووشی نێوی: **شوێن ـ کەسایەتییەکان ـ عێل و تایفە ـ چەک و چۆڵ و** ... دەبێ، پێویستە سڵ نەکەین و تەنیا بە دیتنی نێوی «**تفەنگ**» لە دەقی بەیتەکە یان بە داخەوە لە وێنەی خەیاڵی کە لە پەراوێزی بەیتەکەدا رەسم دەکرێ، خێرا و بێ رامان سەردەمی رووداوی بەیتەکە بەراوەرد نەکەین، وێدەچێ ئەم بەشەی بەیتی دمدم (تۆمارکراوی ئۆسکارمان) بووبێتە هۆی بەهەڵە چوونی هێژای هەستیار و نەمر **کاک سوارە ئیلخانی زادە** کە کاتی رووداوی بەیتەکەی گەیاندۆتە سەردەمی بنەماڵەی قاجارەکان و دەڵێ:

«رەحمان بەکر لە بەیتی دمدمدا شاعەبباسی سەفەوی لەگەڵ فەتعەلی شای قاجار لێ گۆڕاوە ...»(42)

«دەڵێ بە ئیزنی خولای لە سەر
پشتیوانم پێغەمبەر
دەچم بۆ سەر شای قەجەر»
و لە جێیەکی تر:
«لە سوڵتانی ئەنوەرە
هەم سەیید و سەروەرە
ناردی مۆهر و دەفتەرە
لە بۆ پادشای قەجەرە»

بەیتبێژ لە تەواوی دەقی بەیتەکە شاعەبباس بە نەیاری سەرەکی قەلای دمدم دەناسێنێ، تەنیا لەم دوو جێیە نێوێک لە شای قەجەر هاتووە. هەڵبەت لە زۆربەی تێکستەکانی تری ئەم بەیتە، چ موکریانی و چ کرمانجی، نێوێک لە شای قەجەر نەهاتووە.

*

لە تایبەتمەندییەکانی تری کەلەپووری نەتەوایەتی، بەدیکردنی شوێنپێی فۆلکلۆری گەلانی دراوسێیە کە ئەم راستییە نەک لە بایخی ئەم بەشەی فۆلکلۆر کەم ناکاتەوە بەڵکوو مەبەستێکی ئاسایی و سروشتێ، چون زۆربەی سەردەمان ئێمە و گەلانی دراوسێ لە ژێر کارتێکردنی پێوەندییەکانی ئابووری ـ کۆمەلایەتی تا رادەیەک هاوبەشدا ژیانمان بردۆتە سەر. هەتا لە رەوتی «زەمان»دا بەرەو دوا دوورتر بڕوانین، ئەم پێوەندییە نیزیکتر دەبینین، هەروەک رەگەی ئایینی باستان و

ئەفسانەی یۆنانییەکانمان لە بەیتدا دەسنیشان کرد. ئەمەش چەند نموونەیەکی تر:

ئەفسانەیەکی ئازەربایجانی دەڵێ:

«رۆژێک شاعەبباس وێڕای وەزیرەکەی بە بیچمی گۆڕاو دەچنە نێو جەرگەی خەڵک، لەبەر کلاوڕۆژنەی کاولاشێک گوێ هەڵدەخەن بۆ چپە و سرتەی سێ خوشک ... شاعەبباس خوشکی گچکە دەسنیشان دەکاو...»(43)

کە وێنەی ئەم دەسپێکە لە هەندێ حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی کە کەسایەتی سەرەکی ئەوان «**سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس**»ە دەبیندرێ. سەرەتای بەیتی «**مێر و وەفا**»ش ئاوا دەست پێدەکا:

«برایم پاشایەک بوو، رۆژێک هەستا چۆ نێو رەعیەت و میللەتی خۆی، لە ماڵێک وەژوور کەوت، ئەو ماڵە پیاوێکی لێ بوو کە سێ کچی هەبوو، کچی گەورە گوتی ...»

یان لە ئەفسانەی **شێرزاد** (ئازەربایجانی)دا:

«دەروێش بە پاشا: ئەی پاشا: من «سێو»ێکت دەدەمێ، ئەگەر لەگەڵ خێزانت هەرکام نیوێک بخۆن دوو منالوو دەبێ ...»(44)

کە پێشتر ئەم مەبەستەمان لە دوو بەیتی مەم و زین و سەعید و میرسێوەدین دا دەسنیشان کرد.

هەروەها دەبینین کە بەیتێکی حەماسی یا غەنایی لە چەند شوێن و بە چەند زمانی جیاواز تۆمار دەکرێن بۆ وێنە:

**لەیلی و مەجنوون** کە لە بنەڕەتا بە ناوی لەیلی و قەیس،

عەرەبی بووە کە پاشان نیزامی شاعیری بە ناوبانگ، بە نێوی لەیلی و مەجنوون بە فارسی دەیهۆنێتەوە، فزوولی شاعیری نێوبەدەرەوەی ئازەریش دەیهێنێتە سەر دەقی ئازەری. بەیتی کوردییەکەشی هەیە کە بە داخەوە تا ئێستا وەک هەندێ بەیت و بەند و حەیران لە گۆوار و چاپەمەنییەکاندا بڵاو نەکراوەتەوە.

لەم بارەوە رۆژهەڵاتناسان سوورن لە سەر شوێن دانانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە سەر کەلەپووری نەتەوەکانی تر. پرۆفسۆر **مار** لە وتارێکیدا دەڵێ: «فۆلکلۆری کوردی تەنیا لە ناو کورددا بڵاو نەبۆتەوە بەڵکوو لە ناو گەلانی تری رۆژهەڵاتیشدا وەک عەرەب ـ فارس ـ ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسۆریدا باوە»[45]

«**مینۆرسکی**» یش دەڵێ: «لای ئاسۆرییەکانی چیا، گۆرانی کوردی وتن و چیرۆکی کوردی گێڕانەوە، بۆتە عادەتێکی گشت لایی.»[46]

رای ئەم زانایانە بەڵگەیەکی ترە لە دەوڵەمەند بوون و پربایخ بوونی فۆلکلۆری کوردی.

# چەشنێک زمانی سەمبولیک دەناخی بەیتەکاندا

**سەرەتا:**

لــە شــەوەزەنگی ســەردەمان، لەو دەمــە کــە خوونکــارانی نگــریس و ملهوڕ بــە زەبــری رمــب و دەبــان و کەلـەبچــە، هــاوار و زەنــا و ســرتـە و نووزەیان کپ دەکرد و تــاپۆی کەســەر و نەزانپەرسـتی تەمـی خسـتبووە وڵات، لەو دەمــە کــە قامیشــەڵان دەکەوتنــە بەر لافــاوی پەتــا و بەڵا، تــا نەکا قەڵەمــێ هەڵـکەوێ کــە نەسرەوێ لــە نێو دەسـتی نەسرەوتەیەک. بەڵێ: لە بارودۆخێکی وەها شاعیر لە پێناوی ئەرکی سەرشان بۆی بووز ناخوا کە راستەوخۆ بێتــە قســە و قەڵەم وەگەڕ خــا، کــە وابــوو لێبــڕاوە سەناعەتی ئەدەبی وەک: ئیما، ئیهــام، ئیشــارە، ئیسـتیعارە ... بێنێتــە کایە و لەم بیچمەدا راز بدرکێنێ و فغان بکا لە جەوری زەمان.

**حافز**، **فردەوسی**، **مەولانا**، **عەتتاری نیشابووری**، **سائیب و خەییام**

**و** ... نموونەیەکی بەرزن لەم بابەتەوە. بە چەشنێ کە پاش تێپەڕینی سەدان ساڵ، تویژینەوە و لێکدانەوەی مەبەستی شێعریان هەروا بەردەوامە.

سەردەمی ژیانەوە (**رونێسانس**) لە بواری ئابووری و کۆمەلایەتی، هەموو لایەنێکی کۆمەڵگای ولاتانی ئۆرووپایی گرتە بەر و بەرەبەرە تەنییەوە و شوێنی جیاواری خستە گشت ولاتانی جیهان، «**ئەدەبیات**»یش کە لە ژینگە و ژیانی کۆمای هەراوی خەڵک سەرچاوە دەگرێ، بەرهەمیش تەنیا بە مەرجی گەڕانەوەی بۆ باوەشی خوڵقندەی[21] خۆی توانستی درێژەدان بە ژیانی ئەدەبی دەبێ. لەم رەوتە مێژووییەدا، ئەمیش (ئەدەبیات) خۆی شەتەک دا و کەوتە جم و جۆڵ، تا وێڕای شەپۆلی گۆڕانکاری و ئاڵ و گۆڕە بنەڕەتییەکان لە ویست و ئامانجی کۆمەڵ دابڕ نەبێ و بئاژوێ بەرەو بەستێنی پێشکەوتن، بەم پێیە پێویست بوو لە سەردەمی نوێ، هەلوێستی نوێ، بگرێتە بەر و خۆی تەیار بکا بە کەرەسە و ئامرازی نوێ. لە سەرەتای ئەم سەردەمە کەڵک وەرگرتن لە سەناعاتی ئەدەبی بەرجی ئەوە کە لە پێویست بوونێکی هەڵقولاو لە هەلومەرجی کۆمەلایەتی سەرچاوە دەگرێ، بەڵکوو لە راستیدا بۆتە شێوە سەبکێکیش بۆ رازاندنەوە و جوانکاری هونەری شاعیران کە: **نالی**، **مەولەوی**، **هێمن**، **سوارە و** ... هەر یەک شاسوارێکی چوست و ئازان لەم بوارەدا.

بەم بیانوویە تکا و رجام لە زانایان و کارناسانی بەشی شێعرە کە وردەکاری زمانی سەمبولیک لە دیوانی شاعیران گوڵبژێر کەن و بیخەنە

بەر پشکنین و لێکدانەوە.

ئێستا کە بە پێی توانا تا رادەی زانیارییەکی سەرەتایی، کورتە باسێکمان لە ژیانی رابردووی ئەم شێوە زمان و ئاخاوتنە کرد، لەم روانگەوە دەڕوانینە بەند و بەیتەکان.

* *

بە پێی پێوەندی بەردەوام و نەپساوەی مرۆڤ و سروشت. دیاردە سروشتییەکان، پێکهێنەری بەشێکی گرینگن لە کەرەسەی زمانی سەمبولیک وەک: **ئاو**، **ئاگر**. **با**، **گوڵ**، **مانگ**، رۆژ. شێوەی بەکارهێنان یان کەڵک وەرگرتنیان لە پێناوی دەربڕینی هەستی دەرون بۆ پێکانی مەبەست، پێوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ سروشتی هەرێمی ژیانی وێژەر. بۆ وێنە: بۆ شاعیرێ کە بە چۆڕەی کانیاوی چیا راهاتووە و تەزو و سایەقەی چلوان سڕی کردووە، لە بەر باکوت و کڕێوە کەسیرە ماوە، تیشکی رۆژ دەتوانێ «**نماد**»ی ژیانەوە و بووژانەوە بێ، بە پێچەوانە ئەم مانایە ناتوانێ لە بۆچوونی شاعیری وڵاتانی رۆژهەڵاتی نیزیک بێ.

بەم پێیە شەماڵ لە ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان کە دژ بە دێوەزمەی زستان تێهەڵدەکا و رەشانگە دەخاتە لووتکە و لاپاڵ و شێو، ئاڵەکۆک و گەزیزە دەکاتە جێژنانەی نەورۆز و بەهار، شادیهێنەرە و ئیلهامبەخشی شێعری شاعیران.

هەروەک لە بەشی پێشوودا باسمان کرد لە ئەدەبی باستاندا لە دوو

نمادی ناکۆک و لە ئاشتی نەهاتوو وەک سەمبولی خودای خێر و شەڕ، یان ئەهووورامەزدا و ئەهریمەن کەڵک وەرگیراوە. ئەمە جگە لەوە کە ڕەوتی نەپساوە و بەردەوامی مێژووی مرۆڤایەتی و شێوەی پێکهاتنی شارستانییەت دەسنیشان دەکا، هەروەها بیر و بڕوا و ئاواتی خۆیان لەم بیچمەدا دەربڕیوە.

بەیتی کوردی لەم بەستێنەشدا وەک خەزێنەیەک زێڕ و زێوی بەرچاوی هەیە. لە ناخی بەیتەکاندا زۆرجار **زریان و شەماڵ** وەک دوو نمادی خێر و شەڕ دەور دەگێڕن. بەیتبێژ زریان کە بە «**ڕەشە با**»ش نێودێر کراوە وەک هێزێکی دڵڕەق و بێ بەزە یان بێ هێزوپێز و پیر و پەککەوتە و بێ کەڵک دەناسێنێ و لە شەماڵ وەک قاسیدی پەیامبەر و پەیامهێنەر کەڵک وەردەگرێ.

ڕووپەڕێک لە بەیتی **شێخ مەند و شێخ ڕەش**:

«هاوارێکی کردە زریانییە
وەی زریانە هەوێکە!
ئەو کاغەزەی بەڕێ کە
دایک و بابم حاڵی کە
زریان دەیکوت: وەی شاسواری جوندییە!
پیر بووم تاقەتم نیە
هاوار کە شەماڵی یە
شەماڵ دەهات کاغەزی دەڕفاند ...»

لە کورتە بەیتی «**عەلی عاشق**»[22]یشدا ئاوا هاتووە:

«قوربانت بم ئەی بای وادە
تارا لە سەر لەیلم لادە
بە دەستووری حاکم زادە
قوربانت بم شەماڵ وەرە
ئەو کاغەزەم لە بۆ بەرە
بیدە بە دەستی دڵبەرە»

لێرەدا حیکایەتی حەزرەتی یوسف کە بۆن و بەرامی کراسی (بە هۆی باوە) دەگاتە یەعقووبی باوکی و هەواڵی ساغی و سڵامەتی پێڕادەگەیێنێ، لەمێژینە بوونی ئەم بابەتەمان بۆ روون دەکاتەوە و ئەم راستەقینە سەلمێندراوەمان لێ دووپات دەکاتەوە کە بۆ شیکردنەوەی هەر بابەتێکی هونەر و ئەدەبی فۆلکلۆر و سەلماندنی رەسەنایەتی، وەک یەکەم هەنگاو پێویستە لە سەردەمانی مێژوو ورد بینەوە و پێوەندی مەنتیقی لە نێوان رەوایەتی لەمێژینە و کەلامی فۆلکلۆر بدۆزینەوە کە بە شیکردنەوە و بەراوەرد کردنیان، بۆی هەیە بڵێین سەرینچاوەی هەرتک لا دەگەنەوە دنیای ئوستوورە. لەم قۆناغەدا دەکرێ بە پاڵپشتی زانستی مێتۆلۆژی رووحێکی نوێ بخەینە جەستەی سەمبولی بەیتەکان. هەروەها لە بەیتی پڕ رەمز و رازی «شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی»دا کە چەشنێک **ریئالیزمی جادوویی** لەودا بەدی دەکرێ، بای شەماڵ لە سەر داوای فەرخ دوو جار بە هانایەوە دێ:

«فەرخ گوتی: بانگی شەماڵی کەن بێ لەو لاوە
فەرخ بانگی دەکرد: ئەی رەببی عالەمی بینای چاوانە

حەزرەتی جوبرائیلی بنێرە کن باڵووڵی دێوانە
شەماڵ مەرخەس بکرێ بێتە ئێرەکانە
هەراسان بووە ئەستی کێلگەردنی هەنیە پانە
ئەگەر فەرخ لە خولای دەپاڕاوە
بە رەزای خولای شەماڵ مەرەخەست کراوە»

*

لە پێوەندی گوڵ و گوڵزار، دلاڤایی و لاواندنەوە سیفەتێکی تری «**شەماڵ**»ە کە ئەو کاتەی لە سینەی دەشت و چیا بە شنەی شەماڵ رادەژێن و دەکەونە خۆڕانان و حیکمەت و جوانی خۆیان دەنوێنن. ئەوا پۆلبەستی گولان بە چەشنی سەمبولێک دەکەونە گۆ و رازی دڵ دەردەبڕن و دەیانهەوێ خۆ لە محەک دەن، کێ باشتر لە شەماڵ. دادپەروەرە، لاوێنەرە و راستگۆ. دەجا وێکڕا بڕیار دەدەن شەرحی خۆیان بەرنەوە کن بایەکەی شەماڵی:

«جەمعی گولان پۆلبەدەست دەبوون
دەچوونە کن شەوبایە شەماڵی کە شەوگەڕە و دەگەڕێ لە کوێستانی دەباسەفایە
دەیانگوت: شەماڵ ئەتو شەوگەڕی و دەگەڕێی
سەر لە کوێستانان دەدەی، لەگەڵ گولانت سەر و سەودایە
وەرە شەرعمان بکە ئەگەر شەرعمان بگۆڕی
پێناودارمان بی لە سەر بەردی «سەخرەتوڵلا»یە
وەرە سەیری بەژن و بالامان کە و بڕوانە

کێهەمان جوانین لە سەر ئەوێ کاولە دونیایە
شەماڵ دەڵێ: گوڵینە هەمووتان جوانن
هەمووتان شۆخ و نازدارن
هەمووتان دڵتەڕ و لەبارن
بەڵام ئەگەر دوو ڕۆژانوو بارینی ڕەحمەتی لێنەدا
بەردەدەنەوە سەری خەجاڵەتییە
سیس دەبن لە بەر ئەوێ گەرمایە»

بەڵێ ئەوە بایەکەی شەماڵە کە لە گوێی گوڵان دەسرەوێنێ و ڕووبەند لە سەر بووکە سوورێک لادەدا:

«بەڵام سوورە گوڵێک هەیە لە باغی شەددادی
ئەو سوورە گوڵە پاییز و هاوینێ
زستان و بەهارێ
ساڵ دەری دوازدە مانگە
بە شەو و بە ڕۆژ لە میجازێکیدایە»

لێرەدا بەیتبێژ مات و غەمین بە سۆزێکی پڕ کەسەر کە بۆسۆی ئاگری دەروونی هەست دەکرێ، کوڵ دەیگرێ و دەناڵێنێ:

«های گەلۆ ... های گەلۆ!!
ئەو خەمی دەدڵم زۆرن
چەندی لەئێشە و چەندی لە ژانە و چەندی لە ماجەرایە و چەندی لەوێ خەفەتێ
ئەمن سەد حەیف و دووسەد موخابینێ لە دنیایەم دێتێ بۆوێ شۆخێ

نازداریێ لێو بەباریێ»

تۆ بڵێی چ سووره گوڵێک بێ وا لە نێو پەرژینی بەدرک و داڵی باغ بەند و دیلە؟ تو بڵێی مەبەستی وێژەر لە «**باغی شەدداد**» هەر ئەو داب و نەریتی چەوتی کۆمەڵایەتی نەبێ کە لەودا شۆخ و شەنگێک سەرەڕای پەیمان و بەڵێنێک کە لە ڕێی کانی بەرماڵان یان پەنای چیغ و رەشماڵی هەوار یا ن کاتی هاوێر، لەگەڵ کوڕە حەیران بەستوویەتی و دڵی هەروا بۆ ئەم دەکورکێنێ، بە تۆبزی بەرێ کرابێتە کۆشک و بارەگای (باغ) تەژەیەکی زەبەلاح و لاسار؟

«باغی شەدداد» دەبێ شوبهاندنی سەردەمی دەرەبەگایەتی بێ کە لەودا کەسایەتییان لە ژن بزر کردووە و جەستەی خەستەیان تەنیا بۆ کاری مەڕداری و نێوماڵ بایخی هەبووە و «دڵ»ی بەهێند نەگیراوە.

گوڵ و باغیان کوتووە، بەڵام بۆ ئەو باغ نییە، دارەکان هەموو تان و پۆ و پەتی رایەڵن، لە سیوادی رۆژێ تا بوومەلێڵ لە پەنجەرە و دەلاقەی بەرهەیوانەوە لە «**کوڕە حەیران**» دەڕوانێ، بەڵام بەدی ناکا! هەر بۆیە

«هەموو ئێواران بەردەداتەوە سەری خەجاڵەتییە»

* * *

هەمیسان ئەگەر کەسایەتی بەیت و باوان بەسەر کەینەوە و لەم روانگەوە لێیان وردبینەوە، دەبینین گەلێ مەبەستی تر وەک رەمزێک ماونەوە کە دەیان پرسیار لە زەینی خوێنەر بەدیدەکەن.

بۆ وێنە ئەگەر گوێ هەڵخەینە زۆربەی تێکستەکانی بەیتی «**خەج و سیامەند**»، یا بە نووسراوە وەیخوێنین، ئەم پرسیارە مێشکمان ئازار ئەدا کە **سیامەند** لە ئاکامدا بۆچ بە گڕ کەڵی گچکەدا چوو کە ئەمیش لێبڕاو لە روبحەی زۆزان و رژدان هەڵیدەدێرێتە سەر پەلی دارەبەنێ؟ چون هەروەک خەج بانگ دێڵێ 6 کەڵی شێتۆکە و لێوبەکەف گامێشی گچک راودەنێن و کەڵی گچکە لە گوێن سەوداسەرێک ئەو لە هوروژم و پەلاماری رەوەی کەڵان دەپارێزێ.

لە راستیدا، **خەج** ئەم دووانە بە خۆی و **سیامەند** دەشوبهێنێ و وێنەی چەشنێک پێوەندی مەعنەوی لەگەڵ ئەوان دەنەخشێنێ و لە لایەن ئەوانیشەوە سۆزی ئەوینی پاک و بێخەوشی خۆی دەردەبڕێ، هەرتک لا لە لایەن غەنیمانی بوغز لە دڵ ئابلۆقە دراون، با لە زمان **خەج** ببیسین:

«توخوداکەی سیامەند

سەری گەلێک لە ئێمە بە تەمە، بە کڕێوەیە و بەبارانە

تۆخوداکەی ئەمن ئەوە لێم دەدیت، بابم سیامەند گیان

دەهاتنەوە خوار حەوت کەڵی دەکێوی

دەپێشواندا ئەوە دەڕوا گامێشێک لەوی قەشانە

ئەوە تێیدا دەبوو دوو عاشقی لەوان

یەکیان کەڵیکی خڕەکەی لەوی دەبچکۆلانە

نەعرەتەی بەتاڵ دەکردەوە لە سینگی

وەدەری دەنا کۆتی دەدارانە

ئەورۆ سمکۆڵی دەکردەوە لە عەرزی

نەقورچی دەداوە لە بەردانە
وەی بابەکەم سیامەند گیان
ئەوی دی گامێشی دەگێڕاوە لە پێش ئەو شەشانە
خەجێ لە کۆڕژنی دەگریانێی دەدا
دەیگوت ئەوانەش عاشقێکن وەک ئامۆزا سیامەندێ
ئەگەر خوشکی هەڵدەگرتەوە لە حەوت برایانە»

کەچی **سیامەند** بەر لە هەموو ئامبازی کەڵی گچکە دەبێ و شاڵاوی بۆ دەبا، بەمجۆرە هەر دوو ئەویندار تێکڕودێن. لە بەر چاوی **خەج**، دوو سەمبولی چاکە و ئەوین لە هەڵەمووتێکا یەکانگیر دەبن، بەڵام بە عەزمی بەتلانی یەک، بەم چەشنە تراژێدی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

«دەستی دەداوە تفەنگێکێ لوولە لە شەشخانە
ئەو بە جاسووس، کەڵی دەبابم سیامەند گیان
لە کەڵی گچکەی دەکردەوە بە تەنگانە
دەستی دەداوە کێردێکی نێرگز دەبانە
ئەگەر سەری نێچیرێ ببڕێ بۆ خەجی بابانوێرانە
سەری لە سینگی دەدا پاشووی توند دەکردەوە لە پەراسوانە
هەڵی دەداشتەوە لە پلە و روبحەی دەبەردانە»

تۆ بڵێی هەوەلدانەری ئەم بەیتە، لە روانگەی میتۆلوژییەوە، لە چ مەبەستێکی ئوستوورەیی باب و باپیرانمان وێنەی هەڵگرتبێ کە ئەم رەمزەی بۆ ئێمە جێهێشتووە؟

بڵێی لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلانی تر، تراژێدی لەم چەشنە هەبێ

کە شوێن پێی خستبێتە سەر بیری بەیتبێژی ئێمە؟

# ڕەنگ دانەوەی کەسایەتی ژن دەبەیتەکاندا

**سەرەتا**:

هەر لەودەم کـە ڕەوەی مـرۆڤ بـۆ دابـین کردنـی بژیـوی ژیـان، لـە ئەشـکوون و زەنـدۆڵ، دادەگەڕانـە پێدەشـت و لێـڕەوار و دارسـتانی چوغوور، لەودەمە کە ئافرەت بە پێی باری بیۆلـۆژیکی، یـانی زاوزوو و ئاگـاداری لـە زارۆک لێبـڕاوە لـە ئەشکەوت یـان کـۆخ و خـانووچکەی دەستکردی خـۆی بنەگـر بـێ و نێـرەوەز بە هـۆی جـازیبەی جینسـی لـە دەوری وەرووکاون، دەوری تـایبەتی خۆی لـە بنیاتنـانی شارستانییەتی مرۆڤ بینیوە.

بەم جۆرە پۆل پۆل لێک کۆبوونەوە و لە جێیەک نیشتەجێ بـوون و یەکەمین «**دابەشینی**» کۆمەڵایەتی کار لـە سـەر بنچینـەی جینسـی ژن و پیاو بەڕێوە چۆ کە لەودا ژن بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵەی وەئەستۆ گرتـووە. بەم پێیـە زانایـانی «کۆمەڵناسـی مێژوویـی» لە سـەر ئەم باوەڕەن کە **ئافرەت پێکهێنەر و یەکەم مێعماری شارستانییەتە**.

هەر لە ڕەوتی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە مێژووییەدا، چ جاران بە جلک و خشڵی جوان ڕازاوەتەوە و بۆ کز کردنی ئاگری تووڕەیی خودای لافاو، کەوتوونەتە گێژاوی ڕووبار، یان بوونەتە قوربانی و وەک دیاری پێشکەش بە بارەگای خودایان کراون تا بەڵکوو لێیان خۆش بێ!

سەردەمێکیش کۆیلەی ژێر تاژەنگی خوونکار و سەردەمێک زیندەبەگۆڕ. ئاشکرایە کە شیکردنەوەی هەمە لایەنەی کەسایەتی ژن لە ڕەوتی مێژوودا، تەنیا لە چوارچێوەی «**ناسین**»ی گشت پێوەندییەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەعنەوی ناو کۆمەڵ، مسۆگەر دەبێ کە ئەمەش خۆی پێویستی بە زانیارییەکی تەواو هەیە لە زانستی کۆمەڵناسی مێژوویی و ... دیارە نە قەڵەمی کول و بێ بڕشتی ئێمە دەری دەبا نە بابەتی ئەم وتارەش هەڵدەگرێ.

خۆ ئەگەر بە پێوانەی ئەدەبی فۆلکلۆر و وێژە و فەرهەنگی سەردەمی کەونارا لەم مەبەستە بڕوانین دوو تێڕوانینی جیاواز لە یەک بەدی دەکەین، لە لایەک لە مێتۆلۆژی ئیسلامی، عیبری، مەسیحیدا، یەکەمین ژنی مێژوو، لە یەکەم هەنگاوا بۆ بنیاتنانی بنەماڵە تووشی هەڵە دەبێ، یانی ئەگەر «**حەوا**» «**ئادەم**»ی هان داوە بۆ ئاکاری گوناه، لە یۆنانیشدا «**پاندۆر**» وەک یەکەم ژن «**ئیپیمتە**» برای «**پرۆمتە**»ی هەڵدەخەڵەتێنێ، کە لە ئاکامدا تەمی دەرد و مەینەت و غەم و کەسەر، تەواوی جیهان دادەگرێ.

لە لایەکی تر لە ناخی ئەساتیری زەردەشتی، هەندێ لە خوداکان ژنن، وەک «**ئاناهیتا**» خودای فەرعانی، «**چیتیا**» خودای زانست،

هەروەهـــــــا «**دغـــــدۆ**» دایکـــی زەردەشـــت، «**هەوی**» خێزانـــــی، «**پورجیستای**»ی کچی، هەریەک بە کەسایەتییەکی موسبەت دەناسرێن.

ئەگەر لە گشت دەورگێڕانی (سەرەکی) ژن لـە شـانامەی فردەوسـیدا تەنیا «**سودابە**» کەسایەتییەکی مەنفی هەیە، لە بەیتەکانی کوردیشدا، تەنیـا «**خـاتوون پەریخـان**»[٢٣] حـاکمی شـاری چەلیـان (بەر لـە ئاشـنا بوونی لەگەڵ مەحمەڵ) وەک کەسێکی خـوێنڕژ و دڵڕژد، خـۆ دەنـوێنێ. ئەم چەند دێـڕە ئامـاژەیەکی بەتاڵووکـە بـوو کـە لەم روانگـە گشـتییەوە بڕوانینە پێشینەی رێبوارانی کۆسکەوتەی رێگـای بـێبـڕانەوەی ئەویـن، هەڵسووڕێنەرانی رەوڕەوەی ئـابووری خـێڵات، دەورگێـڕ و خـوڵقێنەری تراژێدی، یانی سەربوردەی ژنی بەیت و بەند و حەیرانان.

*

هەروەک لـە وتارەکـانی پێشـوودا باسـمان کـرد، بەیـت لـە رەوتـی گـووران و هەڵـدان و پەرەگرتنـی خۆیـدا گەلێـک شـێوە ژیـانی لـە سـەر بنەڕەتی پێوەنـدییەکانی ئـابووری ـ کۆمەڵایەتی تـایبەت بـە سـەردەمی خـۆی تێـپەڕ کـردووە کـە دەوری «**ئـافرەت**»یـش دەکـۆمەڵدا بەپێـی ئەم رەوتە گۆڕانی بە سـەردا هـاتووە. خـاڵی گرینـگ و بەرچـاو لەم رێبـازە مێژووییەدا هەڵوێستی ژنی «**بەیتە**»ە لە حاست پەرژین و کەند و کۆسـپی باریکەڕێی لووتکەی بەرزی ئامانج.

سەرباری قەرقەشی و سەخڵەتی ژیان لە لایەن باب و برایانی کە لە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگی تایبەتی عەشیرەتن، بێحورمەتیان پێکراوە،

گوێیان نەداوەتە ویست و دڵخوازی ئەو، بە کەمیان زانیوە، بەخۆیان‌دا شکاندۆتەوە، کەسایەتی و غرووریان لە ژێر پێ ناوە، شەڕیان پێ داکووژاندووە، بە بەرخوێنیان داوە، لە سەر لانکێ دەسنیشان کراوە، بۆتە بن‌پشکی برایان، بە زۆر بە مل کەسێکیان دابڕیوە، جا چ زەبەلاح و ڕەزاگران بێ و چ پەککەوتە و ئیختیار.

خۆشترین و شیرینترین دەرفەتی ژیانی ئافرەتی عێلات، هەڕەتی لاوەتییە کە ئەمیش لە کاری پڕ زەحمەت و چەرمەسەری‌دا زۆر زوو تێپەڕ دەبێ، کە چی زۆر جار ئەمەشی پێ ڕەوا نابینن هەروەک شەرەفخان دەڵێ: «خوێنی پیاوان یا کیژێکە یان ئەسپێکی باش، یان بە چەند سەرێک لە وڵسات و ئاژەڵ، دادەکووژێ»(47). بە وتەیەکی تر بایخی ئافرەت تا ڕادەی ئاژەڵ لە لایان گرینگ بووە بەڵکوو کەمتریش.

کاتێ «**خاتوون ئەستی**»[٢٤] دەکەوێتە بەر بێبەزەیی کەس و کاری خۆی، بە زۆر بە مل «**شێخاڵ**»ە کەچەڵی دادەبڕن. یان دەبەیتی ناسر و ماڵ‌ماڵ‌دا «**خاتوون تەورێزی**» بە تۆبزی دەدەن بە شوانە وێڵەیەک. هۆ و سەبەبی هەر دوو ڕووداو هەر وەک لە ناوەرۆکی بەیتەکان دەردەکەوێ، ئەوە بووە کە ئەم دووانە (شێخاڵ و کوردە شوان) بەڵێنی دەدەن تەنیا بە نانەزگی چاوەدێری و لەوەڕاندنی مەڕ و چێڵ و پاتاڵ وەئەستۆ گرن و لە کاروباری ئاژەڵداریش‌دا لێزان و کارامەن.

دەبینین کە قازانج و بەرژەوەندی ئابووری بەلایانەوە زۆر گرینگتر بووە تا ویست و دڵخوازی کچ، هەروەها پلە و بایخی ئاژەڵداری لە شێوە ژیانی عەشیرەتی یا نیزامی دەرەبەگایەتی‌دا دەسنیشان دەکا (ئەم

بابەتە لە بەشی یەکەمی وتار زۆرتر شی کراوەتەوە.)

لە پێوەندی دەگەڵ ئەم باسەدا پێویستە بەشێک لـە بەیتـی دوایـی، یانی «**ناسر و ماڵماڵ**» بخەینە بەر سەرنج کـە بـە پـێچەوانەی زۆربەی بەیتەکان دوایین دێڕەکانی کارەسات بە شێوەیەکی ناحەز و گەرووکوش کۆتایی دێ، بەم جۆرە کە خاتوون تەورێزێ لـە شوانە کوڕێکی دەبـێ، کاتێ ناسر و ماڵماڵ پاش چەند ساڵ دووروڵاتی دەگەڕێنەوە کوێستانی بـاوۆمەر و گـاگەش و پـاش ئەوە کـە کـوردەی مێـردی و بـاب و کەس و ئەقرەبای جووتەی خاتوونـان (خـاتوون تەورێـزی و خـاتوون ئەسمەر) سەکەت دەکەن، ناسر روو دەکاتە خاتوون تەورێزی و دەڵێ:

«خوڵاکەی، خاتوون تەورێزی ئەو کوڕەم بۆ بێنە واوە!
سوار بوو برێکماینی شێ خزی گێڕاوە
رمبێکی لە سەر دڵی کوڕی خاتوون تەورێزی داوە
ئەویشی کوشت بردیان لە کن بابیان دەخاکی ناوە
خاتوون تەورێزی زۆر گریا، دەڵێ: بووم بۆ سۆ و بەدناوە
بابیشم چوو، ماڵی بڵاو بوو، زگم سووتاوە»

*

بەڵام لە هەمان کاتدا ژنی بەیت لە حاست بەڵێن و ئەوینی قـووڵ و بێغەش، لە گوێن رەوەز و کێوە سەربەرزەکانی زێدی، خۆڕاگر و قورس و قایمە، تەنانەت ئەگەر «**کوڕە حەیران**» کەوتە مەترسی، مەرزینگ و خەجئاسـا رووح و گیـان بـۆ وی چ نیـنە. بنەمـای تراژێـدی زۆربەی

بەیتەکان لە سوور بوون لە سەر بەڵێنی و بەرپرسێتی گراوی لە حاست ئەوینەوە سەرچاوە دەگرێ. لە وەها کاتێکدایە کە 7برا و 7کەڵ توانستی بەربەست کردنی «**خەج**»یان نابێ.

ماڵ و سامان و تەختی حوکمات و زێڕ و زەمبەر نابنە گێڕەوەی مەرزینگان بۆ بردنە سەری پەیمان و بەڵێنی. هەرتک مەکۆی ئەوین لە ئامێز دەگرن یەک لە سەر پەلی دارەبەنێ، یەک لە بن ئاوی چەمێ.

ئەم بڕیارەی **خەج و مەرزینگان**، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لە بەڕێزان نەتەنیا خۆکوژی و گلان بەرەو لێژی نییە بەڵکوو فڕینە بەرەو لووتکەی بەرزی بوون و مانەوە و نەمری.

**مەرزینگان** پاش بیستنی مەرگی **شۆڕمەحموود** بەمجۆرە نەک تەنیا داکۆکی لە کەسایەتی و بڕیاری خۆی دەکا، بەڵکوو هاوارێکی غەریبانەیە بۆ بەدەنگەوە هاتنی خەڵکی لە پێناوی دیفاع لە هەڵوێستی هەموو ڕێبوارانی ڕێی ئەوینی پاک و بێخەوش.

«جا ئەمن ئەو جارە کە دابنیشم بە زیندەگانی‌یە؟

چەپڵەی لێدەن بڵێن: مەرزینگیان برد بە بووکی‌یە؟

عاقڵمەندان بڵێن: عافرەت هیچ نییە و بەقای بۆ نیە؟

لە چەپڵەی دەدا و ئەویش خۆی دەهاویشتە گەڕی دەپردی‌یە»

«**بایە زین**» لە پاش مەرگی مەم، دەست لە کێلی وەردێنێ و دەبارێنێ و پێسیر دادەدڕێ و لە بەر بینای چاوان دەپاڕێتەوە کە کۆچی سووری پێ عەتا کا بەڵکوو لەوێ دونیا یەکبگرنەوە و بەمجۆرە بەڵێنی بەرنە سەر.

بارستایی غەم و کەسەر بە رادەیەک قورس و بڕستبڕە کە لە حەسرەتا ئۆقرەی لێدەبڕێ و دڵی دەوەستێ و تراژێدی دەگاتە ئەوپەڕی تەشقی ئاسمانی کوردستان.

یایە زین:

«خوڵایە نە بە برینێ، نە بە سەربرینێ
بۆخۆت گیانان دەدەی، گیانان دەستێنی
کاکە مەم! عەمرەکەم! ئەتوو نابێ جارێکی سەر هەڵێنی؟
خوڵایە بە غەیرە ئەتوو کەس نییە بمێنی
ئەمن بە کێلی کاکەمەمێوە بمرێنی
خوڵایە ئەتوو کەریمی قادری!
میوانی خوڵای دێ، رۆحی لە یایە زینێ وەردەگرێ»

بەڵێ! بەڕاستی ئەوین و گیرۆدەیی کیژی بەیت لە حاست کوڕەحەیران لە تاریف نایە و لە پەسنی ئەم هەموو هۆگری و سەوداسەری، زمان لاڵ و کپە و قەڵەم کول و بێ پێز.

* * *

ژنی بەیت لە هەمان کاتا کە بۆ کوڕی دەشت و لێرەوار و کۆسار بە سەبر و شەرمین و لێو بەبزەیە، لە بۆ غەنیم و نەتەوی گرژ و مۆنە، ئەگەر ئاوایی کەوتە بەر هێرش، ئەویش گورجوگۆڵ لێیان رادەسێ، یان کەرەسەی شەڕی پاڵەوانان دابین دەکا یان... .

بۆ وێنە لە کارەساتی دمدم، ژنانی دانیشتووی ناو قەڵا ساتێک

وچان نادەن و هەڵسووڕ و کارا دەورێکی بەرچاو دەگێڕن. ئەو کاتەی قەڵا گەمارۆ دەدرێ و وشکایی دێ، ئاوا هەست بە بەرپرسێتی دەکەن:

«خاتوونێک دێتە مەیدانێ
لە دڵی خانێ دەدا تانێ
لێت حەرام بێ جێی کابانێ
ئاو نییە پێی بکەین شێلانێ
خاتوونێک دێ بە فەقیری
چۆکی دادەدا لە پێش میری
خان، سەڵا لە منی فەقیری
خان ئاو نیە پێی بکەین هەویری»

یان بەر لە وەی کە دژداران بە یەکجاری دژدابمێنن «**هوریە خانم**» دایکی ئەمیر خانی لەپ زێڕین، بانگەوازی ژنان و کچانی ناو دژ دەکا بۆ ئەوە دوژمن پێیان خەنی نەبێ کاتی پێویست، یان بە ژاراو کۆتایی بە ژیان بێنن، یان لە سەر بەردی شمشیرخانەوە خۆ هەڵدێرن (نوسخەی کرمانجی بەیت ـ کۆکراوەی ئوردوخان جەلیل )

«ئەوە لە بەر پۆلە خانمی دەچاو بەغوماره
ئەوە لە ئەستۆی خۆیان شل دەکردەوە حیزاره
هاواریان دەکرد یا پەروەردگاره
ئەوە لە قەڵاتی دمدمێ خۆیان هەڵدەداشتەوە خواره...»

*

ژنی بەیت لە دیاریکردنی مەعشووق چ پەنامەکی و لە دڵدا، چ بە راشکاوی، بایخ دەدا بە جوامێری و ئازایی. ئەو بێزارە لە پیاوی دڵەچە و رەزاتاڵ، لاوێک بێ بە دڵ و دەروون، سەربەرەژێری کەس نەبێ، سەحەت سووک بێ و لەبەردڵان، هەڵبژاردەی ئەو، تالان گێڕەوەیە، دوژمنڕەوێنە، سوارچاک و گەڕناسە، چووکەڵە سوار و بەزیبک و زاکوونە.

لە بەیتی سوارۆدا (سوارۆ - سوارۆی ئایشەگوڵێ - سوارۆی سنجانێ) سوارۆ کە چۆتە شەڕی تورک و تورکەمانی، چۆتە سەفەری هات و نەهاتی کاولە لەحسایە، مەردازایی ئەو بەمجۆرە دەنوێنێ:

«ئەوە دەڵێ سوار مەزنی! بە منێ مەزنی!

سەرت لە پۆلای، چەنگت لە ئاسنی

هەر قەڵاتێکی دەچێیە ئەتۆی لە کنی

ئەو حاکمێکی زەرەندییە ئەتۆی لە کنی

ئەو سوڵتانی ئەستەمبوڵی لە بەر سامی چووکەڵە سواری من ناسەکنێ».

لە هەموو نوسخەکاندا (سوارۆ) نێوێکی عام واتا تێکڕاییە یان بە وتەیەکی تر قارەمان و خۆشەویستی گشت «**کچە حەیران**»ێکە کە بایخ دەدەن بە مەردازایی و سوارچاکی. لە راستیدا لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، سوارۆ بۆتە سەمبولی جوامێری و میرخاسی. لە باری حەماسییەوە، بەیتبێژ سوارۆ دەگەیێنێتە چڵەپۆپەی هێز و ورە و چاونەترسی کە دەڵێ:

«ئەوە سوارەی من هەڕای دەکردە
سەر سەنگەران، سەر مەتەرێزان
بە دەستی خۆی دەیبڕێ کەپۆ و لووتی
زۆڵە بەگی دەداسنی
هەی سوارۆ مەڕۆ لە منی بەتەنێ»

دەبینین کە بەیتبێژ وەک وێژەر یان قسەکەری کۆمەڵێک دەدوێ و سوارۆ بە هەڵبژاردەی تەواوی کۆمەڵ دەسنیشان دەکا و سەرنجی کیژان و پیاوماقوڵان رادەکێشێ کە لاوانی کۆمەڵ دەبێ وەها بن، بە وتەی تر دەبێ رەوشت و ئاکاریان شیاوی ئەوەی ببێ کە گراوی ئەوان لە گوێن «**ئایشە گوڵ**» لە زمان هەموو ئەندامانی کۆمەڵ شینی بۆ بگێڕێ، ئەویش چ گەرمەشینێ:

«ئەوە ئایشەگوڵم دەڵێ: ئەمن وەڕەزم وەڕەزی دەبەحرانم
گۆما سیلکەی دەم چۆمانم
کەروێشکەی پێسوارانم
غوڵامی دوازدە ئامۆزایانم
بنپشکی حەوت برایانم
خوارزای بیست و چوار خاڵانم
هەموویان بشۆنەوە بە شۆرتنێ
لە سەر گیایەکە مردنێ
ئەمن نامێنمەوە لە چاوڕشتنێ

بەڵام رۆژێکی ناسکەسواری خۆ نابینم هەر وەدەزانم سەرشین و

قەلەندەر و بابانوێرانم
سوارۆ! هەی سوارۆ مەڕۆ لەمن بەتەنێ»

کاتێک گراوی چاولەرێ لە تاو سوارۆ ناحەجمێ و هەروا دڵی لە مستی دایە و ئۆقرەی بڕاوە بەربینگ بە رێبواران دەگرێ، یەخە و بەرکوژە دادەڕێ و دەکڕووزێتەوە بەڵکوو هەواڵێکی لێ بزانێ، لەپڕ بۆرەسوارێک دەدرکێنێ کە: سوارۆ بریندارە بە مەودای دەخەنجەرێ:

«چووکەڵە سوارەکەی تۆ سێ برینی لە قالبیی‌یە
برینی لەهەموان گچکەتری
کۆترە باریکەی باڵ بەشۆڕابی پێدا دەفڕی‌یە»[٢٥]

لە وەها کاتێکدا، قایل نابێ بە حەکیمان، چازانان، لوقمانان، بۆخۆی لە گیا و گوڵێ سروشتی مەڵبەندی کوێستان مەڵحەمی بۆ ساز دەکا:

«ئەوە بڵێن بە حەکیمان، عەتاران، لوقمانان، قایلم نییە دەرمانی کەن،
چ تاقە دەستانی نەکەنێ
ئەوە بۆخۆم دێم مەڵحەمێکی بۆدەگرمەوە
لە تۆزی دەبسکان، لە غوماری دەشەدەی
لە ژەنگی دەگوارێ، لە هێلێ، لە دارچینێ
وردە دەستاوانی پێدەدەم
بە ئارەقی قوڵکی گەردەنێ
دەیهاوێمەوە سەر برینی چووکەڵە سوارێ
ئەوساڵ، ساڵەکەی ناسکە ساڵە ...»

لە سوارۆی ئایشەگوڵێ و سنجانێ لە: (قەنەفلێ، وەنەوشێ، گوڵی گوڵاوێ، پەڵکی رەشەرێحانێ)[48]ش کەڵک وەرگیراوە.

*

کوتمان تەستۆندەکی هەرە گرینگی ژیانی خێڵاتی، ئاژەڵداریێ کە لەم شێوەژیانەدا (ژن)یش هەر لە سیوادی رۆژێ وێڕای کۆمەڵ بێوچان شانی داوەتە بەر کاروباری پێویست کە ئەرکی ژن لەم قۆناغەدا لە شێعری «**بەهاری کوردستان**»ی مامۆستا هێمن وەک تابلۆیەکی زیندوو خۆ دەنوێنی (بڕوانە تاریک و روون ـ لاپەڕەی 104)

لە بواری ئابووری ئەم شێوە ژیانەدا، ژن خۆی یەکێک لە دەورگێڕانی ئەم رەوتەیە، بە وتەیەکی تر بە بێ ئەو ئاژەڵداری بڕەوی نابێ و ناتوانێ رێی گەشە و پەرەسەندن بگرێتە بەر. جا لە هەلومەرجێکی وەها ژنی عێلاتی لە روانگەی ئابووری هەست بە بایخ و پلە و پایەی خۆی دەکا و دڵی بەماڵەوەیە، سەر لە بەهاریش بەرەو هەواری باسەفا رێدەکەون و ساتێک لە حەول و تەقەلا ناوەستن، تا لە رۆژدرەنگانێ پێڕک بئاخنن لە رسق و بژیو. دڵیان بەوە خۆشە کە پاییزێ لە بەرهەمی کار و رەنجی خۆیان ماڵ دابین دەکەن، ئەمانە هەموو لە ئاژەڵ دەزانن، هەر بۆیە پێی دەچارێن و دەبەریان دەمرن، ئەگەر ئەم هۆگرییە نەبێ هاوێر و لابێر و پەنیرکوشین و ... ئاوا بە زەوق و حیلکە و زەردەخەنە بەرێوە ناچێ، هەر لە سەر بنچینەی ئەم راستییە دەبێ بڕوانینە لاوکەی مەشکەژاندن و مانگا لاواندنەوەی ژنان:

«مەشکەم مەشکەی مەڕانە
دەیژێنم لەو هەیوانە
مەشکە بژێ درەنگە
شۆڕە سوارم میوانە
هەی ماڵە بابم مەشکێ، عەمر و چاوی من مەشکێ
مەشکێ بژێ بە سێیان
لە بن داری هەرمێیان
ئاغا بمرن لە سوێیان
مەشکەم مەشکەی کاوڕی
ئاو هاتە خوار لە چڕی
بازرگان رۆنیان کڕی
هەی ماڵە بابم مەشکێ، عەمر و چاوی من مەشکێ.»

بەڵێ! مەشکە دەژێ و رۆن و دوو، دوو کۆنە یاری پاڵە و سەپان و جووتێر و رێبوارانی تینوو و شەکەت دێتە بەرهەم.

*

ئەوەی راستی بێ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی عێلاتی کورد مەڕ و وڵسات و پاتاڵ یا بە گشتی ئاژەڵداری بۆتە لقێکی سەرەکی ژیانیان، ژن ئەم پلە و بایخەی هەر هەبووە، بەڵام هەروەک لە وتارەکانی پێشووشدا باسمان کرد، پێ بە پێی ئەم کەسایەتییە، ئەگەر قسە لە دیاری کردنی چارەنووسی بۆ ژیانی داهاتووی ئەو هاتە گۆڕێ، هەندێ

لە کیژۆڵان دەکەونە داو و تەڵی داب و نەریتی نالەبار وەک ژنبەژنە.

ژنبەژنە کە بەداخەوە لە رەوتی ژیانی عەشیرەتی‌دا پێشینەیەکی لەمێژینەی هەیە. روونە کە لە ژێر کارتێکردنی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی کە بە سەر گشت کاروباری کۆمەڵی کوردەواری‌دا زاڵ بووە بەدی هاتووە و بەڕێوە چووە. تەنانەت هەندێ جار لە سەر شێوە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم داب و نەریتە دەیان کەس بە فیڕۆ چوون کە گۆڕستانی «**کارەش گوێ رەشان**» هەڵکەوتوو لە نێوان دوو گوندی «**کامەم**» و «**ئامێد**» سەر بە شاری مەهاباد بەڵگەیەکە بۆ مەبەستی باسکراو. (بە هۆی رێی قیلەتاوی مەهاباد، سەردەشت، شوێنەواری نەماوە) لەم کارەساتەدا دوو بەرەی عێلی مەنگوڕ لە گەرمەی رێوڕەسمی بووک گۆڕینەوەدا لە دووڕێیانێک لەسەر ئەوە کە کامیان بە ڕێی سەرەوەدا بڕۆنە شوێنی دیاری‌کراو، تێک دەبەزن و شیر و دەبان و قەرەبینا دێنە گەڕ! هەر ئەودەم جووتەی بووک و زاوا وێڕای دەیان کەس خوێنبەخت دەکرێن و تارایان بە خوێن دەخەملێ.

بەڕێز کاک **ئەحمەد قازی** دەوتارێک‌دا، هۆی ئەم کارە بە دروستی دەبەستێتەوە بە باری ئابووری خێڵاتەوە و دەڵێ: «من پێم وایە ژنبەژنە دەژیانی ئەوڕۆدا کە ژیانی خێڵەکی بەرەو نەمان و فەوتانە و رەسمێکی ناحەز و نالەبارە، ریشەی دەژیانی خێڵەکی دایە، دیتمان کە ژن نەقشی کارامەی دە تەولیدی خێڵەکی دایە، وەختێک بنەماڵەیەکی خێڵاتی کچێکی توندوتۆڵ و هەڵسووڕاو لە دەست دەدا کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە هێزی کاری بنەماڵە و ناچار ئەو کەلێنە بە وەرگرتنی هێزێکی تازە

پڕکاتەوە، یانی ئەگەر کچێک لە دەست بدا دەبێ کچێک بستێنێ تا پەکی کاروباری نەکەوێ.»(49)

هەم لەم حاڵەدا و هەم ئەو کاتەی بە زۆرەملی و بە نـابەدڵی بەڕێ دەکرێتە پەردووی دۆڵپایەک، ژن دەتوانێ چ بەرپرسێکی هەبێ لە حاست مێردێکی وەها؟ چۆن دڵی بەماڵەوە بێ و هەستی پیـرۆزی دایکـانەی بـۆ بەرەی «**مێردە گولە**» ببزوێ؟

لــە بەنــدی ئــازیزە، کــوڕ حەیــف و دووســەت مخــابنی دێتــی بــۆ چارەنووسی چەواشە:

«سەت حەیف و دووسەت مخابنی دنیایەم دێتێ بۆ وان گەورە کچان

لە ماڵە بابیان جێ خۆش دەکەن، کەلەکان دەگۆڕن

ئاخان هەڵدەکێشن بە تاقی تەنێ

ئەو ساڵ چوار دانە ساڵە حەز لە بەژنێ باریک دەکەم

یارکۆڵێ خۆمە هەرچ بکەمێ نامدەنێ»

وە کاتێـک لێـی سوور و عەیـان بـوو کـە بەژنـێبـاریکی نـادەنێ، رادەسپێرێتە گەلی دەدۆستان:

«گەرنی دۆستان، برادەران ئازا بێ

ئەگەر مردم لە قەبرم نەکەن

سێ مسقاڵ خۆڵی جێژوانێ.»

بەڵــێ بەنــد و حەیــران گازنــدەی «**کچەتیــوحەیران**»ە لــە چــاری ناچاری، تووک و نزایە لە سەبەبکار و گولەی دەمێردان.

رەنگە ویژدانێکی کۆمەڵایەتی وەدەنگ بێ و بڵــێ: تــازە کــار لــە کــار

ترازاوە، چ کەردەن! بەڵێ ئەوە راستەقینەیەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام لە ئازیزە و هەندێ لە بەند و حەیرانەکاندا، ژنی بێ مراد کە سەردەمێ تامەزرۆی ئامێزی «**کوڕەحەیران**» بووە و ئێستا بە بیرەوەری رۆژانی رابردووی سکەی سپی دەهۆنێتەوە یان ئەگەر لە گۆرانێکی فۆلکلۆر دایکێک بەم چەشنە تووک و نزا لە مناڵ یا بە وتەی خۆی بەرەی مێردەگولە دەکا:

هەی رۆڵە:

سەردڵ خڕ بی

باب مردوو بی

شەو درەنگە بۆ جێژوانێ

ئەوا چ بڕیارێکی بەکردەوەی تێدا بەستە نییە، رەگەی ئەم سزا و تاوانە دەگەڕێتەوە سەر ناخی مەبەست، یانی لە روانگەی زانستی دەروونناسی واتا رەوانشناسییەوە، هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ کەم کردنەوەی بارستی کوڵ و دەرد و غەم، بەڵکوو تاوێ بسوکنێ، راکردنێکی خەیاڵێ لە زیندانی دەسکردی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی نیزامی سەردەم.

لە «**ئازیزە**»دا ئەوینداری دڵبەغەم چارەنووسی خۆی لەگەڵ نمادەکانی سروشتی وڵاتەکەی گرێ دەدا و لاوازی و کەنەفتی خۆی بە دارە رووت و چڕەکانی لێرەوار وەک داربەڕوو، شنێ و مازوو دەشوبهێنێ و بە شێوەیەکی رۆمانتیک لەگەڵ سروشت دێتە گۆ و دارکەوت و دارەبەن دەکا بە هاوڕازی گیان و دڵی:

«وەرە ئازیزە، ئەمن دەچوومەوە کن دارەبەنێ
دەنگوت دارەبەن! ئەتۆ نازانی ئەمن بۆچ وا رووتم، بۆچ وا رەجاڵم؟
ئەگەر نێوانی بەهار و هاوینان شینکێ لێم دەس دەدەن تەشوێڵەی لەگەڵ تۆپەڵە قوڕێ
بەجێم دێڵن بە زەلیلی بە نەخۆشی بە غەمناکی بە برینداری
ئەگەر هەوەڵی پایزێ لێم دەداتەوە نمەنمەی بارانێ»
یا:
«بۆت هەڵدەڵێمەوە بە ناسکە بێریان
ئەگەر چاویان رەشن، برۆیان لە گوڵاوە
لەوان بێری‌یان یەکیان لێ بە جێ ماوە
کیژ دەڵێ: ئەگەر گولەکەی مێردان لێی بخواتەوە بۆی دەبێتەوە سندان و ژەهری مارە
ئەگەر هەتیوە لاوەکەی من لێی بخواتەوە لەبۆی دەبێتەوە قەنداو و شەکراوە»

هەوای پایزە لە کاتی راوە کەروێشک، ئەوێ دەمێ کە بە هەڵات هەڵاتێ سواران، شریخەی تفەنگان و ناسکەی دەتوڵە و تاجی بە هەڵم و چێ «**شینکێ مات و مەلول**»یان هەڵناوە بە تەماڵ، بە رواڵەت بۆ کەیفخۆشی و فیکەی سمێڵی ئاغا و دەستە و پێوەندی دەبێژرێ، کەچی بە بیستنی، بزە دەتارێ. دڵ دەتاوێ و گەروو دەگوشرێ!
«ئەوە کوڕ دەڵێ: ئەمن دوێنێ ئێوارێ
کیژێکم بەچاو دەنگاوت لە پێچی هەیوانێ

بە چوار دەنگان گازی کردمێ
دەڵێ خانە خراپ ئەتۆ لە هەواری ژێروو
بە منی سەرشینی قەلەندەرێ بابان وێرانت گوتبایە
ئەورۆ پایزە خێڵ بەرەوخوارە
چ خێری دەخودای بوو
لە من و تۆ محەللی دەدەست لێک بەردانێ.»

لەولاوەش کوڕە حەیران گەر بە چاو گراویلکەی هەواری پار، دەنگێوێ چۆن دڵی نەگیرێ و بوغز نەیگرێ کە:

«زەینی خۆم دەداوە چیغ و چادر و رەشماڵی دەدەوڵەمەندان
ئەوە بەژنێباریکم بە چاو دەنگاوی
بەدەستێوە بوو گۆزێکی خاسە رەنگ
دەباوەشیدا بوو کۆرپەی ساوا
بە زمانێکی گەلێک خۆش دەیگوت: هاوێرە
ئەی سەرگەردان و دەسلێک بەردانی دەوان شەدەشلانم
دەک نەمێنم لە بەر ئەوێ پایزێ.»

بەڵێ! هەموو پایزان لە کەونە هەوارێ، کەونە برین وەسۆ دێنەوە.

«**کوڕە حەیران**»ێکی وەها، کام بیرەوەری شیرینی ژیان بکاتە هەوێنی هیوا بۆ دوا رۆژ؟ بۆی دەلوێ رووگەی ئەوین وەگوێزێ بۆ دڵێکی تر، کەسێکی تر؟ چۆن بچێتە هەوار کە کەمەندی دووکەڵی «**رەشماڵی دەدەوڵەمەند**» بۆی دەبێتە پەت و تان و پۆ؟ چون بە خشڵ و زێڕ و زێو بەژنێ باریکیان «**شینکێی**»ی ئەویان هەڵناوە بە تەماڵ.

پاییز! کوێستانت چەند بە تەمە، دڵی دڵمەندانیش چەند بە غەمە!

هەموو پاییزان، ناسۆری پڕ کێم تەشەنا دەبێ و هەندێ جار غەزرین و تووڕەیی ژنی بێ مراد دەگاتە رادەیەک کە دایک و بابیش ناپارێزێ:

«رەببی بابە ئەمن دوعایەکت لێدەکەم
خودا چ نەکا، چ نەسەبرێنێ
هەتا دوعای منی سەرشینێ قەلەندەرێ بابان وێران پێکدێنێ
رەببی بابە گەنمی دەکەی زیزانەی بێنێ
برینجی دەکەی داروجان بێنێ
تووتنی دەکەی کەڵەی بێنێ
ئەمنت داوە بە پیسی هەموو پیاوان!
شەو هەتا رۆژ پشتی خۆم پێدەخورێنێ»

لە حەیرانێکدا:

«ئەوە دەنگێکی گاز دەکا بە سێ دەنگە
دەڵێ رەببی دای و بابێ من چ خێر و خۆشیان لە خۆ نەبینن
چون لە دونیایە نەیانهێشت حاسڵ بێ مرادم
نەیاندام بە کوڕە حەیرانێ ...»

کیژێکی ئەوتۆ کە غونچەی ئەوین و هیوای ژیانی ژاکاوە دەتوانێ چ بەرپرسێکی دڵسۆزانەی هەبێ لە حاست بنەماڵەی؟ چۆن بتوانێ ئەرکی پیرۆزی بەڕێوە بەرێ؟

لە کاتێکا گەلێ جار چ لە کۆڵانی بەرتەنگی دێ و مووچە و مەزرا،

چ لـە هەواری کوێسـتان، لـە پەسـتا تووشـی بـە کورە حەیـران، یـانی رووگەی پێشووی ئەوین دێ و بە شەرمەوە گورگاوڕێکی لێدەداتەوە، ئاه و هەناسەیەک کە هەموو زامی پێ وەسۆ دێتەوە، تا ڕادەیەک کە هەموو جار دایوباب وەک سەبەبکار بخاتە بەر تووک و نزا.

نـامهەوێ ئەم دێڕانـە پاسـاودانەوەیەک بـن بـۆ کـردەوەی نـاحەز و نالەباری رەدواکەوتن. بەڵام شک لەوەدا نییە کە ئەم مەبەسـتە دەتـوانێ یەکێک لـە هۆیەکـانی بێت. کـە ئەمەش خـۆی هەڵـدەگرێ بـە پاڵپشـتی زانیـاری لـە فەرهەنـگ و بیـر و بـڕوای خەڵکـی سـەردەمان بکەوێتـە بەر سەرنج و توێژینەوە و لێکدانەوەی تایبەت.

بە وردبـوونەوە لە وتـاری باسکراو و نـاخی هەنـدێ لـە بەیتەکـان وەک «**خەج و سیامەند**» ئەم پرسیارە خۆ دەنـوێنێ کـە ئایـا ژنـی بەیـت یـان بـە گشـتی بەرەی لاو، دوای شکسـت و بـێ مـرادی، تەنیـا خـۆی بەستۆتەوە بـە شین و شـەپۆڕ و قوڕپێـوان؟! چ پەیـام و وتـەیەکیـان پـێ نییـە؟ لـە بەیتـی نێـوبراو دوو قارەمـان بـۆ گەیشـتن بـە یەک، پەیمـان دەبەسـتن روو لــە ئـاوەدانی و کەس و ئەقرەبـا وەرگێـڕن و لە ترسـی بەدکـار و نەیـارانی دژ بـە ئەوینـی پـاک و بـێ خەوشـیان، روو بکەنـە لووتکە و رەوەزی چیـای مەڵبەنـدیان. (ئەوەش دەگەڕێتەوە سـەر بـاری جوغرافیـایی وڵاتـی کـوردەواری کـە بەدرێژایـی مێـژوو، ئەم شـوێنانە بوونەتە مەکۆی داسەپاوی خۆڕاگری).

هەڵوێستی خەج و سیامەند لە راستیدا راپەڕینێکـە لـە حاسـت هەر چەشنە یاسـا و بیـر و بـڕوای دژ بـە سەربەسـتی مـرۆڤ، دوو ئەوینـدار

وەک سەمبولی نوێخوازی ناو کۆمەڵ لە دژی «**سوننەت**» رادەسێن و گەرەکیانە خۆ لە (پاوان)ی داسەپاوی گشتی قوتار کەن.

هەروەها شینی خەج هەم بانگەوازێکە بۆ لاوانی عێل کە بۆ گەیشتن بە ئاوات هەڵوێستی نوێ یانی رێی ئەوان بگرنە بەر، هەمیش راگەیاندنێکی راشکاوە بۆ بەرەی کۆن کە واز لەم نەریتە بێنن. بەڵام بە هۆی تاپۆی بارودۆخ و پێوەندییەکانی سەردەم، کۆمەڵ ئەم پەیامە وەرناگرێ، یانی باری گشتی فەرهەنگی بە زیانی قارەمانانی راپەڕیو دەئارادایە.

بەڵام پەیام و راسپاردەی سەرەکی و گشتی ئەم چەشنە تراژدییانە بۆ بەرەی ئێستا: سوور بوونەوە لە سەر بردنە سەری پەیمان و بەڵێنی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی سەربەست، وێهەڵروسکانە بە تیکە و رەوەزی ئامانج، فەرهەنگە بۆ تاوتۆکردنی مانای ئەوین و خۆشەویستی.

با وێکڕا ئاواتەخواز و هیواداربین کە گشت ئەویندارانی زێد و نیشتمان، بە گورگئاوڕێک لە میراتی ئەدەبی بابان و دایکان، ئەوینی راستەقینە، ئەوین بە سەربەستی مرۆڤ و مروڤایەتی بکەنە هەوێنی ژیان، هیچکات نەکەونە گێژاوی تەنگەژە و نەبنە پێخوستی تاوێری زەمان، نەبنە شەیدا بۆ تراویلکەی بوون و نەبوون.

* * *

کەسایەتی ژنی بەیت تەنیا نەبەستراوە بە باری ئەویندارى کچ و کوڕ. هەندێ جار وێژەر یان قسەکەری بەیتەکە: دایک، خێزان یان

خوشکی قارەمانە کە سەری دەهەش دەنێ و شین دەگێڕێ و پەردە لە روخساری کارەسات وەلادەنێ. هەندێ لەم بەیتانە لە بنەڕەتا ژن کوتوویەتی یانی تەنیا وێژەری سەرەکی رووداو و کارەساتەکەیە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی پەیگەی کۆمەڵایەتی ژن لە نیزامی ئابووری کۆمەڵایەتی سەردەم بواری ئەوەی نەبووە کە دەنگ هەڵبڕێ و جەغزی کۆڕی پرسە و ماتەم بترازێنێ، پیاوە بەیتبێژەکان بەڕێز و ئەمانەتدارییەوە خواستوویانەتەوە و بوونە هەڵگری بارستی غەم و کوڵ و کۆی ژنانی کۆمەڵ. بۆ وێنە ئاماژەیەکی کورت و سەرپێیی دەکەینە سەر هەندێ لە بەیتەکان بۆ وەڕوخستنی ئەم بابەتە:

شینگێڕی دایکی «**ئەحمەدی شەنگ**» لە بەیتێکدا هەر بەم ناوە: لەم بەیتەدا وێژەر دایکێکی زگسووتاوە کە سەردەمێک لانکی راژاندووە و لایلایی بۆ کوتووە، ئێستاش بە دیتنی تەرمی پیرۆزی تاقە کوڕەی گەرمەشینێ دەگێڕێ کە هەم بیسەر دینێتە ناو جەرگەی شین و ماتەم هەمیش روپەڕێک لە مێژووی وڵاتمان بۆ دێنێتە روو.

«دەیگوت سەڵا و سەد سەڵای گەورە و گرانم لێڕابووە
ئەوە ئەحمەدی شەنگ یان بریندارە
یا نە، کوژراوە
سواری لەیلکێ تاقانەی دایکێ
دەک دایک بۆت نەمێنێ!
بەجێ دەمایەوە لە وڵاتی غەریبیان بەتەنێ»

لە جەنگەی پرسەدا، بەیتبێژی کارامە سواری ئەسپی خەیاڵ

دەئـاژوێ بەرەو ترویپکـی بەرزی رۆمانتیـک، بەم چەشـنە کـە ئەسـپی ئەحمەد (لەیلک) بە هەوسار و یـاڵ و بـژی شـۆڕ دێنێتـە کـۆڕی مـاتەم و وەزمانی دێنێ و سەرکۆنەی قارەمانی پێدەکا:

لەیلک: «ها خانە خاب

وەختە بسۆزی بەردی عەبدولعەزیزی

ئەتۆ پێت وایە من چ گۆڵە بارگینێکم

بە نووکی دەفسۆزی

کەلەکی منت دەددڕی

ئەمن بە پاشوان فڕێم دەدایە گڕی دەئاوری

بە پێشوان خۆم فڕێ دەداوە بە گوڕی

ڕێگای حەوت شەو و حەوت ڕۆژان

بە دانێکم بۆ تۆ دەبڕی»

یان **خوازێ** شێرەژنی عێلـی رمکـان ژنـی کـانەبی (لـە نوسـخەیەکی تردا، بەیتبێژی نەمر «**حەمەدی بەیتان**» **خـوازێ** بـە خوشکی کـانەبی دەناسێنێ) بە پرچی ئاڵۆز و پێ پەتی، چاو بە ئەسرین لە دەوری مـاڵان شینێ دەگێڕێ چ شینێ؟

«لەوێ کاوێ، لەوێ کەونە کاوێ

رمبی کانەبی سەری لە عەرزی بنی لە ئاوێ

یاڵ و بژی ئەسپە شین بشون بە گوڵاوێ

مەیتەر بیکاتەوە رنەکێ، کارەکەر بیداتەوە شەواوێ

لە ئەستۆی خوازێ بێ وەک مانگی رەمەزانێ

شیٚیە دەرنەهێنیٚ لە گەردە خاویٚ
کانەبی رۆ، راوکەی کەونە کاویٚ لەویٚ تە کۆمیٚ ...
چوومە ماڵە کانەبی، نەماڵ بوو نە ماڵی دەجاران
نەرمە تۆزێک کەوتبوو لە سەر ئەوان چیغ و رەشماڵان
کانەبی رۆ، شۆڕەسوار و شێرەکە لە نواڵان»

ئێستاش بە یەکەوە روو دەکەینە شینگای «**گۆزەڵ**» کە لە گەرمەی شینگێڕیدا وەک راوێژکار و زانایەک دێتە قسە و بەم دێڕانە هەم سەرکۆنەی براکەی دەکا، هەمیش هۆی تێداچوون و کووژرانی ئەومان تا رادەیەک بۆ شی دەکاتەوە:

«ئەریٚ برالە ئەمن چەندم پێدەکوتی:
کوڕە زەینەڵ بابم ئەتۆ بەقایە مەکە
بە وان شلومل و گەردن کێل و دایکی کوڕیٚ»
وە یا:
«کوڕە برالە ئەمن چەندم دەگوت
غەزەبی گەورەی ئاغای خۆت گەلێک زۆرە
بابەکەم زەینەڵ برالە وەکوو بارانی پەڵەی وەک سێلاوی دەبوهاریٚ
هەر بە شانی نۆکەری دادەباریٚ
ئەتۆ ئیلچی شای پیرخدری بە پڕ کاری
غەزەبی ئەوان ئاغایان گەلێک زۆرە
وەکوو بارانی پەڵەی وەک سێلاوی دەبوهاریٚ
بە شانی نۆکەر دادەباریٚ»

ئێستاش کەم نین ئەو دایک و خوشکانەی لە کۆڕی پرسە و ماتەمدا بێ ئەوەی لە سەرەتاوە ئەزموونێکی شێعر کوتنیان هەبێ، بە شێعر و بالۆرە شینێ دەگێڕن کە سەرنجی تەواوی بەشدارانی کۆڕ بۆ لای خۆیان رادەکێشن.

لە راستیدا لە دنیای بەیت و باوی کوردی، ژن لە زۆربەیاندا یان دەوری سەرەکی گێڕاوە یان بەشدارێکی بەرهەستی هەبووە لە جەرگەی رووداوەکاندا.

هەروەک کوتمان، کیژۆڵەی خێڵاتی لە هەمان کاتا کە لە هەرەتی لاوەتیدا، رێی ئاوات و ئامانجی لێ تەنگەبەر دەبێ و مافی هەڵبژاردنی لە پێناو بەرژەوەندی کەس و کاردا پێشێل دەکرێ ئەگەر دەنێوە چوو و کوڕ بۆی بوو بە داری بەری و پاشەبەرە لە ئارادا نەما و کوڕوکاڵ دەورەیان دا، حورمەت و ڕێزی لێدەگیرێ، بەزیپک و زاکوونە، دەست رۆیشتوویە، بەئەزموونە و تەنانەت لە کۆڕ و مەجلیسی پیاواندا بەشداری دەکا و پرس و رای پێدەکرێ.

هەر عێل و تایفەیەکی عەشیرەتی لە مێژووی خۆیدا خاوەنی گەلێک لەم ژنە شاز و هەڵکەوتانەیە کە وێستاش بە حورمەتەوە یادیان لێدەکرێ و ئەگەر لە ئاوێنەی «**بەیت**»ەوە لەم مەبەستە بڕوانین، دیمەن و روخساری ئەم کەسایەتییانە بەدیدەکەین: دایکی ئەحمەدی شەنگ (بەیتی ئەحمەدی شەنگ) دایکی میر سەیفوودین (بەیتی قۆچ عوسمان) ژنە گەورەی میر شێخ (برایمۆک) خاتوو خانزاد، میری شاری سۆران پاش مەرگی خان سولێمان خانی برای (لەشکری) «**خوازێ**»ی

کانەبی (کانەبی) خەزاڵ و خانزاد (لاس و خەزاڵ) و ...

هەڵبەت لە مێژووی کوردستاندا، نێوی گەلێ ژنی ژیر و هەڵکەوتە تۆمار کراوە کە هەر کام بە شێوەیەک دەوری بەرچاویان هەبووە لە گەشە پێدان و پەرەسەندنی شارستانییەتی نەتەوەکەمان.

هیوادارم توانیبێتم کەمووسکەیەک لە کەسایەتی ژنی بەیت و باو ئەوتۆ کە شیاوی پلە و بایخی ئەوە بناسێنم.

# رەنگ دانەوەی بیر و هزری بەیتبێژ دەناخی بەیتەکاندا

ئەمە مەبەستێکی روون و سەلمێندراوە کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری خەڵکی و راستەقینە، جگە لە بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسێتی خۆی لە حاست نەتەوەکەی، لە هەمان کاتا رەنگدانەوەیەکە لە بیر و بڕوا و هەڵوێستی دانەری بەرهەم لە حاست بارودۆخ و گشت رووداوەکانی ناو کۆمەڵ.

لە راستیدا هونەروەری دەروەست و ئەرکوەخۆگر کەسێک نییە، جگە لە ئەمانەتدارێک، ئەو راستەقینەکانی بەرهەستی کۆمەڵ دەکاتە ئامیانی بەرهەمەکەی، پاش ئەوە کە ئاوێتەی ئاوەز و هەستی پڕ سۆزی کرد، بەو شێوەی کە بۆی دەلوێ پێشکەشی بارەگای سەرەکی هونەر، کە خەڵک بێ دەکا.

دانەری بەیت لە ئاواییدا غەوارە و لاوەکی نییە، لە ناو جەرگەی خەڵکا دەژی. لە گەرمەی ئازار و سەخڵەت، مەینەتکێشە، لە کۆڕی پرسە و شین، شینێ دەگێڕێ، لە گۆڕەپانی شەڕ، بێ قەڵغان، سینگ رەپێش دەخا و تیرهاوێژە، لە گەڕی دیلان، دۆ لە دەست چۆپی کێشە،

لە گوێن ئاوینە، وینەی راستی هەڵدەگرێ، لە مێشکا دەیپێژێ و لە سینگا ئاویتەی کوڵوکۆی دانەمرکاوی دەکا، لە روانگە و پەیگەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە، بیر و بڕوا و زۆر ئاواتی وەدینەهاتووی دەخاتە پاڵ بەیتەکان، ئینجا لە کۆڕ و کۆمەڵ، لە بەندەن و دەشت و کەژ، یان باریکەڕێی دارستان و کانی بەرماڵان دەست لە بناگوێ تێهەڵدەکا، کە ئەم هەڵوێستە بە پێوانەی مێژووی ئەدەب و روانینی دەروونناسیشەوە کە بەربەرەکانییەکە لەگەڵ بارستی غەم و کەسەر، خاڵێکی گرینگ و جێسەرنجە.

پاش سەدان ساڵی تر، قوتابی تامەزرۆی زانین، لە تەنیشت مامۆستای بەیت، گوێ لەمست، هەڵدەتووکێ و چاو دەبڕێتە دم و راوێژی ئەم و وشە و رستەکان دەقۆزێتەوە، ئەمیش بیر و بڕوای خۆی تێکەڵاوی بەیتەکە دەکا و ئینجا دەیبێژێ.

ئەم شێوازە لە رەوتی زەماندا بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕی بەیتەکان و بەدیهاتنی دەقی جۆراوجۆری ئەوان، بە چەشنێ کەم بەیت و بەند هەیە کە تەنیا بە یەک شێوە کوترابێ و یەک نوسخەی هەبێ. ئەم گۆڕان و دەستێوەردانە، زۆربەی لایەنی بەیتەکان دەگرێتە بەر، چ دەسپێک و سەرەتای بەیت و چۆنیەتی کۆتایی هاتن و ئەنجامی کارەسات، چ ئامرازی راو و کەسایەتی و دەورگێڕانی.

لە کاری نووسینەوە و هێنانە سەر کاغەزی بەیتەکان، لەبەرچاوگرتنی ئەم مەبەستە خاڵێکی پێویستە، چون سەرەڕای ئەم راستییە کە بەیت بە خەزێنە و بنەمای رەسەنایەتی زمان و فۆلکلۆری

کوردی دەناسین، بەڵام هەرچەند بە دەگمەن دیتراوە کە لە شاڵاوی وشەی نامۆ نەپارێزراون، بۆ وێنە چەند دێڕێک لە کۆنە بەیتی بارام و گوڵەندام دەخەینە روو:

«تەشەکور دەکەم ئەمن بەو حاڵە

لوتفت مەرحەمەت کرد کوتت:

ئەوەش عەبداڵە»

یا

«تەمەڕڕودت کرد کافری دین بەتاڵ

بە شیر و نێزە بە گورز و مەتاڵ»

«بارام دوژمنی تۆ فەنا دەکا

تەفرەقە و شکست موفتەلا دەکا»

هەڵبەت هەندێ لە زانایانی ئەدەب وەک: **زەبیحوڵڵا سەفا** (لە گۆواری گنج سخن) رایان وایە کە دوو بەیتی مێر و وەفا و بارام و گوڵەندام، لە بنەڕەتا بە زمانی فارسی بووە. ئەگەر رای ئەم بلیمەتە بە دروست بزانین شک لەوەدا نییە کە ئەم وشانەی دەسنیشانمان کرد، پاشماوەی زمانی یەکەمی بەیتەکەن کە ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام مەبەست لە ئاماژەی باسکراو، ئاڵوگۆڕێکی تا رادەیەک گشتییە کە زۆربەی بەیتەکانی گرتۆتە بەر.

روون و ئاشکرایە، ئەم ئاڵوگۆڕانە کۆسپێکی هەرە گەورەن لە سەر ڕێی توێژینەوە و شیکردنەوەی بەیتەکان. بو وێنە کاتێک لە روانگەی میتۆلۆژی یا دۆزینەوەی رەگەی ئەفسانە لە بەیتێک ورد بینەوە لە

نەکاو دەکەوینە بەر سێرەی لوولەی قەرەبینا یا تفەنگی چەخماغ خواری سەفی ئەڵمانی (خەج و سیامەند ـ سەیدەوان) زەراومـان دەچـێ، هەودا و رایەڵ و پۆی لێکدانەوەمان لە گرژنە دەچێ و تەنانەت بۆی هەیـە ببێتـە هۆی لاڕێبوونمان.

بۆ نموونە پەنجە دەخەینە سەر ژمارەی دەقی چەند بەیتێک کە تـا ئێستا بە زاراوەی موکریانی تۆمار کراون، هەڵـبەت لـە رادەی ئاگـاداری ناتەواوی نووسەر:[26]

| بەیت | ژمارە |
|---|---|
| **خەج و سیامەند** | 14 |
| **مەم و زین** | 4 |
| **سەیدەوان** | 13 |
| **کاکە میر و کاکە شێخ** | 5 |
| **مێر و وەفا** | 2 |
| **دمدم** | 3 |
| **هەمزاغای مەنگوڕ** | 3 |
| **ئازیزە** | 18 |
| **پایزە** | 18 |

کە وا بوو بۆ ئەوەی رەمزی گەنجی بێهاوتای بەیتەکان وەدۆزیـن و ئێمەش بەشمان تێـی کەوێ، پێویسـتە لـە چەنـد نوسخەی بەیتێـک ورد بینەوە، بەراوەردیان کەین، پێکیان بگـرین، چەوت و هەڵـە دەربـاوێین، پوختە و کاکڵی بەیتەکە بخەینە بەر شیکردنەوە و ئاکامی پێویسـتی لـێ

وەرگرین کە داخەکەم لە باری تێکستی جۆراوجۆری ئەوان، جانتام بەتاڵ و حەتاڵە. خۆزگە! رۆژێک هەموو نموونە و نوسخەی بەند و بەیتەکان کۆ کرابایەوە تا چازانان بە ئاوێنەی بیر و زانست، تروسکە و شۆق و شەبەقی ئەو گەنجە پیرۆزەیان لە جیهانی ئەدەبدا بڵاو کردباوە.*

ئێستاش بۆ توێژینەوەی سەردێڕی وتار، بۆ نموونە تەنیا بەیتی **مەم و زین** دەخەینە بەر سەرنج: بەیتبێژ لە باری پلە و بایخی «**کەسایەتی**»یەوە هەر لە سەرەتای بەیتەکە لە پاش دوو دەورگێڕی سەرەکی، «**بەنگینە**»ی وەک دەورگێڕێکی کارامە و هەڵسووڕ دێنێتە ناو جەرگەی کارەساتەکە، تەنانەت بۆ کورتە ساتێکیش ئەو لە چاوەدێری قارەمانی بەیت (**مەم**) دوور ناخاتەوە، چ لە بارەگای پڕ شکۆی میر زینەددین، چ کاتی راو و سەیران.

ئەگەر بە بنج و بناوانی بەیتەکەدا بێینەوە، دەبینین کە بەیتبێژ بەنگینەی کردۆتە بیانوویەک بۆ دەربڕینی هەڵوێست و بیر و باوەڕی خۆی. لە دەقی بەیتەکە،پەیگەی کۆمەڵایەتی ئەو دیاری کراوە، یانی کارکەر و گوێ‌لەمستی ئاغایە (یانی مەم) وەک وەروێرکە لە بەردەستی‌دا دێ و دەچێ.

ئەگەر بێتو هەڵوێستی بەنگینە و مەم لە روانگە و چوارچێوەی پەیگەی ئابووری - کۆمەڵایەتی ئەوانەوە بخەینە بەر وردبوونەوە،

---

* ئەم وتارە بەر لە چاپ و بڵاو کردنەوەی گەنجی سەر بەمۆر نوسراوە.

دەبینین کە تا رادەیەک کەش و هەوایەکی ریئالیستی بە سەر ئاکار و کردەوەی ئەواندا زاڵە، بەم چەشنە کە وەک خوێنەرێک نابێ چاوەڕوانی کردەوەی دژ بە خووخدەی ئەوانمان هەبێ.

بەنگینە ئیزن بە خۆی نادا کە پەیمان و بەڵێنی لە ژێر پێ نێ. ئەو ئامۆژگاری دایکی دەکاتە رێنوێنی ژیانی کە پێی دەڵێ: «رۆڵە لە شیری دایکی خۆت گەردنت ئازا بێ و دەست لە ئاغایە خۆت هەڵنەگری». ئەو کاتەی مەم لە قۆشەن عاجز دەبێ و لە حەشیمەت و گەورەکانی جاڕز، حوکم دەدا بەنگینەش وێڕای سوپا بگەڕێتەوە دواوە و خۆی تەنیا و مەجنوونئاسا بەرەو کەعبەی ئاوات رێ ببڕێ کە لە وڵامدا ئەمەگ و مەبەستی خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

«میرمەم! لەمن وایە لە کن ئەتوو زۆر موحتەبەرم
ئەمن نەهاتووم ماڵێ وەرگرم، گەنج و خەزێنێ بەرم
ئاغا بەقوربانت بم لە غەریبەکانی دەقەلەندەرم
هەتا ئەمن بۆ ئەسپی بۆرە مەیتەرم»

بەنگین لە ئاوێنەی بێگەردی دڵی خۆیەوە دەڕوانێتە کەسان، شک لەوەدا نییە کە مەم بۆ ئەو گەلێ جێی رێز و حورمەتە، بەم پێیە هەر ئەم چاوەڕوانییەشی لە مەم هەیە! کەچی شک هەڵیدەگرێ و سەرسووڕماوی خۆی ئاوا دەردەبڕێ: «لەمن وایە لە کن ئەتوو زۆر موحتەبەرم!»

کەچی لە پەیمانێکی کە بەستوویەتی پاشگەز نابێ و پێ دادەگرێ کە ئەو نەک بۆ گەنج و خەزێنە، بەڵکوو بۆ بەجێگەیاندنی رەوشتی خۆی

یانی ئەمەگ و جوامێری لەگەڵ ئەو کەوتۆتە ڕێ.

هەروەها ئەوێ دەمێ کە قۆشەن پاکی روو لە مەم وەردەگێڕن و جگە لە بەنگینە قەت کەسی بە دەوریـیەوە نامێنێ، بەم شێوە دەکەونە گۆ:

مەم: «دەبێ ئەتووش حوکمە بگەڕێیەوە بۆخۆم دەچمە شاری جزیرێ ئەو سەفەرە».

«میرمەم رقی هەڵستا و بە گۆچانی زێڕین لە سەر و بناگوێی بەنگینی داوە و دەڵێ بەتەنێ دەڕۆم، دەبێ هەر بگەڕێیەوە بەدواوە.»

ئینجا بەنگین دەڵێ: «بەخۆڵای بە لێدانی توو ئەمن لە نۆکەری ناکەوم، هەتا دەچمە شاری جزیرێ بە سەری رووت و بە پێی پێخواس وەدووت دەکەوم.»

## گەر بە عیشقی دیتنی بەیتێ بەڕێوەی بۆ حەجێ

## با لە پێت راچێ دڕوودالّی موغیلان خەم مەخۆ[50]

لە رەوتی رووداوەکانی ئەم بەیتەدا، بەنگینە وەک سەمبولی هاواڵ و هاوڕازی گیانی، وەفا و ئەمەگناسی خۆی لە حاندی مەم دەگەیێنێتە رادەیەک کە زۆر لایەنی کەمایەسی و نزمی کەسایەتی ئەو وەک کوڕی مەزنەمیرێک لەقاو دەدا بەجۆرێ کە خوێنەر هەستی پێدەکا.

بەیتبێژ کە خۆی لە ئاوێنەی کەسایەتی بەنگینەدا دەبینێ، تێدەکۆشێ لە سۆنگەی پێزانین و ئەمەگی ئەو وێڕای ڕێز و کڕنۆش بۆ ئەوینی بێخەوش وەک هەوێنی ژیانی ئەویندارانش، بە باسوخواس لە هەڵوێستی ئەوان، ڕووبەند لە دیمەنی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتییان وەلانێ و گازندە و سکاڵای خۆشی بە ڕاشکاوی دەردەبڕێ.

**میرمەم** لە کاتی تەنیایی و بێکەسیدا پەیمانی برایەتی لەگەڵ **بەنگین** دەبەستێ و بەڵێنی دەدا ببنە دوو برای گیانی، بەڵام کە دەگاتە قۆناغی خۆی و جێی نەرمان دەبێ و دەبێتە هاونشینی میر و بەگلەر، لە ڕاستیدا خۆی بیر دەکەوێتەوە و شەرت و وەفا پێشێل دەکا. بەم چەشنە کە تەنانەت ئەو کاتە **بەکر مەرگەیی**، بوختانی گولی بە **بایە زین** دەبەستێ، **میرزینەددین** سێ جاران **زین** پێشکەشی **مەم** دەکات. بەڵام ئەو هێشتا لە گێژاوی دژایەتی و ناکۆکی لە تەک خۆیدا گێژ دەخوا و لە نێوان دووتای بڕیار دەگیرسێ و عاسی دەبێ. یانی بنچینە و پەیگەی چینایەتی ئەو کە لێرەدا ڕووکاری کۆمەڵایەتییەکەی لە بیچمی غوروور و خۆبەزلزانین دایە، لە لایەک، هەستی پڕ سۆزی ئەوینیش لە لایەکی تر. هەر وەک خۆی دەڵێ: «خولایە ئەگەر قبوولی دەکەم دەڵێن: ناچیزەیە گولی قبووڵ کرد، ئەگەر نامەوێ، ئەمن سوێندخۆرم دەگەڵ ئەوی».

لە ئەنجاما لە سەر لایەنی یەکەم بڕیاردا، یانی لەژێرپێنانی سوێند و بەڵێنی و هەر سێ جاران وڵام دەداتەوە: «ئەوە قەبووڵم کرد دامەوە بە توو».

لە هەمان کاتا هەمیسان میری جزێر ئەو لە مەحەک دەدا و داوای بەنگینەی لێدەکا کە بێ سێودوو ئەویش دەبەخشێ!:

«کێ بوو لە بەنگینی گوڵباوە
بانگ لەسەر بانگی لێداوە
کەوڵ و گۆچانی میرمەمی رۆی دەناوە»

بانگلەسەربانگی لێوەداوە و دەڵێ:

«ئەی خولایە لە وەلایەتی غوربەت چم لێ قەوماوە!
میرمەم ئەمنی بۆ بەراتێ هێناوە»

بە وتەی مامۆستا **هێمن** : «شایەر تۆڵەی ئەو بێئەمەگییە لە مەم دەکاتەوە و بەو دەردەی دەبا» لە بەشێکی تر بەیتبێژ ئاواتە نەهێنییەکانی دەردەبڕێ و **بەنگینە** دێنێتە رێزی جوامێرانی ناو بارەگای **میرزینەددین** یانی **عەرفۆ ـ چەکۆ ـ قەرەتاژدین**، تەنانەت تا رادەی سەرکردەی لەشکری تۆڵەستێنی **برایمپاشای بابی مەم**.

زانایانی مێژویی ئەدەب لە سەر ئەم باوەڕەن کە یەکێک لە هۆیە گرینگەکانی خوڵقانی تراژێدی، هەڵەی قارەمان یا کەسایەتییەکانی سەرەکییە. یانی لە رەوتی رووداوەکاندا، هەڵوێستێک دەگرنە بەر کە یان دژ بە بیر و بۆچوونی دەورگێڕان و کەسایەتییەکانی تری دەوروبەرن، یان بە پێچەوانەی داب و نەریت و فەرهەنگی گشتی کۆمەڵن. لە گەرمەی ئەم ململانی و ناکۆکی سەمبولەکانی دژبەیەکدایە کە تۆوی تراژێدی دەگووڕێ. پێداچوونەوەیەک بە شاکارەکانی **ویلیام شێکسپێر** وەک: **هاملێت**، **رۆمێئۆ ژوولیت** ... بەڵگەیەکن بۆ ئەم

مەبەستە.

لێرەدا بەپێی دەقی بەیتەکە بەرچاوترین هەڵە، خۆبواردن لە چوون بۆ ماڵی **کابەکری** بووە، یانی بە پێچەوانەی راسپێری **مەلەک ریحان** کە دەڵێ:

«لاوە هەر کەسێک دەگەڵوو غەیان بێ، خولا لێی بکا بە کفری!
ئەگەر بۆ مەخسوود و مرادان هاتوون، قسەی ساغ لە من وەرگری!
لاوە پێناوداری توو بم! مەچۆ ماڵە کەس، بچۆ مەنزڵی کابەکری»

کاتێک پێدەزانێ میوان لە بەر دەرکی ماڵە بابی نەماوە دەڵێ:

«لەخۆم سەربەتاڵ و بابانوێرانێ!
دیتت چلۆن لە دەرکی ماڵە بابم بە راڕایی گوزەرانێ؟
بابە ئەتوو گەلێک کافری!
رۆژێ هەشتا کەس جیرە و مواجبی لە ماڵە توو وەردەگرێ خەبەر لە هەر چوار دەوڵەتان دەگەڕێ، دەڵێن: بەکرئاغا میوانان راناگرێ»

«**بەکر**»یش وەها بڕیار دەگرێ:

«بە حەققی ئەوەی ساحەب سەفایە ئەوەی ئەوانە بۆی هاتوون لە رووی دنیایە نایەڵم هیچ مەخسوود و مرادیان حاسڵ بێ بە حەققی ئەو خولایە»

جازیبە و بایخی ئەم مەبەستە کاتێک دەردەکەوێ کە نەک بە چاوتێڕوانینی ئەورۆ، کە بە هۆی چەرمەسەری و کێشەی ماددی و فیکری، بازنەی عاتیفە و هاولفی دەنێو ئەندامانی تایفە و تەنانەت بگرە کەسانی بنەماڵەیەک داپچڕاوە لەم مەبەستە ورد بینەوە، بەڵکوو

بە گەشبینییەوە سەرنج بدەینە زۆر داب و نەریتی سەردەمی کۆن، بۆ وێنە رێز و حورمەتی میوان و هەروەها خۆ لادان لە ماڵە خانەخوێ و زۆر خووخدەی تری کۆمەڵایەتی.

پاشان بەیتبێژی هێژا لە ئارادانەبوونی **عەرفۆ ـ چەکۆ ـ تاژدین** و وێڕای ئەوانیش **بەنگینە** دەکاتە بیانوویەک بۆ ئەنجامی کارەسات، یانی **میر زینەددین** کە ئیتر هیچ بەرهەڵستێک نابینێ، زۆر بە ساکاری ئەو لە سیاچاڵ دەخا. یانی ناڕاستەوخۆ پێمان دەبێژێ کە هەتا ئەم هاوالانە چاوەدێری بوون چ مەترسییەک بۆ ئەو نەبوو و لە هەموو داو و تەلان دەخەلسی. ئێستاش کورتەئاماژەیەک دەکەینە سەر جیاوازی بیر و باوەڕ و بۆچوونی بەیتبێژ و **خانی** نەمر(1650 ـ 1706)(٥١)

لە دەقی بەیتەکە «**بەکرئاغا**» لە پیاوماقوولان و دەسەڵاتدارانی ناو بارەگای میر زەینەددینە بە هەموو تایبەتمەندییەکانی چینایەتی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتییەکەیەوە. بەیتبێژ، شۆفاری و دووزمانی بە دیاردەیەکی چەپەڵی کۆمەڵایەتی دەزانێ و وەک کۆسپ و تەگەرەی سەرڕێی گەیشتن با ئاواتی پیرۆزی مرۆڤایەتی لێی دەڕوانێ کە ئەوین نووچکەی بەرزی بێهاوتای ئەم هەرێمەیە. هەر بۆیە بەربەرەکانی لەگەڵ دەکا و «**بەکر ئاغا**»ی وەک سەمبولی بەدکار بە دەبانی دەستی جوامێران دەبەتلێنێ. (**خانی** نەمریش زۆر بە شارەزاییەوە ئاڵقەی رۆمانتیک و تراژێدی لێک گرێ دەدا و **بەکر** وەک چەقڵێک لە نێوان گڵکۆی **مەم و زینان** دەچەقێنێ.)

بەیتبێژ هەروەها «**میر زەینەددین**»یش بە ماکەی خراپی و

نەدامەتی دەزانێ، هەر بۆیـە **بەنگینـە** لەشکر سـاز دەدا و هەڵدەکوتێتـە سەری و هانابڕی دەکا:

«بەنگینە ئاغای چووە بۆخۆی سەرکردەیە و زگی سووتاوە

رووی دەماڵە بەکری کرد هەرچی گەییە سەری بڕی و سینگی هەڵێناوە

رووی دەماڵە میر زێنەددین کرد، قەتـی خەلاس نەبـوو، یەکـی نەمـاوە، هەتا بەجارێکی ئاساریان بڕاوە».

بەڵام لـە دیـاری کردنـی رێـی سەربەسـتی و بەخـتەوەری کـۆمەڵ، دادەمێنـێ و ئەقڵـی بـڕ ناکـا جگـە لەوە کـە لـە رێـی ئەمەگناسـی و فیداکارییەوە بگاتە پلەی ئاغایەتی.

بەکورتی بە پێوانەی ئەدەبی ئەورۆیـی، **بەنگینە**، **برایمۆک**، **برایمی دەشتیان** کەسێک نین جگە لە خودی بەیتبێژ.

بەڵام «**مەم و زین**»**ی خانی**:

بـە چاوپێداخشـاندنێک لـە (**مەم و زیـن**)ی خـانی کـە بـە شـێوەی مەسنەوی مەولەوی هۆنراوەتەوە، دەردەکەوێ کە خانی شاعیری هێـژا و نەمر بە مەبەستی بەهێزکردنی بـاری نەتەوایەتـی تـا رادەی سـەرقافڵە و ئاڵاهەڵگری ناسیۆنالیزمی کورد لـە سـەردەمی خـۆیدا، وەک بەرزتـرین لووتکەی شانازی، لایەنی ئەفسانەیی بەیتەکەی هەڵاواردووە.

«**هێمن**»ی نەمر لەم بابەتەوە دەفەرمـێ: «**خـانی** «**مەم و زیـن**»ی کردۆتـە بەهانـە بـۆ دەربڕینـی هەسـتی پـاکی نەتەوایەتـی و بیـر و رای سۆفیانەی خۆی»(٥٢).

هەروەک **فردەوسی** نەمر «**ئەژدەهـاک - کـاوە - فەرەیـدوون -**

**ڕۆستەم و سیاوەش**»ی کردۆتـە بیـانوو بـۆ دەربڕینـی هەستی پیـرۆزی نیشـتمانپەروەری خـۆی. یـانی بـە شـێوەی ڕێئـالی (Reali) درێـژە بـە ڕەوتی ڕووداوەکە دەدا و جگە لە پێشـەکییە پڕنـاوەڕۆک و بەهێـزەکەی، هەر لـــە دەســـپێکی بەســـەرهاتەکەی (ڕۆژی نەورۆز) هەتـــا دوایـــی بـــە شارەزاییەوە لە نماد و سەمبولی نەتەوەیی کەڵک وەردەگرێ.

ئەگەر لە دەلاقەی مێـژوو، پەیوەنـدییەکانی کۆمەڵایەتی کوردستان لـە نیـوەی دووهەمـی سـەدەی حەڤـدەی زایینـیدا بخەینـە بەر سـەرنج و بـارودۆخی ژیـانی شـاعیر و نووسـەر و خوێنـدکاران لـە چوارچێـوەی پێوەندییەکانی ناوبراودا هەڵسەنگێنین، نابێ پێمان سەیر و سەمەرە بێ کە بۆچ لـە «**مەم و زیـن**»ی **خـانی**دا نێـو و شوێنەوارێک لـە **بەنگینـە** نابیندرێ و چاکە و پیاوەتی تەنیا بەستراوە بە میران و جـوامێرانی نـاو بارەگای **زەینەددین** و نە کەسی تر! چەپەڵی و شۆفاریش بەشی چـین و توێژەکانی بەرەژێری کۆمەڵە.

لە نوسخەی باسکراودا بەکر مەرگەیی تەنیا کوێخا دەرکێکە و بەس:

«میر لای هەبوو یەک بە دەرکەوانی

ناوبانگی هەبوو بە دووزمانی»

لە ڕاستیدا **خانی** نەمر کە خۆی لە بنەماڵە و عەشیرەتی خانیـانی وڵاتـی بایەزیـد و بۆتانـە، پێـی شـوورەیی بـووە کـە **بەکـر** لـە ریـزی مەزنەپیاوانی عەشیرە بێ.

هەروەها ئەم بلیمەتـە گۆڕانکـاری و ڕێـی چارەسـەری گیـر و گرفتـی کۆمەڵ و گەیشـتن بـە ئامـانجی نەتەوەکەی لـە دڵـی پڕ بەزە و دونیـای

عارفانەی خۆیەوە دەبینێ. هەروەک لە زمان **زین** مەبەست و چاوەڕوانی خۆی لە **میر زەینەددین**، میرێکی دڵڕەق کە دەستی هەبوو لە مەرگی **مەم و زین**، ئاوا دەردەبڕێ:

هەرچەندە دەبێ بەکەس لە بێکەس
هەر رۆژێ دەگرێ بە دەستی بێدەس
هەرچەندی دەگەی بە دادی داماو
ئەسرین دەسڕی لە چاوی گریاو
هەتوان کە دەخەیتە سەر برینێک
شادی کە دەدەی بە دلخەمینێک
دیلان کە وەدەر دەخەی لە زیندان
دڵخۆشی دەدەی بە وی لە شین دان
تا پێی هەیە پیتی کوردەواری
چەند هەڵدەکەنی رەگی هەژاری

تەنانەت لە زمان **زین** دڵی بە **بەکر** دەسووتێ و بۆی دەپاڕێتەوە:

هەرچەندی بە خۆی گەیشت زیانی
دۆڕاندی لە ڕێی مەدا ژیانی
پێم خۆش نییە هیچ گرێی وەبەر بێ
ئیدی بەسە ئابڕووی مەڕێژن
لەو جێی کە من و مەمی دەنێژن

یانی دامرکاندنی ئاگری بوغز و ڕق و تۆڵە و هەڵبژاردنی ڕێی ئاشتی و هێمنایەتی.

هەڵبەت لێکدانەوەی زۆرتر و بڕیاردان لە سەر ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی نێوبراو هەیە کە خۆی باسێکی کارناسییە کە هەم لەم وتارەدا ناگونجێ. هەم لە توانستی قەڵەمکولێکی وەکوو من بەدوورە. ئەگەر سەخڵەت و ساخاوی رۆژگار بەربینگم پێنەگرێ، هیوادارم ئەو دەرفەتە هەبێ کە چەند لاپەڕەیەک لەمەڕ توێژینەوەی «**مەم و زین**»ی **خانی** نەمر و دەقی بەیتەکە رەش کەینەوە.

دەڵێن: «**ئەو هەویرە ئاوێ زۆر دەبا**» ئەم باسەش هەتا لێی بدوێین، لقوپۆپی لێ دەبێتەوە و هەر لقەش باس و شیکردنەوەی تایبەت بە خۆی هەڵدەگرێ، ئەم بەشەی کە باسەکەمان بە بۆچوونی مامۆستا هێمن کە هیوا و مەبەستی بەیتبێژ دەسنیشان دەکا کۆتایی پێدێنین کە دەڵێ:

«بەنگینە لەشکر دێنێ و تۆڵەی ئاغای خۆی دەستێنێتەوە. برایم پاشای زگسووتاوی وەجاغکوێریش چاکەی دەدادەتەوە و شاری یەمەنێ بە بەنگینە دەسپێرێ. بەو جۆرە دەگاتە پلەی ئاغایەتی.»

# بەیتی سەیدەوان لە روانگەی ئوستوورەوە

پێشەکی:

ویدەچێ هەر لە سەرەتاوە پرسیارێک زەینی خوێنەر و رەخنەگران بهەژێنێ کە بابەتەکانی فۆلکلۆر وەک: ئەفسانە، حیکایەت و بەیتوباوی کوردی، چ پەیوەندییەکیان بە ئوستوورەوە هەیە؟

ئەفسانە و بابەتەکانی ناوبراو میراتی مەعنەوی بەرەی رابردوون و بە لەونێک ئاوێنەی بالانوێنی ژیانی سەردەمێک لە مێژووی پڕ لە هەڵسوکەوتی مرۆڤن. لەم بابەتەوە لەگەڵ دنیای ئوستوورە وێکچوون و خاڵی هاوبەشیان زۆرە، تەنانەت هەندێ لە زانایان گووران

و هەڵـدانی هەر دوو بەش لــە رەوتێـکدا دەبیــنن. «**مـاکس مـوولێر**» ئوستوورەناســی نــاوبەدەرەوەی ســەدەی نــۆزدهەم حیکــایەت بــە پاشــماوە و درێــژەی ئوســتوورە دەزانــێ.(٥٣) هەروەهــا بــە بــڕوای «**زیگمۆنــد فرۆیــد**»، حیکــایەت شــکڵی ســاکار و کــورتکــراوەی ئوســـتوورەیە.(٥٤) بەڵام وردبـــوونەوە لەم بۆچوونانـــە و هەروەهـــا تایبەتمەندییەکانی جیهانی ئوستوورە ئەم بەشە لە ئەدەبی فۆلکلۆر کە قسـە و پەیامیـان لـە رێـی تەئـویلی «رەمـز و نمـاد»ەوە رادەگەیەنـن، نیزیکترن لە ئوستوورە هەتا بەشەکانی تر یانی چەشنێک بەشدار بوون لە بنەمـای ئوسـتوورەیی، وەک ئوسـتوورەکانی: **باران**، **ژیان**، **مەرگ**، **قوربانی**، **رۆژ و ژیانەوەی دووبارە**، هەروەها ئوستوورەی **کوڕکوژی**.

لەم بــوارەدا، چیرۆکنــووس و شــاعیری رۆژهەڵاتــی تەنیــا بــە کەڵــک وەرگــرتن لــە کاکـڵ و بنەمــای ئوســتوورەیەک ســەرکەوتوو دەبێ کە ریشەی لـە شارسـتانییەتی نەتەوەکەیدا بێ. بۆ نموونـە جیـا لــە نووســەر و شــاعیرانی فــارس وەک: **نیمــا**، **شــاملوو**، **هیــدایەت**، **فــرووغ و ئەخەوان**، **بەدر شــاکر ســەییاب** (1926 - 1964) بــە هەڵبەستنی شێعری باران سنووری زێد و نیشتمانی بەزانـد و خـۆی بـە جیهــانی ئەدەب ناســاند. لەم شــێعرەدا بــێ ئەوەی راســتەوخۆ ناوێک لە خواژن و کەسایەتییەکانی تری ئەساتیری بێنێ، بە باشترین شێوە، رۆژی رەشی وڵاتەکەی بە رەمز و نمادی ئوستوورەیی لە قاو دا.

کوڕکــوژی یەکــێ لەم ئوســتوورانەیە کــە بۆتــە هەوێنــی بەیتــی سەیدەوان. هەڵبەت تەنیـا لـە روانـگەی ئوسـتوورەییەوە دەڕوانینـە ئەم

بەیتە، نەک لێکدانەوەی لایەنی تراژێدی ئەو.

* *

چون لە بنەڕەتا بارودۆخ و هەریمێکی ئاینی بۆتە هۆی پێکهاتی ئوستوورە. پێویستە لەو خاڵە ورد بینەوە کە «**پیرۆز**» بوونی ئایینی گشتی و هەروەها بیر و بڕوای کەسایەتییەکانی سەرەکی کۆمەڵ، بۆتە بنەمای گووران و گەشەکردنی ئوستوورەیەک لە کۆمەڵی ناوبراودا.

کەسایەتییەکانی بابەتێکی ئوستوورەیی بەتایبەت سەرەکی‌ترین دەورگێڕ وەک «**نماد**»ێک یان بڵێین لە گوێن نوێنەری هێزی باندەستی سروشت دەور دەگێڕن. ئەگەر ئەساتیری سەردەمی بوتپەرستی وەک «**تەمسیل**»ێک بۆ ڕووداوەکانی سروشتی چاو لێ‌دەکەین ، بابەتەکانی ئوستوورەیی واتە ناوەرۆک لە درێژەی زەماندا، دەبنە ئاوێنەی بەشێک لە راستییەکانی نێو کۆمەڵ. بە واتایەکی تر لە سەردەمێکدا مرۆڤ بە لێبڕاوی دەستەوداوێنی «**خوا**»کانی ئەساتیری بوون و کڕنۆشیان بردۆتە بەریان، کە لە درێژەی خۆیدا و بە دوای گۆڕانکارییەکانی بێ‌پسانەوەی کۆمەڵ، ئەم ئەرک و بەرپرسێتییە کەوتە سەر شانی سەرەکیترین ئەندامی عێل، بوێر و چاونەترس، لێهاتوو، بە زیپکوزاکوون و مەردازا، پارێزەری لەوەڕگە و جێ‌هەوار و هەرێمی ژێر دەسەڵات ... بڕیاری شەڕ و ئاشتی و ... وەک تایبەتمەندی گەورەپیاوی تایفە و عێل، دڵی زۆربەی خەڵکی عێلاتی کردبووە مەکۆی ئەوین و رێز و حورمەتێکی ئایینی و سێبەری «**خوا**»کانی ئەساتیری. بەم پێیە

چاوگەی گشت پێداویستییەکانیان لە جەستەی ئەودا بەدی دەکرد. هەر بۆیە «**قارەمان**»ی زۆربەی بەیتەکانی سەر بە یەکەم قۆناغی پەرەسەندنی بەیت، لە سەرۆک عێل پێکدێن. کە وا بوو «**عەبدولعەزیز**»یش تاقە هێزی باندەست و «**خوا**»ی قەومی دانسی بووە. دیلان، کەسەر، ژیان و مەرگ تەنیا بە ئاماژەی سەرپەنجەی ئەو بووە و بەس. تەنانەت ئاکامی تەعبیری خەون و چارەنووسی دیاریکراو چ حەددی هەیە لە حاست بڕیاری سەروک؟ ردێنسپی و پیاوماقوولان، وەک سەمبولی ئەزموونی عێل، وریایی دەدەن، قەزاوقەدەر گەڕانەوەی بۆ نییە و رەزای بە رەزای خوای بانی سەر بێ و دیلان بوەستێنێ، چون نەگبەتی لەدوایە، بەلام **عەبدولعەزیز** هەروا سوور و پێداگرە لە سەر بڕیاری خۆی و بەرهەلستێک شک نابا.

بەپێی بڕوایەکی رۆژهەلاتی، هەر کە چاو پشکووت، قسمەت و چارەنووس لە تەوێڵ دەنووسرێ، هەلوێستی **عەبدولعەزیز** دژ بە بڕوای لەمێژینەی گەلەکەیەتی، یانی دژ بە چارەنووسی دیاریکراو، بابەتێک کە بۆتە هۆکارێکی گرینگ بۆ ئاکامی تراژێدی زۆربەی قارەمانانی حەماسی، ئەفسانە و ئەساتیری وەک دژایەتی «**ئەسفەندیار**» لە حاست چارەنووسی بەدیکراو لە خەونی «**کەتایوون**»ی دایکیدا. بەرهەلستی و خۆدەربازکردنی «**ئۆدیپ**» لە حاند چارەنووسی بەدیکراو. خوونکاری عێلی «**داسنی**»ش هەر لە سەرەتاوە بە رامالینی هەر چەشنە لەمپەر و تەگەرەیەک تێدەکۆشێ دەسەلاتی پڕ زەبروزەنگی خۆی داسەپێنێ. **مەلکەوان و نێچیروان**، هەر

یەک بە لەونێکی پڕ شک و گومان لـە نەکـاو تێدادەچن. بەڵام سـەرەڕای تـاپۆی مـاتەم و کەسـەر، بـە عەزمـی سـەرۆک، گەڕی دیـلان گەرمە و بەردەوام، یانی دەسەڵاتی لـە رادەبەدەر و غـورووری بێسنووری پیـری ئاخرشەڕ، رێ نادا هیچ مرۆڤێ، تەنانەت هێـزی باندەستی سروشـتیش قسە دەقسەیدا بکا و رێی پێ چەواشە کا.

تەنــانەت شـێوازی دارشــتنی بەیــتەکەش، قسـە لــە دەســەڵات و کەسایەتی بەرزی **عەبدولعەزیز** دەکا، بەم چەشنە کە خۆی وەک سێهەم کەسی تاک وێژەری بەیتەکە و کەسایەتییەکی «**پرۆتاگۆنیستی**» هەیـە. بەم مانایــە کــە هەڵوێســت و ئاکــاری ئەو دەبێتــە ســەبەب و هــۆی بەدیهـاتنی گشت رووداوەکـان. بـە پێـی دارشـتنی چیـرۆک و رۆمـانی سـەرکەوتوو، «**تەواو زانـا**» واتـە «**عقـل کـل**» وەک کەسـایەتییەک لـە پەراوێزی رووداوەکاندا دەور دەگێڕێ و وتە و هەڵوێستی بەرچاوی وەک پەیام و راسپاردەن بو خوێنەر. کەچی لەم بەیتەدا باوکی سەیدەوان هەر لـە سـەرەتاوە هەتـا ئەنجـام وەک «**تەواو زانـا**» لـە گووران و گەرمەی کارەسـاتەکاندا دەوری کـاریگەری هەیـە و خـوێنەر هەسـتی پـێدەکـا. رووپەڕێکی تـر لـە کەسـایەتی **عەبدولعەزیز** پێوەنـدی بەم مەبەستەوە هەیە کە بە هێندنەگرتن و بزر بوونی کەسـایەتی ژن، تـایبەتییەکی جـێ سەرنجە لە نیزامـی «**باوکمیری**»دا. ژن لـە هـیچ سووچێکی بەیتەکـە دەورێکیان نیـیە و تەنـانەت نـە شینی دایکـی ملبەکوێن و زگسووتاو دەبیسین، نـە بەرۆک دادریـن و رۆڕوی بـووکی کۆستکەوتـە، چـون بـە حوکمی خونکار، کۆڕی رەشبەڵەک گەرمە و بزە نـابێ لـە لێـو بتـارێ و

دەبێ ئەسرین هەروا لە چاوا قەتیس بمێنێ.

ئەم چەشنە دارِشتنە، ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی ناساندنی بەیت.

*

لە پاڵ ئوستوورەی سەرەکی ئەم بەیتە یانی **کوڕکوژی**، شێوازێکی تری ئوستوورەیی بەدی دەکرێ، یانی: ئوستوورەی **قوربانی کردن**. بە پێی بیر و بروای ئایینی مرۆڤی کەونارا و تەنانەت بەر لەم سەردەمەش بۆ ئەوە «**خوا**»کان دڵیان بێتە رەحم و بەزە و بەرگری بکەن لە هەر چەشنە پەتا و بەڵای سروشتی، دەبوو فتیلەی عومری کەسێ بێتە کزی و کووژانەوە، هەتا ئۆخژنێک بکەوێتە دڵی «**خودا**»و بەڵا وەلا چێ. خواکان، خوازیاری مەرگی لاوان بوون تا خۆیان لە بیر و هزری مرۆڤدا درێژە بە ژیان بدەن. کەم نین کیژۆڵانێک کە خراونە گەڕی دەبەحرێ تا لە رق و تووڕەیی **خوای لافاو** کەم بێتەوە. بۆ ئەوە قات و قڕی و وشکەساڵی بڕستی هۆز و قەومان نەبڕێ، دەبوو خوێنی تازەلاوێک بڕژێتە زەوی. دەبوو زەوی تینوو و چاوچنۆک بە خوێن پاراو کرێ تا شیناوەرد و رسق و فەرعانی ببەخشێ. بەشێک لە بەیتی **سەیدەوان** تەرخان کراوە بە شێوازی ئەم ئوستوورەیە. ئەگەر لەم دەلاقەوە تێیفکرین، دەبێ **عەبدولعەزیز** بۆ چارەی قاتی و وشکەساڵی، بە دەۆ کوڕانی قوربانی کردبێ بۆ ژیانی گشتی تا جارێکی تر سروشت ببووژێتەوە، تا عێل بنەبڕ نەبێ و ژیان بەردەوام بێ. لە رووی دەقی بەیتەکە و بە پێی تەعبیری خەونی **عەبدولعەزیز**، نەگبەتی و

وشکەساڵییەک دادێ خەفەتهێن:

«ئەوڕۆکە سەرم دێشێ
دڵی عەبدولعەزیزە کوڕەی داسنێ
لە من دەکا بێیە بێنێ
بەڵام ئەمن ئەوشۆم خەونێک دیوە
لەمن وابوو ئاخیری بەهارێیە
دەگەڕام لە تیلەگی دەکوێستانان
قەت وەگیرم نەکەوت قولێک گیا بەشی باقەبێنێ.»[٥٥]

بەڵێ! بەم چەشنە لە دوای کۆتایی عومری کوڕان، بەهار و تەڕەزن و کوێستانبژوێن، مووچە و مەزرا پڕ خێر و فەڕ.

«بەهارێکی لە من بەفر و بارانە
ئەمن زەینی خۆم دەداوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانێ
لە سەری شین دەبوونەوە
شللێر و شەشپەڕ و گەزیزە و نەورۆزە
چڵ بە چڵ و دانە بە دانە»[٥٦]

هەروەک لە جێ دڵۆپەخوێنی پاڵەوانی ئەوێستایی «**سیاوەش**» گوڵی نێرگیس ڕوا.

*

رووپەڕێکی تر لەم بەیتە:

**عەبدولعەزیزی داسنی**، سەرەڕای دەوری سەرەکی و تایبەتمەندی

«**ئایینی کەسایەتی**» واتە «**کیش شخلّیت**» چ لە باری ئوستوورەیی، چ تراژێدی، تەنیا «قارەمان»ی رووداو نییە. بیرورِای کاک **ئەحمەد بەحری** کە لەم بابەتەوە دەڵێ: چیرۆکی **سەیدەوان** دژ قارەمانی نییە[٥٧] پرسیارێک دەخاتە بەر زەینی خوێنەر کە چلۆن تۆوی تراژێدی دەگووریٚ، ئەگەر ناکۆکی دوو هێزی لە ئاشتی‌نەهاتوو یان دوو هەڵوێستی دژ بە یەک لە ئارادا نەبیٚ؟ ئینجا «**زەعفی شەخسییەتی**» و هەڵەی قەرەبوو نەکراو بکەینە هۆکاری تراژێدی؟ پلە و بایخی کەسایەتی مەزنەپیاوی داسنی وەک قارەمانی سەرەتای رووداوەکە بە پێی هەڵوێست و ئاکاری، بە تایبەت لە ئەستەمترین قۆناغی کارەساتا گۆڕانی بنەڕەتی بە سەر دادیٚ. تەنانەت رەمزی ئوستوورەی کوڕکوژی و پەیامی وەرگیراو لە تەئویلی بەیت لەم مەبەستەدایە! **عەبدولعەزیز** وەک «**ئۆدیب پاشا**» قارەمانە چون لە حاند چارەنووسی دیاری‌کراوا پشتی ناچەمیٚ و چۆکی نافیزیٚ و رادەوەستیٚ. قارەمانە بۆ بڕیار لە پێناو ژیانەوەی سروشتدا، قارەمانە چون بە زیپک و زاکوونە بۆ دیاری‌کردنی ژیان و مەرگ، دیلان و خەفەت، بوون و نەبوونی هۆز بە ئاماژەی ئەوە و بەس! هەروەک **مەلکەوان و نێچیروان** چ بە فەرتەنە و پیلان، چ بە خۆکوژی، بە بیٚ هیچ مەرج و هەست و خوستێک تەسلیمی فەرمانی باوکن. یانی تەسلیمی چارەنووسی دیاری‌کراو لە لایەن «**خوا**»ی **داسنییەوە** (هەرچەند **نێچیروان** پاش کوتوپڕ تێداچوونی **مەلکەوان** بەرهەڵستێک لە خۆی دەنوێنیٚ و روو دەکاتە رەوەزان، سەرەڕای ئەوە کە زەردوماە و تەلان و ئەستەم بۆ کوڕی چیا زۆر

ئاساییە، کەچی لە ناکاو هەڵدێررا!! یانی **نێچیروان** چەند هەنگاوێک لە پێشترە لە **مەلکەوان** و رێگا خۆش دەکا بۆ هەڵوێستی **سەیدەوان**.)

بەڵام هەر ئەم قارەمانــە (هەتــا ئێــرە) بــۆ یەکەم جــار تووشــی بەرهەڵستێک دەبێ، دەتاسێ، وڕ دەمێنێ، دڵی دادەخورپێ کە کوڕی هەرەلاو یانی **سەیدەوان** نەتەنیا بێقسەیی کردووە، بەڵکوو لە باب و ئەقرەبا و هۆز روو وەردەگێڕێ، پشت لە ئاوایی، پشت لە پەردووی سوورەبووکی دڵبەناسۆر، روو دەکاتە چیای مەغلووبی **داسنی**. پەنا دەباتە تەلان و رەوەزان، یانی مەکۆی داسەپاوی خۆڕاگری سەردەمانێک لە مێژووی نەتەوەکەمان.

**سەیدەوان** با پاڵپشتی بیری نوێ، ئامانجی نوێ دژ بە داب و نەریتی دزێو، دژ بە بیری کۆن رادەسێ. **سەیدەوان قارەمانە** چونکە بڕیاری ئەو هەنگاوێکە بەرەو ناشتنی رەوتی پێشوو و خولقانی سەردەمی نوێ. **قارەمانە** چون تەنیا تۆڵەئەستێنی برایان نییە (بە مەبەستی تۆڵە) ئامانجی هەیە و رێبازی نوێی گرتۆتە بەر تا کۆشکی دەسەڵاتی کۆن برمێ. بە بڕوای **فرۆید**:«**چوونە سەر لووتکەی کێو، نمادی مەزنخوازی و دەسەڵاتدارییە**»[٥٨] ئالێرەدایە کە کەسایەتی عەبدولعەزیز لە بان عەرشەوە بەرەو لێژی دەگلێ و دیمەنی دژ بە قارەمان بەخۆوە دەگرێ. هەروەک **گوشتاسب** کە بە فێڵ و دەهۆ «**ئەسفەندیار**»ی کوڕی ناردە بەر سێرەی تیری **رۆستەم**، تا لە پلەی کەسایەتێکی پیرۆزی ئەوێستایی دابەزێ و بێتە ئاستی کەسێکی بێزراو و دڵڕەش. یا وەک قارەمانی سەرەکی شانامە کە بە کوشتنی

«**سۆهراب**»ی کوڕی لە لووتکەی شانازی بەرەو هەڵدێری سەرشۆڕی دەخزێ. لە پاش ئەم قۆناغە بە وتەی زانایەکی ئەدەبی فارسی:«تراژێدی تێکهەڵچوونی رۆستەم و ئەسفەندیار، دوایین قۆناغە لە گلان و داکەوتنی رۆستەم. یانی بە کوشتنی پاڵەوانی پیرۆزی شانامە، رۆستەم دێتە رادەی پالەوانێکی دزێو و بەدئاکاری ئێران»[٥٩] **عەبدولعەزیزی داسنیش** بەم چەشنە دژ بە سەیدەوان، دژ بە قارەمانی نوێ، قۆڵ هەڵدەکا تا سوننەتی پڕ زەبر و زەنگی باوکمیری بپارێزێ. قۆچاغ و کارا خۆ شەتەک دەدا و شوێنی هەڵدەگرێ و بەرەو چیای مەغلووبی **داسنی** داژوێ. سێرە دەگرێ تا تەنیا دەنگی تاکەکەسی خۆی، لە هەرێمی ژیاندا زایەڵەی بێ و بەس! تا «**مۆدێڕن**» و بیری نوێ جێ بە کەسایەتی ئەو لێژ نەکا. ئەوە کە سەردێڕی بەیتەکە هەر بە **سەیدەوان** ناودێر کراوە چەشنێک لاگیری کۆمەڵە لە قارەمان. چەشنێک سکاڵا و تووک و نزایە لە باوکی کوڕکوژ.

لە هەندێ بەرهەمەکانی حەماسی و ئوستوورەیی رۆژئاوادا بە پێچەوانە زۆرتر رەگەی ئوستوورەیی **باوککوژی** بەدی دەکرێ. بەرەی لاو وەک نمادی توێژی نوێخواز دژ بە باوک وەک نمادی پارێزەری سوننەت رادەسێ، بۆ وێنە: **ئۆدیپشا** کە وەک پرۆمتە قارەمانی ئەساتیری **یوونان**، خوازیاری ئەوین و زانایییە، لە یەکەم تەقەلادایە بۆ دامەزرانی دونیایەکی نوێ کە لە رێی گەیشتن بە ئامانجیدا بێ ئەوەی بیهەوێ، دەگەڵ باوکی تێکڕۆدێن و وەک کۆسپی سەرڕێ دەیبەتلێنێ. لەم بابەتەوە «**ئێریک فرۆم**» لە سەر ئەم باوەڕەیە کە «**گریمانەی**

**ئۆدیپ**» نمادی تێکەڵاوی حەرامی دایک و کوڕ نییە، بەڵکوو نمادێکە لە ڕاپەڕینی کوڕ دژ بە باب لە نیزامی باوکمیریدا.»[٦٠]

لە بەرهەمەکانی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا، کوڕ وەک نوێنەری بیروڕای نوێ، نایهەوێ ئاسۆی ڕوانینی، تەنیا دەلاقەی بەرتەنگی باوک بێ، خۆ تەیار دەکا تا جیهان باش بناسێ و بە پێی ڕەوتی «**ناسین**» گەڵاڵەی نوێ دابڕێژێ. بەڵام خاڵی گرینگ و جیاواز لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژئاوا (لە ئاوێنەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا) لەم مەبەستەدایە کە داڕشتنی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی سەردەم، هەڵگری ئەم پەیامە نییە و دژ بە هەڵوێستی بەرەی لاو ڕادەسێ، مەسڵەحەتی دەسەڵاتدار تەنیا هاوسەنگی هەیە لەگەڵ پاراستنی خۆی و بەس. «**سوننەت**» هەڵسوکەوتی کوڕ بە سەربزێوی دەزانێ و کوتوپڕ دەیانخەنە داووتەڵ تا بە دەستی باوک خوێنبەخت کرێن.

بەڵێ! ئوستوورەی کوڕکوژی بەرهەمی کۆمەڵی باوکمیری پڕ دەسەڵاتە. «**کانت**» ئەم نیزامە بە ئەوپەڕی سەرەڕۆیی دەزانێ و پێی وایە سووکایەتێکی ڕاشکاوە دژی بایخەکانی مرۆڤایەتی.[٦١] لەم نیزامەدا «**ژیانی تایبەتی**» ئەندامانی کۆمەڵ بایخێکی بۆ نییە و بێپسانەوە لە ژێر چاوەدێری دایە.

تو بڵێی هۆی جیاوازی پێشکەوتوویی ڕۆژهەڵات و ڕوژئاوای ئەمڕۆ لە جیاوازی ئەم دوو ئوستوورەیەدا نەبێ؟

خوێنەری بەڕێز!

یەکێ لە بنەماکانی مێژووی وڵاتمان، هەر لەم تێکهەڵچوونی دوو

نمادی بەرەی کۆن و نوێدایە. کاتێک **ئەسفەندیار** و **سەیدەوانێک** تێدا دەچن و سەر دەنێنە ژێر خاک، لە راستیدا فکری نوێ دەنێژرێ.

ئەگەر رۆژئاوا وەدەرکەوتنی **دۆن کیشۆت** لە مالێ، بە مەبەستی ناسینی راستییەکانی جیهان بە سەرەتای مۆدێرنیتە دەزانن.[٦٢] بێجێ نییە هەڵوێستی **سەیدەوان** بە کانگای هیوا بزانین بۆ دوارۆژی رووناکی کورد.

# پەراوێز

١ – لەم بابەتەوە تا ئێستا بەیتی خەج و سیامەند جگە لە فارسی و ئەرمنی بە چەند زمانی دیکەی دنیا وەک: ئاڵمانی - ئینگلیسی - فەرانسە - روسی - ئیتالیایی وەرگێڕدراوە.

٢ – ئەو بلیمەت و زانایانەی خوارەوە تا ئێستا لەسەر «مەم و زین»ی خانی توێژینەوەیان هەبوو و بەرهەمیان بە کتێب یان لە گۆوارەکاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کە بە داخەوە بەشی زۆریانم چاو پێ نەکەوتووە، تەنیا پێرستی ئەوانم دەست کەوتۆ!

- خوالێخۆشبو: فەتاح دزەیی - مەم و زین - عێراق - هەولێر
- بۆزئەرسەلان - «ئەحمەدی خانی - مەم و زین»
- محەمەد عەلی - (سۆفیایەتی لەمەم و زیندا «باوەڕنامەی زانستگا»).
- فەرهاد شاکەلی - «ناسیۆنالیزمی کورد لە مەم و زینی خانیدا»
- موراد جوان - «دەوری ئەحمەدی خانی و کوردپەروەری»
- محەمەدی مەلا کریم - لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا – چاپی یەکەم هەولێر
- مارتین ڤان براونێسن - «مەم و زینی خانی و دەوری وی لە

دەرکەوتنی وشیاری نەتەوایەتی کوردیدا»

- رۆدینکۆ ـ ( ئەحمەدی خانی ـ مەم و زین ـ «دەقی رەخنە گرانە»)
- د.ئەمیر حەسەنپوور ـ «گەلی کورد و دەسەلاتی سیاسی لە مەم و زینی خانیدا» گۆواری گزینگ
- مایکڵ چایڵد ـ لێکدانەوەی مەم و زین بە کەڵک وەرگەرتن لە ١٩ دەقی جۆراوجۆر (باوەڕنامەی دوکتوڕا)
- ناسر وەحیدی ـ «خورد بوونەوەیەک لە تراژێدی مەم و زینی ئەحمەدی خانی» گۆواری سروە ـ ژومارە ١٤١

٣ – تا ئێستا لەسەر بەیتی «سەیدەوان» ئەم وتارانە چاپ و بلاو کراونەتەوە:

- وتارێکی ئەدەبی ـ نەمر سوارە ئیلخانی زادە ـ گۆواری سروە ژمارە ٥
- تویژینەوەی بەیتی سەیدەوان ـ ئەحمەدی بەحری گۆواری سروە ژومارە ١١٨
- تویژینەوەی سەیدەوان بەزمانی فارسی ـ «سیدوان» خسرو سینا ـ گۆواری زرێبار ـ ژومارە ٣
- لێکدانەوەی شانۆی سەیدەوان ـ محەمەد رەحیمیان ـ گۆواری سروە ژومارە ١٤٣
- تراژدی سیدوان ـ لێکدانەوە و وەرگێڕانی دەقی بەیتەکە بەزمانی فارسی ـ سەلاح ئاشتی ـ حەوتەنامەی ئاویەر ـ ژومارە ١٨ و ١٩

٤ – ئاماژەیە بە کورتە بەیتی «عەلی عاشق» «عەلی» لەگەڵ

«مەلازادە»یەکی شۆخ و شەنگ دڵیان بە یەکەوە بووە. لە روی ئەوینێکی پاک و بێ خەوش و بێریا و ئاسمانی گیرۆدەی یەکتر دەبن، پیاو ماقوڵان رادەسپێرێ و خوازبێنی لێ دەکا و دەچنە سەر بەڕەی. بەڵام مامۆستا بە هۆی دوو زمانی شۆڤاران، عەلی جواب دەکا. لاوی سەوداسەر لە سۆی گراوی تاوی نامێنێ و ئۆقرەی لێ دەبڕێ، دوور لە ئاوەدانی روودەکاتە پێدەشت و بژوێن و تەلان و هەردان، هەر دەڕوا و بە حەیران و بەیت و لاوەکە یادی «مەلازادە» دەکا ئەمیش (مەلازادە) لە کونج و قوژبنی ماڵێ خەڵوەنشینی دەکا و لە مەخلوق روو وەردەگێڕێ. پاشان جەنابی مەلا روحم و بەزەیی دەکەوێتە دڵ و دێتە سەر رەدایە و بەڵێنی بە «عەلی» دەدا کە بۆی بگۆێزێتەوە ...

بەڵێ! بووکیان دابەزاندووە. عەلی لە بەربێڵایە دەست لە بناگۆێ دەنێ و بە بەندوباوان بەخێرهاتنی دەکا:

عەلی عاشق ئەگەر عیشقت زبانی بێ
سەدجار عومرت زوو فانی بێ
حەیفە ئیخلاس پەنهانی بێ
مەلازادە بەخێر هاتی
ساقیم دەوێ شەراب بێنێ
عەکسی خۆی تێدا بنوێنێ
انا لیلای لێ بخوێنێ
بەو چاوە گیانم دەستێنێ و ...

لە پاش ئەم دێڕە شێعرە دڵی دەوستێ و لە بەر چاوی مەلازادە بێ مراد سەر دەنێتەوە.

٥ – ئاماژەیە بە بەیتێک هەر بەم ناوە (شۆڕ مەحموود و مەرزینگان)

٦ – زاراوەی باو لە حکومەتی بەبەییەکان (لە روی بەیتەکانی بەردەشانی) ویدەچێ شێوەی موکریانی بوبێ کە دەگەڕێتەوە سەر مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی میرانی بابان کە بە وتەی مێژووناسان «میرنشینی بابان، بەواتەی سەرچاوە کوردییەکان زیاتر لەسێسەد ساڵ ژیاوە ئەو شوێنانەی کوردستانی گرتبۆوە کە لە خوارووی میرنشینی سۆران بوون، واتە ئەو ناوچەی ئەمرۆ لیوای سلەیمانی کوردستان و بەشێک لە کوردستانی ئێران پێک ئەیێنن»[٣٠]

٧ – وتوویژی دۆستانەی نووسەر لەگەڵ بەڕێز مام قادر ئوستادئیبراهیمی ناسراو بە قالەشین.

٨ – جگە لەم نموونە، ناوەڕۆکی مێژوویی هەندێ لە بەیتەکان، سەردەمی دەسەڵاتی میرانی بابان و موکری دەگرنەبەر، بۆ وێنە:

- بەیتی کاکەمیر و کاکەشێخ ـ کە هەر دوو لە بنەماڵەی بابان بوون، لەسەرەتای سەدەی ١٦ی زایینیدا.
- بەیتی ئاورەحمانپاشای بەبە ـ بە راوێژی عەلی بەردەشانی کە باس لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەو دەکا لە سەرەتای سەدەی نۆزدە.
- بەیتی قۆچعوسمان کە قارەمانی سەرەکی ئەو میرسەیفوددین بەگ کوڕی میرحوسێن، کوڕی پیربداق لە سەرۆکانی حکومەتی بنەماڵەی

موکری بووە.

٩ – ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ، لێرەدا مەبەستمان لە زاراوەی زۆربە تەواوی وڵات بە تێکراییە نەک عێل، چون پێوەندی ئەندامانی عێل لەسەر تەوەرەی بەرژەوەندی گشتی، پتەوترە لەوە کە بەرهەڵستی سەرۆک و مەزنەپیاوانی عێل بکەن.

١٠ – لە گۆرانێکی فۆلکلۆر هەر بەم ناوە وەرگیراوە (زێرنۆکی).

١١ – تیری چڵکنان دەتوانێ روون کەرەوەی بەشێکیتر لە مێژووی سەردەمی بەیتەکە بێ. بەیتبێژ دەڵێ: لاس لە گەڕانەوەدا تووشی دووڕێیانێک دەبێ کە یەکیان کەم مەودا بەڵام پڕ مەترسی، دووهەمیان ئەمین و درێژخایەن. لاس بۆ ئەوە زووتر چاوی بە خەزاڵ کەوێ و رووح و جەستەی شەکەتی وەحەسێ، رێی یەکەم دەگرێتە بەر. وێدەچێ لەو سەردەمیشدا وەک زۆر قۆناغەکانی تری مێژووی پڕ هەڵسوکەوتی کوردستان توێژیک دوور لە ئاوەدانی و هۆبە و رەشماڵی کۆچەریان، لە ترسی زوڵم و غەدری بەدکار لە پەنا و پەسیوی رژد و هەردان وەک غەنیمێک بەرهەڵستی دوو عێلی سەرەکی ناوچە (ماموودی ـ باڵەکی)یان کردبێ و لە رێبوار و نەیار کەتوونەتە بۆسە.

١٢ – ئاماژەیە بە بەیتی مەحمەڵ وبرایمی دەشتیان کەلە بەشی یەکەمدا لێی دواین ـ شاری «چەلیان» ناوەندی دەسەڵاتداری خاتوون پەریخان بوو.

١٣ – مەبەست قارەمانی بەیتی «خەزێم»ە کە لەودا کچ و کوڕێکی

«دۆم» دڵیان دەکەوێتە یەک و بانگێشتنی دەکا بۆ گەڕی دیلان، ئەمیش بیانوو دەگرێ کەتا «خەزێم»م بۆ نەدۆزێوە نایەم ...

١٤ – لە زۆربەی بەیتەکانی ئەم سەردەمە تا دەسەڵاتداری قاجارەکان، بۆ دەسنیشان کردنی لەشکری ئێرانی ئەودەم، جگە لە نێوی ئێران لە سێ وشەی: تورک - تورکمان - قزلباش کەڵک وەرگیراوە لە دوای ئەوان وشەی عەجەم.

١٥ – ئەحمەدی شەنگ ناوی قارەمانی بەیتێکە هەر بەم ناوە.

١٦ – لە شێعرێکی مامۆستا گۆران وەرگیراوە.

١٧ – ئاماژەیە بە بەیتی برایمۆک کە لەودا برایم کارکەر و نۆکەری ماڵی ئاغایە، عاشق بە خاتوون پەریخان خوشکی ئاغا دەبێ، میرحەج توشی نەخۆشیێکی زۆر پیس دەبێ، بەڵێنی بە برایمۆک دەدا ئەگەر یارمەتی بدا و لەم دافەتاوییە رزگاری بێ خوشکی بداتێ، بەڵام شەرت و پەیمان پێشێل دەکا و بەچلەی زستان دەری دەکا ...

١٨ – لە شێعری «فرمێسکی رنوو» مامۆستا هێمن وەرگیراوە.

١٩ – لە شێعری برایم ئەحمەد وەرگیراوە.

٢٠ – ئەم بەیتە (شێخ مەند و شێخ رەش) باسی ناکۆکی و ئینکەبەرایەتی دوو شێخمان بۆ دەکا کە بە کەرامەت و هێزی مەعنەوی تێک رۆدێن. لە ئەنجاما شێخ رەش دەشکێ و شێخ مەند سەردەکەوێ.

٢١ – خوڵقندە - یان خوڵقەندە - لە وێژە و ئەدەبی کۆن وەرگیراوە

(بـــروانه بەیتـــی شـــۆڕ مەحمـــوود و مەرزینگـــان) مەبەســـت تەنیـــا بیرخستنەوەیەکی ئەدەبی رابردوویە و بەس.
ناوی بکەرە (اسم فـاعلی) لە فەرمـانی خوڵقـان وەرگیـراوە ... بـۆ وێنە:
نووسندە = نووسەر
خوڵقندە = خوڵقێنەر
٢٢ – بڕاونە پەراوێزی شمارە ٤.
٢٣ – یەکـــێکە لە کەســـایەتییەکانی بەیتـــی «مەحـــمەڵ و برایمـــی دەشتیـان».
٢٤ – یەکێکە لە قارەمانانی بەیتی «شێخ فەرخ و خـاتوون ئەستێ».
٢٥ – هەڵـــبەت شـــوبهاندنی بـــرین بەم چەشـــنە لە نوســـخەی خەج و سـیامەند بە دەنگـی رەسـووڵ نـادری و هەروەهـا لە کـورتە بەیتـی «درکان»یش داهاتووە.
٢٦ – بە سـپاس لە کـاک ئەحـمەد بەحـری کە ژمـارەی ئەم بەیتـانەی پێدام.

# سەرچاوەکان

(١)– تحفه مظفريه ـ اوسكارمان / مامۆستا هێمن.
(٢)– زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری سروه ـ دەقی بەیتەکان.
(٣)– كرد و كردستان ـ واسيلى نيكيتين، ترجمه محمد **قاڤى.**
(٤)– گۆواری سروه ـ ژمارەی تایبەتی، وت و وێژ ١.
(٥)– ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ـ عیزەدین مستەفا رەسوڵ.
(٦)– هەمان سەرچاوە.
(٧) – کوردستان و کورد ـ د.عەبدولرەحمان قاسملوو.
(٨)– هەمان سەرچاوە .
(٩)– جامعه شناسى كرد (آغا ـ شيخ ـ دولت) ـ مارتين وان برونسن ـ ترجمه ابراهيم يونسى.
(١٠)– سەرچاوەی ژوماره ٧.
(١١)– سەرچاوەی ژوماره ٧.
(١٢)– پایزه ـ ئەحمەد بەحری.

(١٣)– هەمان سەرچاوە.

(١٤)– سمبلها ـ گرترود جایز، ترجمە **محمدرڤا بقاپور.**

(١٥)– گۆواری سروە ژومارە ١٦٨ ـ رۆمانتیسم و مەکتەبی رۆمانتیک، فەرشید شەریفی.

(١٦)– هەمان سەرچاوە.

(١٧)– هەمان سەرچاوە .

(١٨)– سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژی کورد ـ سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، بەغداد ١٩٨٨.

(١٩)– هەمان سەرچاوە ـ لاپەڕەی ١٠٣.

(٢٠)– هەمان سەرچاوە ـ لاپەڕەی ٦.

(٢١)– هەمان سەرچاوە.

(٢٢)– هەمان سەرچاوە.

(٢٣)– هەمان سەرچاوە.

(٢٤)– هەمان سەرچاوە.

(٢٥)– هەمان سەرچاوە.

(٢٦)– ادب و ادبیات ـ حسینعلی کاتب.

(٢٧)– حەوتەنامەی ئاویەر، ژومارە ٣٠ ـ بەردەکونتێ، ئەحمەد شەریفی .

(٢٨)– اساطیر یونان ـ راجرلسین گرین.

(٢٩)– گۆواری سروە، ژومارە ٨٦، لاپەڕەی ١٩ ـ فەرهەنگی بەیتی لاس و خەزاڵ.

(٣٠)– کوردەکانی ئیمپراتورییەتی عوسمانی ـ جەلیل جەلیلی.

(٣١)– سەرچاوەی مارە ٢.

(٣٢)– گـۆواری سـروە، ژومـارە ١١٩، لاپەڕەی ٢٤ ـ مەنگـوڕ، د.جەواد قازی.

(٣٣)– گـۆواری سـروە، ژومـارە ١١٩، لاپەڕەی ١٤ ـ ڕەگەی تـراژدی لـە بەیتی کوردیدا، ئەحمەد بەحری.

(٣٤)– شەرەفنامە ـ شەرەفخانی بدلیسی ـ وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار .

(٣٥)– هەمان سەرچاوە.

(٣٦)– سەرچاوەی ژومارە ٧.

(٣٧)– سەرچاوەی ژومارە ٧.

(٣٨)– سەرچاوەی ژومارە ٢٤.

(٣٩)– جامعەشناسی خود کامگی ـ **علی رڤاقلی.**

(٤٠)– زبان رمزی افسانەها ـ م لوفر، دالآشو.

(٤١)– خورشید و خاوەر ـ عەلی کەماڵ باپیرئاغا.

(٤٢)– گۆواری سروە، ژومارە ١٥، لاپەڕەی ١٥.

(٤٣)– **افسـانەهـای آڕربایجـان ـ ترجمـە و تـألیف و اقتبـاس ـ احمـد آڕرافشار.**

(٤٤)– هەمان سەرچاوە.

(٤٥)– سەرچاوەی ژومارە ٣.

(٤٦)– سەرچاوەی ژومارە ٣.

(٤٧)– سەرچاوەی ژومارە ٣٤.

(٤٨)– سوارۆ ـ **پژوهشنامه مؤسسه آسیایی ـ عبدالحمید حسینی.**
(٤٩)– گۆواری سروه، ژوماره ٥٢، لاپەڕەی ٤٩ ـ ژن دە بەیتی کوردیدا، ئەحمەد قازی.
(٥٠)– شەونم ـ لاپەڕەی ١٠٣ ـ مامۆستا حەقیقی.
(٥١)– مەم و زین ـ ئەحمەدی خانی / مامۆستا هەژار.
(٥٢)سەرچاوەی ژوماره ١
(٥٣)– بیهق ـ حسینعلی ـ روزنامه همشهری ـ شماره ٢١٠١ ـ سال هشتم ـ اردیبهشت ٧٩ .
(٥٤)– هەمان سەرچاوە.
(٥٥)– بەحری ـ ئەحمەد، گەنجی سەر بە مۆر ـ بەیتی سەیدەوان بەدەنگی حەمەدی ئاغا.
(٥٦)– هەمان سەرچاوە ـ سەیدەوان بەدەنگی قالەشین.
(٥٧)– هەمان سەرچاوە ـ لێکۆڵینەوەی بەیتی سەیدەوان.
(٥٨)– زبان ازیاد رفته ـ اریک فروم .
(٥٩)– سپاسی ـ جمشید ـ نگرشی بر اوج و سقوط رستم در شاهنامه ـ چاپ اول ـ سال ٤٩.
(٦٠)– ستاری ـ جلال، بارتاب اسطوره در بوف کور.
(٦١)– رێکۆر ـ پل، زندگی در دنیای متن ـ ترجمه بابک احمدی.
(٦٢)– میلانی ـ عباس ، تجدد و تجدد ستیزی در ایران ـ **فلّل دوم ـ نشر آینه ـ چاپ اول سال ٧٨.**

**هەروەها لەم سەرچاوانەش کەلک وەرگیراوە** :

**تاریخ تحولات اجتماعی ـ مرتڤی راوندی.**

**زمینــه جامعــه شناســی ـ آگبـرن، نــیم کـوف / ترجمــه و اقتبــاس د.آریانپور.**

**آواها و ایماها ـ محمدعلی اسلامی ندوشن.**

**زبان رمزی قڵه های پریوار ـ م لوفر، دلاشو.**

تمدن مهاباد ـ محمود پدرام.

چەند بەیت و بەند و حەیران ـ لە روی کاسێت.

# فەرهەنگۆک

## ئـ

ئابلۆقە : دەورەدان، چواردەورگرتن

ئاچغ : ئاچوخ، کراوە، ئاوەڵا

ئاژۆتن : لێخوڕین

ئاماژە : هێما، ئیشارە

ئامباز : ئاوقا، ئاوڕێش، تێک ڕۆهاتن

ئامیان : هەوێن

ئاوەز : هۆش، فام، شعوور

ئەستووندەک : داری کۆڵەکەی خێوەت و ڕەشماڵ

ئەشکوون : ئەشکۆڵ، ئەشکەوتی بچووک

ئەقرەبا : خزم و کەس

ئۆقرە : ئارامی

ئیختیار : لەکارکەوتوو، پەککەوتە

ئێلچی : باڵوێز، سەفیر

ئینجەت : ئەنجەت، بیانوو

ئینکەبەرایەتی : رقەبەری، لاساری دووکەس لەگەڵ یەک

## ب

برەو : رمێن، رەواج

بگرە : هەڵڵا و هەنگامە، هات و هاوار

بلّح : ئاکار ناپەسەند

بن پشک : کچێک کە دەستنیشان کرابێ بۆ براکەی بە ژن بچێ

بنژیل : وردەی بن بێژینگ

بۆرە سوار : کەسێک سواری یەکسمی بۆرە بێ، کنایەیە بۆ سواری پیس و نابووتە

بۆسە : سیپە، کەمین

بومەلێڵ : نێوان شەو و رۆژان، تاریکی و ڕووناکی تێکەڵ لە ئیوارە و بەیاندا

بوێر : ئازا، نەترس

بە تاڵووکە : بەهەشتاو، بەلەز، بەپەلە

بەتلان : فەوتان، لەنێوچوون

بەدڵ و دەروون : کەسێ کە دڵی بە ماڵی دنیاوە نەبێ، بەرانبەری

چاوچنۆک

بەڕاڕێیی : بە هەڵکەوت تووشی کەسێک بوون

بەرکوت : بەردڵ، ژەمێکی ناتەواو

بەگم : بەگی من، ئاغای من، وشەی ڕێز گرتنە بۆ ئاغا

بەگمێ : نێوە بۆ ژنان، هەروەها وشەی ڕێزگرتنە بۆ ئاغاژن

بەهاربەند : حەسارێک کە ئاخوڕی تێدابێ بۆ وڵاغی بەرزە

بیچم : شکڵ، تەرح و دیدار

بێڵا : هەیوان

## پ

پاساودان : پاکانە بۆ کردن، تاوان لەسەر خۆلابردن

پاکژە : پاک و خاوێن

پردەباز : بەردەباز، ڕێزەبەردێکی نێو چۆم کە بە سەریدا دەپەڕنەوە

پەتپەتێن : سوکایەتی پێکردن

پەسار : پەنا، شوێنی باران نەگر

پەسن : مەدح، پێ هەڵا کوتن،پەسەندکراو

پەسیو : پەنا، داڵدە

پەنامەکی : بەنەهێنی، بەدزی

پیتاک : باج و خەراجی دەوڵەت

پێڕک : هەرزاڵ، جیگەی کەل و پەل لەسەردانان لە رەشماڵدا

پێسیر : یەخە، بەرۆک

پێناودار : ئۆباڵ، وەباڵ

## ت

تاپۆ : تارمایی، رەشایی لە دوورەوە

تاژەنگ : قەمچی، شەلڵاق

تاڤگە : تاوگە، تافیتە، سەرسۆڵ، ئاوهەڵدێر

تامەزرۆ : ئاواتەخواز، زۆر بە تاسەبوون

تان و پۆ : راهێڵ و تێوەدان

تۆبزی : جەبر و زۆرەملی، ناجسنی

تۆرەمە : رەچڵەک، بنەچەکە، نەژاد

تۆفیر : فەرق و جیاوازی

تووک : دۆعای شەڕ، نزای خراپ، ئاواتی خراپ خواستن

توون بە توون چوون : بە یەکجاری فەوتان و شوێنەوار بڕان

تەماڵ : دۆزینەوەی کەروێشک لە لاندا

تێ ڕاخوڕین : لێ گوڕاندن، بەقاو دواندن

تیزماڵک : هەر شتێ کە باریک بێ و بۆ لای سەری تیژ بێتەوە (تیزماڵکەبەرد ، تیزماڵکەزەوی)، بە توند و تیژی رابواردن

تێکست : مەتن، دەق

تێل و تان : راهێڵ و هەودای تەون

## ج

جمە : کۆمەڵ و پڕایی حەشیمەت

جواناو : ئارەقەی سەرەمەرگ

جەغز : دایرە

## چ

چاوچنۆک : بەتەماح، بەئێرەیی، چاونەزێر

چلوو : چلەی زستان

چوغوور : چغر، مێشەڵان و دارستانی چڕوپڕ

چووکەڵە سوار : سیفەتە بۆ لاوی سوارچاک

## خ

خاپینۆک : بەمەکر و فێڵ، حیلەباز

خاسە رەنگ : گلێکی سوورە بۆ دەرمان، بۆ رەنگ دەشێ

خۆڕانان : خۆپیشاندان، خۆنواندن

خۆشبەز : ئەسپی تیژڕۆ

خوونکار : پادشای گەورە، سووڵتان

خەرارە : جەواڵی گەورەی لە موو دروست کراو

خەزاکەر : کەسێ کە لە ڕێگەی خوادا بەشەردێ
خەلسان : خەلستان، رزگاربوون، دەرچوون و نەجاتی هاتن
خێڵ بەرەو خوار : کاتی گەڕانەوەی هەوارچیان لە کوێستان لە وەرزی پاییزدا

## د

دارماڵ : لێوماڵ، لیپاولیپ، کون بڕ
داروجان : دەنکێکی رەشە لەناو برینجدا، نەخۆشێکێ برینج
داکۆکی : پشتیوانی، لایەنگری
داگەڕان : بەرەو خوار هاتن لە لای سەرووڕا
داڵدە : پەنا، پەسیو
دۆڵپا : دێو ، چەلومل
دۆڵاب : مەکر و فڕوفێڵ (تایبەتی ژنانە)
دەسپێک : سەرەتا ، بەرایی
دەستاودان : تەڕکردنەوە
دەستەو نەزەر : دەست لەسەر سینگ
دەشقم : بەشکوو ، شایەد
دەڵەچە : رووبین، خوێڕی
دەمارگیری : دەمارگرژی «**تعلّب**»
دەمەلاسکە : ئەدا و ئەتواری کەسێک دەرهێنان، لاساکردنەوە

دەوار : رەشماڵ، کوێن

## ر

راسان : راست بوونەوە بە نیازی شەڕو هەڵلا

راوگە : جێ ڕاو

ڕنەک : قەشە، ئاسنێکی ددانەدار و زوورە کە وڵاغی پێ دەخورێنن

رووبینی : ریا، مەرایی

رۆچنە : کونی دیوار یان سەربان کە تیشکی رۆژی پێدا دەچێتە ژوور، کولانە

رووشەڵ : پڕڕوو، ڕووهەڵماڵاو

رووگە : قیبلە

رەشانگ : شوێنێک کە بەفری نەگرتبێ یان بەفرەکەی چووبێتەوە

## ز

زات : وێران، نەترسان، غیرەت

زارۆک : منداڵ

زاکوون : زەفتورەفت، یاسا

زاو زوو : زاوو زێ، منداڵ بوونی زۆر

زۆزان : کوێستان، هەواری کۆچەران

زۆڵ : حەرامزادە، بێ شەرم و حەیا

زەنا : هەرا، چەقە

زەندۆڵ : قەلش، خڕو دۆڵی تەنگ

زیزانە : زیزان، دەنکێکی ورد و تاڵە لەنێو گەنمدا

## ژ

ژیلەمۆ : زیلەمۆ ، وردە ئاگری نێو خۆڵەمێش، تۆزی سەر سکڵی تازە دامرکاو، نەرمە تۆزی سەر باڵی پەپوولە

ژیاری : شارستانییەت، تەمەددون

## س

ساویلکە : سافیلکە، دڵ سادە

سایەقە : ساواق، سەرما و بەستەڵەک

سۆسە کردن : سۆراغ کردن، بە گومان دۆزینەوەی نهێنی

سۆنگە : لەبەر، هۆ، بەباری مەنفی دا، بۆ وێنە ئەگەر بمانهەوێ لە ڕووداوێک دا کەسێک تاوانبار کەین دەڵێین : «لە سۆنگەی تۆدا وام لێهات». بە واتایەکی تر هێنانی سۆنگە بە لانی موسبەت و ئیجابی دا هەڵەیەکی بەرچاوە، بۆ وێنە ئێمە ناتوانین بڵێین مرۆڤ لەسۆنگەی خویندنەوەی کتێبی کاک عەزیز زۆر لایەنی شاراوەی بەیتی کوردی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

سەحەت سووک : خوێن شیرین، لەبەر دڵان

سەربووردە : سەر بهۆرد، بەسەرهات

سەرچەوتی : نافەرمانی

سەرکۆنە : لۆمە، سەرزەنشت

سەرینچاوە : سەرچاوە

سەخرەتوڵڵا : ئەو بەردەی لە کابەتوڵڵا دایە، حجرە الاسود

## ش

شاز : هەڵکەوتە، سەرتۆپ

شکێر : قەڵشە بەردی هەراو

شەپۆڕ : شین و گریانی بە دەنگ بۆ مردوو

شەتەکدان : داپێچانی توند

شەڕانخێوی : غارغاردێن بە ئەسپ کردن لە مەیداندا

شەڕگە : مەیدان و گۆڕەپانی شەڕ

شەمۆلە : گوێ گرتنی ژنان بە شەو لە قسەی خەڵک بۆ بەخت و تاقی کردنەوە

شینکێ : نێوی عێلێکە نیزیک شاری سلێمانی کوردستان

## ع

عدەعد : گەرمە، جەرگە، کاتی دیاری کراو

## غ

غەزرین : مان گرتن، لە جێی خۆ نەبزووتن، زۆر تووڕەبوون
غەڵبە غەڵب : دەنگە دەنگ، زەنا زەنای حەشیمەت

## ق

قۆچاغ : چالاک، توند و تۆڵ
قۆزتنەوە : لەحەواگرتنەوە
قولاغ : لەسەر هەست بوون
قەرەبینا : جۆرە تفەنگێکی قوڵە بووە
قەرقەش : دوژواری و نارەحەتی ژیان
قەشان : قەشە، حەیوانی نێوچاوان سپی
قەنەفڵ : گەڵا و خونچەی ویشک کراوی گوڵی دارێکی زۆر بۆن خۆشـەو بۆ دەرمان دەشێ

## ک

کاراکتێر : دەورگێڕی سەرەکی، قارەمان، وشەیەکی لاتینییە
کاژێڕ : سووچ و قوژبن
کاو : ئاوات، کام
کاوڵاش : وێرانە،کاول
کڵاوڕژنە : ڕۆچنە، کولاوکە
کroوزانەوە : پاڕانەوەی زەلیلانە

کۆت : داری ئەستوور بۆ ملی گا و کەڵی غلوور

کۆڕژن : حیلەی تووڕەیانەی ئەسپ

کورکاندن : پرتە و بۆڵە کردن

کۆزیلکە بەستن : لە دەوری یەک وەکۆ بوون

کۆست کەوتوو : چاو رەش، بێ مراد

کوێن : پارچەی رەشماڵ

کەسیرە : لە سەرما تەزیو

کەلەکە گۆڕین : لاتەنیشت گۆرین، لەسەر تەنیشتێ چوونە سەر تەنیشتێکی تر

کەڵە : مڵۆزمی گیا،بەڵایەکە لە ڕەگی تووتن و بێستان دێتە دەر و ئیشکی دەکا

کەمووسکە : بڕۆکە، زۆر کەم

کەوڵە تیسکن : کەوڵی مەڕ یا بزن کە خۆش دەکرێ و لە سەری دادەنیشن، شاوی باسە کە لە رۆژگارانی کۆن دا بەسەر شانیان دادەدا

کەونارا : کۆن، باستانی

کێلیژە : جگە لە ماناکانی فەرهەنگی (ە ـ ب) لەبەشی مەنگوڕایەتی سەر بە شاری مەهاباد و ناوچەی گەورکایەتی (باشووری رۆژهەڵاتی مەهاباد) بۆ ئاخنینی «رەشکە*»ی کا لە سێ دولکی دار

* لە کەندری چندراوی رەش دروست دەبێ و کونەکانی ٤ و ٥ سووچن

بە بەرزایی یەک هەتا یەک ونیو گەز کەڵک وەردەگیرێ، بەم سێ دولکە دەڵێن کێلیژە

## گ

گاز کردن : بانگ کردن، بە چوار دەنگان گازی کردمی : چوار جاران بانگی کردم

گازندە : گلەیی، شکایەت

گراوی : ماشقە، دڵبەر

گرێژنە : پاژنەی دەرگا، ژێر رەسمە

گل دران : هەڵدێران، خزین و لوور بوونەوە بەرەو لێژی

گۆ : ئاخافتن، گفت و گۆ

گۆ : بەرۆک، ریزە دوگمەی زێر و زێو کە لە پێسیر دەدرێ

گووران : رەگ داکوتان، روح هاتنەبەر و دروست بوون

گووژان : کوژران

گوڵمیخ : بزماری زل لە دار یان ئاسن

گۆمەڵ : گۆلمەز، زەنازەنا

گوێن : رەنگ، چەشنی، وەک

گەوە : قەداوقەدی کێو، بڵیندی و نزمی لە زەویدا

## ل

لابێر : کەسێ کە مەڕ بۆ «بەربێر» واتا مەڕدۆش هەڵدەکا

لاوەکی : خەڵکی دەرەوە، بێگانە

لوولە شەشخان : نێوی جۆرە تفەنگێک بووە

لەحسا : شوێنێکی نادیارە کە لە هەندێ بەیتی تریش دا هاتوە، بەیتبێژ لە هەموان دا بە شێوەیەکی رەمزی لێی دەدوێ، بە چەشنێک کە هەر کەس رێی تێکەوتووە نەگەڕاوەتەوە و تێدا چووە. لە فەرهەنگی موعین لاپەڕەی١٠٢دا هاتووە : احسا = الاحسا = لحسا ـ ناوچەیەکە لە رۆژئاوای کەنداوی فارس و رۆژهەڵاتی دوورگەی عەرەبستان.

لە دەور وەرووکان : لە دەوری کسێ یا شتێ خڕبوونەوە

لە زۆر ئاودان : کینایەیە بۆ بە ئەزموون بوون و لەکڵ هاتنەدەری کەسێ

لە لاق وەراندن : خێرا و بە پڕتاو رۆویشتن

لەنگێزە : بارانی توند بە «با»وە

لیژە : بە لەسەریەک دانانی چەند مەڵۆ لیژەیەک دروست دەبێ

## م

ماکە : بنەما، مادده

مسۆگەر : حەتمی

مشوور : سەلیقەی کار پێک هێنان

مەیتەر : خزمەتکاری ئەسپ

میجاز : خوو و خدە، قەول و پەیمان
مێرخاس : پیاوی چاک، ئازا و رەشید، جوانچاک

## ن

ناسکە ساڵ : ساڵی حەساس
ناوئاخن : شتێک کە دەخرێتە ناو شتێکی ترەوە. ناو ئاخنی سەنیر تووکە
نرخاندن : هەڵسەنگاندن، نرخ بۆدانان
نگریس : چەپەڵ، دزێو، ف : منحوس
نواڵ : نێوان دوو گردی بچووک کە بەفری درەنگ بچێتەوە و گیای درەنگ لێ بڕوێ
نووسندە : نووسەر
نەتەوی : دوژمن
نێرەدیزکەر : ناسناوی باب یان دایکی کوڕی تۆڵە هەستێن لە دەقێکی تری بەیتی «کاکە میر و کاکە شێخ»دا، کوڕی مێرە دەسکەر هاتووە
نێرەوەز : نێرخوڵقاو، پێچەوانەی مێ

## و

ورینگە : نارەنار، گۆرانی لە ژێر لێوان
وڵسات : وڵاغی بەرزە

وەروێرکە : وەرگێڕکە، منداڵێ کە کاری پێ بکرێ و لەبەر دەستان بێ و بچێ، بەردەست

## ھ

ھاولفی : دۆستایەتی

ھاوێر کردن : جوێ کردنەوەی کاریلە و بەرخ لە دایکیان

ھەڕەت : جەنگە

ھەڵپریواندن : بە وردی رژانە خوار، پریواندن

ھەڵتووکان : ھەڵتووتەکان، ھەڵترووشکان

ھەڵکوتانە سەر : ھەڵکردنە سەر، پەلاماری بە زەبرو خێرا

ھەنیە : نێوچاوان، تەوێڵ

## ی

یەختەرخان : یەختەخان، تەویلەی ئەسپان

یەکانگیر : لێک ئاڵقانی دوو کەس لە نەکاو و لە مەودایەکی کەم دا، بە یەک گەییشتنی دوو کەس لە شوێنی دیاریکراو